ئاینده

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئاییندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات
گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا

ژمارە (٢) پاییزی ٢٠٢٠ز ١٤٤٢ك ٢٧٢٠ کوردی

گرنگی خێزان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا

ڕۆڵی ئاین و یاسا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا

کەمبوونەوە و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگا

ڕوانینێکی پەروەردەیی بۆ چەمکی هاوسەر

قەیرەیی لە نێوان قەدەری تاك و نەریتی کۆمەڵگادا

دیدێکی کۆمەڵناسی بۆ پرسی هاوسەرگیری و گرفتەکانی

تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا

حکومەتی هەرێم و ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی

ئایندە

گۆڤارێکی فیکریی ڕۆشنبیریی وەرزییە، سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە دەری دەکات
گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا.
ژمارە (٢) پایزی ٢٠٢٠ز - ١٤٤٢ ك - ٢٧٢٠ کوردی

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر
د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی
(Ahmadwerti@yahoo.com _ 07504486227)

بەڕێوەبەری نووسین
ڕێکان تەحسین ساڵەیی
(Rikan.tahseen@gmail.com _ 07507264864)

بەڕێوەبەری هونەری
رابەر ئحمەد وەرتی
(Rabar33@yahoo.com_ 07503258733)

دەستەی نووسەران

یاسین عەبدوڵڵا وەرتی　　　هەردی ئەنوەر

ڕاوێژکاران

پ.ی.د. عوسمان عەلی　د. عبدالرحمن صالح میران　نایف ئەحمەد محی الدین شێخانی
عەلی ئیبراهیم حەسەن

ناوەڕۆک

گرنگی خێزان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا	٤
ڕووانینێکی پەروەردەیی بۆ چەمکی «هاوسەر»	٧
ڕۆڵی ئاین و یاسا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بە تایبەت لە سایەی نەبوونی پەروەردەی دروست و بوونی میدیای نابەرپرس و ونبوونی ئامانجی هاوسەرگیریدا	١٤
کەمبوونەوە و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگا	٢٦
پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان سیستەمی ئیسلامی و جیهانگیری سەرمایەداری	٣٦
قەیرەیی لە نێوان قەدەری تاك و نەریتی کۆمەڵگەدا	٤١
کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی	٥٥
دیدێکی کۆمەڵناسی بۆ پرسی هاوسەرگیری و گرفتەکانی..	٥٨
جیابوونەوە بە هۆکاری هێنانی ژنی دووەم	٦٨
تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا	٧٤
چەند نیگا و دیدگایەك لەسەر فەرموودەی«مَنِ ابْتُلِيَ مِنَ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ فَأَحْسَنَ إِلَيْهِنَّ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ»	٧٨
فەلسەفەی چەند ژنی لە دیدی د.موستەفا زەڵمی و سەرنجێك	٨٦
حکومەتی هەرێم و ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی	٩٣
پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر پەتی لە بارەی پەروەردە و دەروونزانیی و ئەدەبیاتی منداڵان بۆ گۆڤاری ئاینده دەدوێت	٩٧
القضية الكوردية في معاهدتي (سيفر ولوزان)	١٠٨
هل الكورد والأرمن أصدقاء أم أعداء ؟	١١٢

ئیمەیڵ: AyndaCenter2012@gmail.com | دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕابەر ئەحمەد وەرتی

ناونیشان: هەولێر – کورانی عەنکاوە، تەنیشت مزگەوتی حاجی یاسین.

تەوەری ژمارە

کەمبوونەوە و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵ

گرنگی خێزان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگا

پ. ی. د. بەختیار کەمال تاڵەبانی

پرۆفایل:

د. بەختیار کەمال تاڵەبانی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبواری ڕادیۆلۆژی (تیشک و سۆنەر).

مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکی بەختیاری/سلێمانی.

دەرچووی کۆلیژی پزیشکی سلێمانی ٢٠٠٣

دکتۆرا لە بواری تیشک و سۆنەر ٢٠٠٩

ڕاهێنەر لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی.

- خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگایە و گرنگترین پارچەی کۆمەڵگەیە نە ئامێری دورستکردنی منداڵە، نە مەیدانی تێرکردنی ئارەزووە جەستەییەکان، کە لە دوو هاوسەر پێکدێن و لەسەر بنەمای بەها ڕەوشتیەکان مامەڵە لەگەڵ یەکدا دەکەن لە لوتکەی (مودة و رحمة) نەرم و نیانی سەیری یەك دەکەن.

- خێزان لانکەی نەوەی داهاتووە لە باوەشی بەسۆزی خێزاندا پەروەردەیەکی جوان و ڕەسەن دەکرێت ئەم تاکەشی هەڵگری ئەو پەروەردەیە دەبێت و لە داهاتوودا خێزانێك بەهەمان پەروەردە دروست دەکات و لە کۆتاییدا (کۆمەڵگەیەکی پەروەردەکراو و تەندرووست دروست دەبێت).

- دروستبوونی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە گۆڕانکاری لە تاك و خێزاندا، (کەماڵ)ی هەر نەتەوەیەك لە خێزانەکانەوە دەست پێدەکات، پەروەردە بۆ ئەوەی هەمیشەیی بێت، پێویستە لە خێزانەوە دەست پێ بکات گەر خێزان لەسەر بنەمای پەروەردە دانەمەزرێت هەرگیز کۆمەڵگەش خاوەنی پەروەردە نابێت.

> **„ خێزان لانکەی نەوەی داهاتووە لە باوەشی بەسۆزی خێزاندا پەروەردەیەکی جوان و ڕەسەن دەکرێت**

- گەرچی سیاسەتێکی پەروەردەوفێرکردنی بێ کەم و کوڕی زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی نموونەیی، بەڵام دیسان لە ڕووی ئەوشتانەوە کە بەخشیونی و لەداهاتووشدا دەیانبەخشێت، خێزان گرنگی گەورەی خۆی هەیە.

- پەیوەندی نێوان خێزانەکان و بەهێزکردنی خۆشەویستی نێوان خێزانەکان و جێگیرکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارە بۆ دروستبونی کۆمەڵگایەکی وابەستە بەیەکەوە و بەهێز و بەختەوەر.

- خێزان بنەمای پێگەیاندنی منداڵە لە ڕووی کەسایەتی و دەروونیەوە، وە هەروەها خێزان ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا ڕێك دەخات بەتایبەتی لە تەمەنی (٥-١٠)ساڵی یەکەمدا کە بەڕای زۆربەی پسپۆڕانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەم ماوەیە بۆ دروستبوونی جۆری کەسایەتی تاکەکان زۆر گرنگە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە لە سەردەمیانەترین فۆڕمی خێزاندا توانیویێتی چوار ئەرکی گرنگ لەخۆبگرێت و بیپارێزێت:

١. ئەرکی بایەلۆژی.
٢. ئەرکی دەروونی.
٣. ئەرکی کۆمەڵایەتی.
٤. ئەرکی ئابووری.

- زانا ئۆگست کۆنت: خێزانی وەك یەکەمین شانەی کۆمەڵگا ناساندووە وە دەڵێت یەکەم شوێن و خاڵی دەستپێکە بۆ گەشەسەندن و ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتیە سروشتیەیە کە تاکی تێدا دورست دەبێت، وە بەنیزامێکی بنچینەیی و گشتی دادەنرێت کە بەبوونی بەردەوامی کۆمەڵگە گرنگی دەبێت هەر ئەمەشە وایکردووە کە خێزان لە هەموو دام و دەزگاکانی تری کۆمەڵگە گرنگتربێت.

- پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ کۆمەڵگە زۆر گرنگە، وەخێزانیش ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە کاریگەرەیە کە بەبەهێزکردنی پەیوەندی نێوان چەمکی خێزان و پڕۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی گەرەنتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەکرێت.

- توانای تاکەکانی کۆمەڵگە لە خێزانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت جا کاتێك خیزانەکان ئەندامەکانیان وا ڕابهێنن کە بۆ کۆمەڵگەکەیان هێندە کاریگەر و هێندە گرنگن، بەدڵنیاییەوە ئەو فەزایە لە هزریان دەخولقێ کە ئەوان دەتوانن ئەو کارە بکەن کە تاکەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ئەنجامیانداوە و بەرهەمەکەشی لە خۆشگوزەرانی و (ڕەفاهیەت)ی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەچننەوە.

- لە کۆتاییدا (تاك - خێزان - کۆمەڵگە) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە، هەر تاکە کۆمەڵگە دروست دەکات و کۆمەڵگەش لە تاکەکان و خێزانەکان پێکدێت جا خێزان هەڵگری هەر بیر و بۆچونێك بێت و کۆمەڵگەش هەڵگری ئەو بۆچوونەیە وە هەتا تاکەکان دووربن لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەوە کۆمەڵگەیەکی ساغ و دروست دێتە ئاراوە، پێویستە کار لەسەر تاکەکان بکرێت و بەرەو پێش ببرێن تاکو خێزان و کۆمەڵگە و وڵات بەرەو پێشکەوتن و ئارامی هەنگاو بنێت.

> **هەتا تاکەکان دووربن لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەوە کۆمەڵگەیەکی ساغ و دروست دێتە ئاراوە، پێویستە کار لەسەر تاکەکان بکرێت و بەرەو پێش ببرێن تاکو خێزان و کۆمەڵگە و وڵات بەرەو پێشکەوتن و ئارامی هەنگاو بنێت.**

ڕووانینێکی پەروەردەیی بۆ چەمکی «هاوسەر»

بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ

پرۆفایل:

بوخاری عەبدوڵڵای قەسرێ، لەدایکبووی١٩٩٠ی شاری هەولێرە، بەکالۆریۆس و ماستەری هەیە لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، قوتابی دکتۆرایە لە هەمان پسپۆڕی، مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین، هەروەها لە زانکۆکانی (تیشك) و (نۆلج) و (ئەڕبیل) وانەی وتۆتەوە، نووسەری کتێبی(لەدەرەوەی سندوقەکە بیر بکەرەوە)، دامەزرێنەری یەکەمین پێشبڕکێی دیبەیتی زانستی زانکۆکانی کوردستانە.

هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان بەرلەوەی پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری بن، ڕەهەندێکی پەروەردەییانەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. مرۆڤ لەنێو خێزاندا باردەهێنرێت و پێدەگەیەنرێت و پەروەردە دەکرێت، پاشان بەنێو ڕۆڵگێڕانی بەرپرسیارییەتی پێکهێنانی خێزان شۆڕدەبێتەوە و، دەکەوێتە نێو واقیعی دروستکردنی خێزانی نوێ. بۆیە بینینی هەر خێزانێك لەڕووکەشە کۆمەڵایەتییەکەیدا، پاشخانێکی دوورتری دەروونیانەی پەروەردەییانەی هەیە کە ڕەنگە ئەگەر بەچاوی توێکاری و لێوردبوونەوە تەماشای نەکرێت، نەبینرێت و نادیدە بگیردرێت. بەڵام پەروەردە هەمیشە لەگەڵ جەوهەری «مرۆڤبوون» دا یەکانگیرە و پێکەوە ئاڵاوەو لێکجیانابنەوە، بۆیە هەر قۆناغێك لە ژیانی مرۆڤدا ئیستێکی پەروەردەییە و، ئەنجامی حاڵەتێکی پەروەردەییە، جا چ بە ئاگایی بێت، یاخود بە نائاگایی. مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆدۆزەرەوەی خۆبنیاتنەرەو لەڕێگەی پەروەردەکردنی خودی خۆیەوە قۆناغە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، یان بینا دەکات. هاوسەرگیریش پشکێکە لەم قۆناغبەندییەو نمونەیەکی بەرجەستەیی ئەم تێزەیە. جا بەم بۆنەیەوە، ئەم کورتە توێژینەوەیە، هەوڵدەدات لە سادەترین پێوەندیدا پەروەردە و کەسایەتی هاوسەر، لە هەردوو ڕەگەز- وەك مرۆڤێك کە ڕۆڵی پێکەوەنانی خێزان دەگێرێت، پێکەوە گرێبدات.

> **❝ بە ئەندازەی سەختیی تێگەیشتن لە ناخ و جەوهەر و کەسایەتی فرەڕەهەندی مرۆڤ، تێگەیشتن لە چەمکی هاوسەر ئاڵۆز و قورسە**

توێژینەوەکەم لە (پێنج) خاڵاندا بە گوشراوەیی دەخەمە بەرچنگ:

یەك: نابێت ئەو ڕێبیر —پرانسیپ-ە فەرامۆش بکەین کە مرۆڤ لە بوونە بنەڕەتییەکەیدا کائینێکی فرە ڕەهەندە. ناشێت تەنێ لە یەك دەلاقەی سادەدا ببینرێت و، لەڕاستیشدا وا بەسێنایی پێناسەی مرۆڤ ناکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کە مرۆڤ بەرلەوەی لاشەیەکی فیزیکی بێت، بوونەوەرێکی رۆحییە، وە بەرلەوەی هۆش و ئەقڵێکی بیرکەرەوە بێت بوونێکی سۆزدارانەی پڕ لە هەست و خوستە. پێش ئەوەش کە وەدیهێنراوێکی مۆڕاڵ و ڕەوشتدار بێت، مەحکومە بەوەی کە کۆمەڵبەند و کۆمەڵایەتییە (بڕوانە **Modise 2_3**).

جا کاتێك تۆ دێی قسە لەسەر «هاوسەر» دەکەی، پێش هەموو شتێك دەبێت وەك (مرۆڤ) ێك لێی بڕوانی، وە دەبێت لەوە حاڵیی ببیت کە بە ئەندازەی سەختیی تێگەیشتن لە ناخ و جەوهەر و کەسایەتی فرەڕەهەندی مرۆڤ، تێگەیشتن لە چەمکی هاوسەر ئاڵۆز و قورسە. چونکە مرۆڤ لە هەر چرکە ساتێکدا دەشێت ڕۆڵێکی جیاواز لەم ڕۆڵانەی سەرەوە وەربگرێت و پێیەوە کارتێکراو بێت، یان خۆی تێدا بدۆزێتەوەو تێیدا بمێنێتەوە. دەشێت بابای هاوسەر لە هەمبەر مامەڵەکردنی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چەقی گرنگیپێدانەکەی (لاشە) بێت، یان (ڕۆح) یاخود (هەست و سۆز) یان (سیستەمە مۆراڵییەکان) بێت. لێرەوە لە هەمبەر هەر چەمکێك لەمانە، خۆمان لەبەردەم مرۆڤێکی جیاواز لەوانی دی دەدۆزینەوەو، پێناسەکانیشمان دەگۆڕێن.

دوو: لەژێر ڕۆشنایی خاڵی پێشوودا، مرۆڤ بۆیە هاوسەر بۆخۆی پەیدا دەکات، یاخود باشتر بڵێین

مرۆڤێکی دی قبوڵ دەکات بە هاوسەر و هاوژین، چونکە لە ناخی مرۆڤدا پێویستیی و حەوجێپێبوون و خواستێکی بنەڕەتیی هەیە بەوی دی. ئێمەی مرۆڤ لە بوونە (تەنیا) یەکەماندا ناکام و سست و ناکاراین، مرۆڤی دیکە ئێمە تەواو دەکات (بڕوانە توێژینەوەی **Furstenber**).

واتە لەدەرەوەی (من) دەبێت بوونێکی دیکە هەبێت کە (من) پێویستی پێ هەیە، جا ئەو پێویستیە دەشێت پێوەکاریگەربوون بێت یاخود لاواندنەوەو سۆزدارییی، غەریزە و سێکس، خۆراکی مەعنەوییی و گیاندروستیی، یان پشتپێبەستن و دەستبارگیری و بژێو ڕەخساندنی هاوبەش بێت. لە هەرکام لەم حاڵەتانە و هیدیکەش، مرۆڤ دەیەوێت لەگەڵ مرۆڤێکی دیکەدا هەڵبکات و نیوەی ژیانی خۆی لەگەڵدا کەرت بکات، تا نیوە تەواونەکراوەکەی یەکتری بە پێکەوەیی پڕ بکەنەوەو، کەلو وێنجی ژیانی یەکتری بگرن (بڕوانە لا١٧-٩ **Kristin Moore**). بۆیە هاوسەر لە واتا هەرە سەرەتاییەکەیدا بریتییە لەو مرۆڤەی کە هاوتەریب بە مرۆڤێکی دیکە بە یەك ڕێدا دەڕۆن، لە هاوبەشی ژیانیاندا پێویستییە دەروونی و جەستەییەکانی یەکتری دابین دەکەن. هەر ئەمەشە وایکردووە کە هاوسەرگیریی بە درێژایی مێژوو خواستە هەرە بنەڕەتییەکەی مانەوەی مرۆڤ بووە لەسەر زەمین (بڕوانە لا٣١- ٢٠**Westermarck**).

لێرەشەوە دەشێت بڵێین کە مرۆڤ لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی هاوسەرگیریی قۆناغێکی باش لە (خودسەنتەری) و تەنیا خۆبینین دێتە دەرەوەو، لەگەڵ (ئەویتر) ڕێڕەوی هاوبەشی ژیان دروستدەکات کە چەقی گرنگیپێدانەکەی تەنها خۆی نابێت، بەڵکو ئەویتریش دەبینێت. چونکە دەزانێت کە هەم ئەو و هەم ئەویدیش پێویستییان بە یەکتری هەیە. بۆیەش لەم سۆنگەیەوە (پێویستپێبوون) دیاردەیەکی هەرە باڵای پەروەردەییە کە ئێمەی مرۆڤ بەوانیدیکە دەبەستێتەوە، وە پەروەردەمان دەکات، ناخ و ناوەڕۆکمان دەگۆڕێت و، گۆڕانکاریی بەسەر شێوەژیانماندا دەهێنێت. بیرکردنەوەکانیشمان لە بێژینگ دەدات.

> **مرۆڤی هاوسەر تەنها ئەو مرۆڤەی ئێستا نییە، بەڵکو مرۆڤێکە کە دوای چەندین ساڵ گەورەبوون و پەروەردەبوون و فێربوون و ئەزموونکردن و دیتنی هەوراز و نشێو لە ژیانیدا کەسایەتییەکی دیاریکراوی بۆ دروستبووە ❞**

سێ: مرۆڤی هاوسەر لە کەسایەتییەکەیدا مرۆڤێکی پەروەردەکراوی ڕاهێنراوی پێگەیشتووە، جا کەسایەتییەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی. واتە ئەو مامەڵە هاوسەرگیریانەی کە لە ژیانە کۆمەڵایەتییەکەیدا پێی هەڵدەستێت ئەنجامن بۆ کاراکتەر و کەسایەتییەکەی، وە لە ئەنجامی ئەوەوەیە کە پێشتر کەسایەتییەکەی داتاشراوەو، بوونە دەروونییەکەی فۆرمەڵە کراوە. کەسایەتی مرۆڤیش بە تێپەڕینی کات و کاریگەرییە ڕۆژگارییەکان دادەڕێژرێت (بڕوانە .**Matt Mcgue & Thomas J Bouchard Jr**). بۆیە بۆ وێنە کاتێك تۆ مامەڵە لەگەڵ کەیسی هاوسەرێکی توندوتیژ، سەرەڕۆ، دڵپیس، بێهیوا، دەستەپاچە، لاواز، ...هتد، دا دەکەی پێش ئەوەی ئەو هاوسەرە وەك «هاوسەر» ببینی، دەبێت وەك «کەسایەتی» و مرۆڤێکی خاوەن کاراکتەر سەرنجی لێ بدەی. چونکە بە سروشتی خۆی

مامەڵەکانی لە ژیانی هاوسەرییدا ڕەنگدانەوەی کەسایەتییە ئینسانییەکەیەتی. وە ئەو کردار و هەڵچوون و داچوونە هاوسەرییانەی کە هەیەتی لە سۆز و بیرکردنەوەکانیدا ڕەگ و ریشاڵی قوڵتریان هەیە لە ناخ و کەسایەتییەکەیدا (بڕوانە لا ٦-٩ **Christina B Gee**). بۆیە مرۆڤی هاوسەر تەنها ئەو مرۆڤەی ئێستا نییە، بەڵکو مرۆڤێکە کە دوای چەندین ساڵ گەورەبوون و پەروەردەبوون و فێربوون و ئەزموونکردن و دیتنی هەوراز و نشێو لە ژیانیدا کەسایەتییەکی دیاریکراوی بۆ دروستبووە، وە لەڕێگەی کەسایەتییەکەشیەوە ئاکارەکانی دیاریدەکات.

هەر بەم هۆکارەش، سەرنج دەدەی مرۆڤی هاوسەر بڕێکی زۆر لەو سیفەت و ئاکارانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوسەریی تایبەتی خۆیدا لێی دەبینرێن، لە ژیانی پیشەییەکەشیدا کەم تا زۆر ڕەنگدەداتەوە، چونکە ئەوە شێوازی پەروەردەکردنی کەسایەتییە (خودیی)یەکەیەتی کە باڵی کێشاوە بەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانیشی و، تەنیا لە کایە کۆمەڵایەتیەکەیدا قەتیس نەبووە. توێژەران لەمبارەیەوە سەرنجیانداوە کە زۆربەی جار - نەك هەمووجار- مرۆڤی ئەرێنی و خاوەن کەسایەتی دروست تەنیا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا ئەرێنی نین، بەڵکو لە ژیانی پیشەیی و کرداریی ڕۆژانەییشدا بەو چەشنەن (بڕوانە لا ٢- ١٢ **Turliuc**) .

چوار: بڕێکی زۆر لە کێشەکانی هاوسەران دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەنەکردن و دواجار کۆنترۆڵنەکردنی هەست و سۆز و هەڵچوونە ئینسانییەکان (بڕوانە لا ١ **Bloch**). بۆیە ئەم دەلاقەیە هەم دیسان وێنەیەکی پەروەردەیی نیشانی ئێمە دەدات.

مرۆڤی هاوسەر لە هەمبەر هەر وێستگە و ئاریشە و گۆڕانە خێزانییەکان لەگەڵ مرۆڤەکەی دیکەدا کە هاوسەریەتی پەنا دەباتە بەر هەژماری بانکی هەست و هەڵچوون و داچوونەکانی (ناخ) ی خۆی. هەڵبەتە دەشێت لێرەدا بە هەژمارێکی بانکیی لێی بڕوانین چونکە هەڵچوونە سۆزدارییەکانمان کەم و زۆر دەبن و، گۆڕانیان بەسەردێت و، لە ئاتاج و پێویستیشماندا پەنایان بۆ دەبەین. ڕوون و ئاشکراشە کە یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی پەروەردە بریتییە لە وێناندن و داڕشتەکردنی هەستەکانمان، پەروەردە کار لەسەر ڕوواندن و چەکەرەپێدان و پاڵفتەکردن و برەودان و بڕین و لادانی هەستەکانمان دەکات، ئێمە کە پەروەردە دەبین لە گۆڕانی هەمیشەیی سۆز و هەستەکانمان دەبین، وە خواستێکی هەرە پەروەردەییە لە ژیانی تاکدا کە بتوانێت هەستەکانی خۆی بزانێت و، لەگەڵیاندا هەڵبکات (بڕوانە لا ١- ١٥ **Zins& Elias**).

ئیدی بەم پێوودانگە، مرۆڤی هاوسەر لە حاڵەتی نیشاندانی هەر سۆز و هەستێك (وەکو خۆشەویستی، ڕق، تووڕەیی، هێوربوونەوە، ئاشتی، شەڕ، میزاجپەستیی، خۆشمیزاجیی، ئێرەیی، شانازییکردن...هتد) بەرانبەر هاوسەرەکەی، تەنیا هۆڕمۆنە مێشکییەکانی دەرنادات، وە تەنیا عەتفە ئینسانییەکانی نیشانناداتن، بەڵکو مومارەسەیەکی هەقیقی پەروەردەیی دەکات، لەوەدا کە چۆن (خود)ی خۆی ڕاهێناوە و بوونی خۆی پەروەردە کردووە، یان باشتر بڵێم پەروەردە کراوە. ئەم باسە پێوەندیدارە بە ژینگە و کۆمەڵگەشەوە، ئینسانێك کە لە ژینگەیەکی نەرم و دیموکراتییانە (خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە) بارهێنرابێت و پەروەردە کرابێت، لە ئاستی ژیانە هاوسەرییەکەشیدا دەتوانێت کۆنترۆڵێکی دروستی هەڵچوون و هەستەکانی بکات، چونکە هەم پێیان ئاشنایە و هەمیش پێشتر لەگەڵیاندا ڕاهێنراوە. بەڵام مرۆڤێك کە لەشێوەی چەپاندن و سڕکردنی هەستەکان، یاخود

بێدەنگکردن و پاسیڤکردنی هەستەکانی گەورەکرابێت، ناتوانێت وا بەخێرایی لە ژیانی هاوسەرگیریدا مامەڵەی تەندروست لەگەڵ هەستەکانی بکات، بۆیە زۆرجار وەکو بازنەی دووبارەبوو هەمدیسان ئەو مامەڵە نەشیاوە هەستەکییانەی کە لە خێزان وژینگەکەیدا لەگەڵی کراوە، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئەنجانی دەدات، وە بگرە منداڵەکانیشی لەسەر پەروەردە دەکات. بڕێك توێژینەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەو هاوسەرانەی لە پەروەردەی منداڵییاندا کێشەی هەست و سۆز و مامەڵەی دەروونییان هەبوە، جا کە گەورە بوونە، لە ژیانی هاوسەرییاندا دووبارە بە وێنەی دیکە دێتەوە بەردەمیان و گرفتیان بۆ دروستدەکات (بڕوانە **Hasniza Ibrahim**). بۆیە هەمدیسانەوە چەمکی (هاوسەر) بە قوڵیی پێوەندیدارە بە پەروەردەوە.

پێنج: ڕێژەی زانین و نەزانین، هۆشیاری و ناهۆشەکیی، پێوەندییەکی دووجەمسەریی ڕاستەقینەیان هەیە لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤی (هاوسەر). بۆیەش لەژێر رۆشنایی خاڵی سەرەوە، مرۆڤی هاوسەر لە مامەڵە هاوسەرگیریەکەیدا لەگەڵ مرۆڤەکەی دیکە پابەند و مەحکومە بەوەی (چەند) دەزانێت! و (چۆن) یش درك بەوە دەکات کە چەند دەزانێ و هۆشیارە. وە (لەکوێ) دا ئەو زانینەی ممارەسە دەکات.

مرۆڤ لە فێربوونێکی دەوڵەمەندتری ئەزموونەکانی ژیاندا، وە سوود وەرگرتن لە کەڵەکەکردنی زانیاری (وە هۆشیاریش بەو زانیارییە)، دەتوانێت باشتر کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دابتاشێت. بۆیە مرۆڤی «زۆر زان» باشتر چاو و گوێچکەی کراوەتەوە لەبەرانبەر ئەوەدا کە وێنە گشتییەکەی ژیان چلۆن دەبینێ؟ دەزانێت ئاریشە و کێشەکانی ژیان چین؟ وە چۆنیش لەهەمبەر هەرکامیاندا ئەتوانێت ژیرانە و هۆشمەندییانە مامەڵە بکات. بەپێچەوانەشەوە، مرۆڤی «کەمزان» ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کە کێشەکانی لە ژیانی هاوسەرییدا پتر بن. بۆیە لێرەدا «هاوسەر» بوون، پابەندە بە «هۆشمەند» بوونیشەوە! مەسەلەی کەمی و زۆری هۆشیاری لە ئاستە ژیرییەکەی مرۆڤدا ڕۆڵی باڵا دەگێڕن لەوەدا کە مرۆڤ چ جۆرە هاوسەرێك دەبێت بۆ هاوژینەکەی (بڕوانە **Patricia Noller**).

هەڵبەتە لێرە مەبەستمان (خوێندەواری) و (بڕوانامە) و (پلەی ئەکادیمی) نییە، چونکە ئەگەر ئەم حاڵەتانە پێوەریش بن -لانیکەم لای هەندێك کەس- بۆ پێوانەکردنی ئاستی هۆشیاری مرۆڤ، ئەوا لە مەسەلەی هاوسەرگیریدا ڕەنگە وا ئاسان و ڕاست نەبن. بگرە ڕەنگە بەپێچەوانەشەوە بن، دەشێت هەبوونی هۆشیاری تەنیا بەم پێوەرە خێرایانە نەبەستینەوە، وە مرۆڤی هۆشیار بە شتی دیکەی قوڵتر لەمانە بناسینەوە کە زیاتر سیستەمی ئاکاریی دنیابینی و جەوهەر و هۆشی مرۆڤ دەگرێتەوە. مرۆڤ دەگونجێت زۆر «بزانێت» وەك زانیاری ڕووت و ئابستراکت و ژمارە، بەڵام لە هەمبەر مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم زانیارییانە «هیچ نەزانێت» و دەستەپاچە و کۆڵەوار و تەنانەت نەخوێندەواریش بێت. بۆیە مەسەلەی خوێندەواری و نەخوێندەواریی، لەم نوسینەمدا، ئەوبازنە تەکنیکییە ناگرێتەوە کە ئاخۆ ئەو کەسە توانستی خوێندنەوەی هەیە یان نا، یاخود بڕوانامەی هەڵگرتوە یان نا. بەڵکو خوێندەواریی لێرەدا بە مانا قوڵترەکەی (خودناسین) و (بەرچاوڕوونی) و (هۆشداریی) لێکدەبەستینەوە (دەشێت بگەڕێیتەوە سەر توێژینەوەی **Richard J Klimoski**) . دەشکرێت ئەم خودناسین و هۆشیارییە بوونێکی پەروەردەیی خێزانی و مرۆیی و ئەخلاقیی فرەوانتر بن.

وە لەم ڕێیەشەوە، هاوسەری هۆشیار لەم نوسینە یەکسان ناکەین بە هاوسەری خوێندەواری بڕوانامەدار، چونکە دەشێت هەرکام لەم دوو چەمکە بە تەنیا بوونیان هەبێت، بەبێ ئەوەی ئەویتریان لەبەرانبەریدا هەبێت. واتە دەشێت هاوسەرێك هۆشمەندانە و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ پرۆسێسی ئاڵۆزی هاوسەرگیریی بکات و، بتوانێت لەگەڵ وەردەکارییەکانیدا هەڵبکات و مامەڵەکانی ژیانی تایبەتی خۆی لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی هۆشەکیانە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەبێ کاردانەوە سۆزدارییە کاتییەکان، بەڵام دەشێت نە خاوەنی بڕوانامە بێت و نە خوێنەرێکی جددیش بێت! وە بەپێچەوانەشەوە دەکرێت مرۆڤێکی خاوەن بڕوانامە و پێگەی ئەکادێمیش لە ئاستە پیشەییەکەیدا پەرواز چووبێت، بەڵام ئاکارەکانی لە وێستگە خێزانیی و هاوسەرییەکانیدا کێشەی زۆری تێدا هەبێت و بگرە ناسەرکەوتووش بێت.

بۆیە، نە مەسەلەی خوێندنەواری و بڕوانامە وا بەئاسانی ڕاستەوانەن لەگەڵ هەبوون و نەبوونی (هۆشیاری)، وە نە مەسەلەی زانین و نەزانینی زانیاریی ڕووت یەکسانن لەگەڵ ئاستی کەسایەتیی مرۆڤی هاوسەر. پێوەرەکان دەشێت ئەمانە بن، و دەشێت ئەمانەش نەبن. بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا، ئەگەر وردتر لە مرۆڤی (هاوسەر) بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو بنەمایەی کە خودئاشنایی، زانین بە ڕەهەندەکانی ژیان، خودچاودێری، خۆپێگەیاندن، هۆشدۆستیی، موتالاکردن و خۆپێگەیاندن، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤە چ جۆرێك دەبێت لە هاوسەر. نکوڵیش لەوە ناکرێت کە پەروەردە چەندە کاریگەریی هەیە لەسەر ئەم حاڵەتانەی ئاماژەمان پێدان.

ئەگەر وردتر لە مرۆڤی (هاوسەر) بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو بنەمایەی کە خودئاشنایی، زانین بە ڕەهەندەکانی ژیان، خودچاودێری، خۆپێگەیاندن، هۆشدۆستیی موتالاکردن و خۆپێگەیاندن، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤە چ جۆرێک دەبێت لە هاوسەر

پوختە و ئەنجام:

پەروەردە، وەك پرۆسەیەکی هەرە کاریگەری بیناکردنی جەوهەری مرۆڤ، خۆی دەخزێنێتە نێو کایەی هاوسەرگیریی، وە لە بناخەدانانی کەسایەتی مرۆڤی هاوسەر ڕۆڵێکی هەرە کارا دەگێڕێت. بۆیەش لە هەست و نەست و هەڵچون و ڕێبازی دنیابینی و بیرکردنەوە و ئاکار و ئەدگارە ئینسانییەکانی مرۆڤێك کە پێی دەوترێ (هاوسەر)، جا چ نێر بێت یاخود مێ، شێوەی پەروەردەکردنی ئەو مرۆڤە لە پێشوەختەدا هەرە گرنگە، کە نابێت بەنادیدە بگیردرێت و دەبێت بە قوڵی توێژینەوەی لەسەر بکرێت. مرۆڤی هاوسەر هەم پێشتر پەروەردەکراوە، هەم ئێستا لە شێوەژیانە هاوسەرگیرییەکەیدا لە پەروەردەکردنی بەردەوامدایە و، هەمیش بۆ داهاتوو مرۆڤی نوێ پەروەردە دەکات.

سەرچاوەکان:

1- Lian Bloch & et al. Emotion regulation predicts marital satisfaction: More than a wives' tale. Published online 2013 Nov 4. doi: 10.1037/a0034272 https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC4041870/

2- Hasniza Ibrahim & et al. The Personality Development of Child Abuse Survivors. Journal of Humanities, Language, Culture and Business (HLCB). Vol. 1: no. 2 (2017) page 1-9 | www.icohlcb.com | eISSN : 01268147 |

3- Joseph. H. Zins & Maurice J. Elias. Social and emotional learning. https://www.researchgate.net/publication/284593261_Social_and_emotional_learning

4- Turliuc, Maria Nicoleta & Octav Candel. Spouses' family-work interactions and their contribution to marital and job satisfaction. Psihologia Social, nr. 42 (II)/2018, pp 47-60.

5- Christina B Gee. Emotional Skillfulness in Marriage: Intimacy As a Mediator of the Relationship Between Emotional Skillfulness and Marital Satisfaction. March 2005. Journal of Social and Clinical Psychology 24(2):218-235DOI: 10.1521/jscp.24.2.218.62270.

6- Matt Mcgue & Thomas J. Bouchard Jr. Marriage and Personality: A Genetic Analysis. March 2004. Journal of Personality and Social Psychology 86(2):285-94 DOI: 10.1037/0022-3514.86.2.285. Source: PubMed

7- Modise, Leepo. Journal: Dialogue and Universalism . · Issue Year: 2016. Issue No: 1 p.p: 53-67Instytut Filozofii i Socjologii Polskiej Akademii Nauk.

8- Westermarck, Edward. A Short History of Marriage. Macmillan, London, 1926.

9- Kristin Moore & et al. What Is "Healthy Marriage"? Defining the Concept. www.childtrends.org. September 2004.

10- Frank F Furstenberg & et al. "Marriage Is More Than Being Together": The Meaning of Marriage for Young Adults. May 2011. Journal of Family Issues 32(7):845-875. DOI: 10.1177/0192513X10397277.

ڕۆڵی ئاین و یاسا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا

بە تایبەت لە سایەی نەبوونی پەروەردەی دروست و بوونی میدیای نابەرپرس

و ونبوونی ئامانجی هاوسەرگیریدا

قومریە محمد بەرزنجی

پرۆفایل:

قومریە محمد نجیب، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی نەوێ لە بناری شارەزوور، خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی بەراوردی کوردی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، سکرتێرەی ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی، دامەزرێنەری ڕێکخراوی شنیار بۆ گەشەپێدانی ئابووری ئافرەتان،٢٢ساڵ ئەزموون لە بواری پەروەردە و بانگەواز، دامەزرێنەر و ئەندامی گروپی ئاشتی ژنانی کوردستان.

مێژووی مرۆڤ وپەروەردەی مرۆڤ ئەوەی سەلماندووە کە واقع و ژینگەی ژیان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر پەروەردە و ڕەفتار و مامەڵەی مرۆڤەکان هەیە، ئەوە لە کاتێکدا کە ئێستا تەکنەلۆجیا سنوور و بەربەستەکانی هەڵگرتووە، ئالێرەوە ئەبێت بزانین جیاوازی و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی و مرۆیی و بەها باڵاکان و نەریتی ڕەسەن چۆن بپارێزین ؟ لە وەها دۆخێکدا پەروەردەی تاك و ئاراستەی خێزان چۆن بکەین کە لە توانایدا بێت هەڵگری تایبەتمەندی ڕەسەنایەتی ئاینی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی خۆمان بێت. یەکێك لە بنەما گرنگەکانی پاراستنی تاك وخێزان و کۆمەڵگە هاوسەرگیرییە، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی مسوڵماندا ئەژین، سەرچاوەی ژیان و باوەڕ و بیرکردنەوەمان قورئانی پیرۆز و سوننەت و سیرەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) لە قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە پێناسەی هاوسەرگیری کراوە (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (الروم ٢١).

به هۆی ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی ڕووی لە کۆمەڵگەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت کردووە، بە تایبەتی بەهۆی گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیا و ئەو کرانەوە زۆرەی هەیە کێشە و گرفتی زۆر ڕووی لە خێزانەکان و کۆمەڵگە بە گشتی کردووە ❝

لە تێگەیشتن و بڕوای تاکی باوەڕدار هاوسەرگیری یەکێکە لە نیعمەتەکانی خوای گەورە و، وەسیلەیەکە بۆ نیعمەتی زیاتر، وە نیشانەیەکی بەهێزە لە نیشانەکانی خوای پەروەردگار و هێمایەکیشە بۆ گەورەیی و پایەداری، هاوکات پەروەردگار هاوسەرگیری وەك فاکتەری ئارامش و ئارامی و سۆز و خۆشەویستی خێزانەکان دەستنیشان کردووە. هاوسەرگیری گرنگی خۆی هەیە بۆ تاك و کۆمەڵگە بە تایبەت هاوسەرگیری تەندروست کە لە سەر بنەمای تەندروست پێکهاتبێت، وەك:

١- هاوسەرگیری هەریەك لە هاوسەران ئەپارێزێ لەو هۆکارانەی ئەبنە هۆی تێکدانی تاك و کۆمەڵگە هەر وەك چۆن ڕەوشت و ئاکاری هەر یەکیان ئەپارێزێ بە تایبەت لە گەورەترین تاوانی ئەخلاقی.

٢- هەریەك ئەتوانن ببنە مایەی ئارامش و سوکنا بۆ ئەوی تر بە تایبەت لە ڕووی دەرونی، وە هەریەکێکیان ئەتوانن ببنە پشتیوان بۆ ئەوی تر، بە تایبەت لەکاتی ناڕەحەتی و گرفتەکاندا.

٣- بە هۆی هاوسەرگیریەوە پەیوەندی لە نێوان خێزانەکان و خێڵەکان دروست دەبێت و، ئەوەش دەبێتە هۆی بەهێزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٤- پاراستنی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی کە یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی هاوسەرگیری.

بە هۆی ئەو گۆڕانکاریە خێرایانەی ڕووی لە کۆمەڵگەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەت کردووە، بە تایبەتی بەهۆی گەشەسەندنی تەکنۆلۆجیا و ئەو کرانەوە زۆرەی هەیە کێشە و گرفتی زۆر ڕووی لە خێزانەکان و کۆمەڵگە بە گشتی کردووە، لەوانەش:

١- لاواز بوون و نەمانی پەیوەندیەکان و پەیوەندیە خێزانیەکان تا ئاستی لێکترازان.

٢-زۆربوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.

٣-کەمبوونەوەی ڕۆڵی دایك و باوك بە هۆکاری جیاواز لە پەروەردە و ئاراستە کردنی منداڵەکاندا.

٥- کاتی زۆری کارکردنی دایك و باوك لە دەرەوەی ماڵ.

٦- بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی و ناخۆشی جەستەیی و دەروونی بە هۆی خراپ بەکار هێنانی تەکنۆلۆجیا.

لە ئەوڕوپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور فاکتەری زۆر پەیدا بوون بۆ لاوازبوونی پەیوەندییە خێزانیەکان، دارمانی ڕەوشت و بانگەشەی یەکسانی موتڵەقی ژن و پیاو کە بە داخەوە ئەم ڤایرۆسە گەیشتووەتە لای ئێمەش. ئەوەی ئەمڕۆ ئەبینرێ بڵاوبوونەوەی بێ بەندوباری و توندوتیژییە کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر سەری هەڵداوە و ئەگەر خەمی جدی لێ نەخورێ دەزگای خێزان زیاتر بەرەو هەڵدێر ئەبات.

لە گرنگترین کێشە خێزانیەکانی ئەمڕۆ دەتوانین ئاماژە بکەین بەم خاڵانەی خوارەوە:

١-کێشەی ئابووری بە تایبەت کە داخوازی و داواکارییەکان ژمارە و جۆریان گۆڕاوە.

٢-کێشەی خوێندن کە داواکاری و تەکلیفی ڕوو لە هەڵکشانە.

٣-کێشەی جیابوونەوەی هاوسەران و پچڕانی شیرازەی خێزان.

٤- هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە هۆی غەزوی فیکری و شارستانی و تێکچوونی بەهاو نەریتە ڕەسەنەکان .

٥- کێشەی دارمانی ئەخلاقی و بێ نرخ بوونی بەها باڵاکان و دوور کەوتنەوە لە بنەما ڕەسەن و شەرعیەکان.

٦- بچووك بوونەوەی خێزانەکان.

٧- لاوازی پەروەردە، بە تایبەت پەروەردەی ئاینی کە گرنگی بە سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ ئەدات.

> **ئاینی ئیسلام بەو باوەڕ و بەها ڕەوشتیانەی کە هەیەتی ئەتوانێت سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ پاراستنی کیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە**

هاوکات لەگەڵ ئەو خاڵانەی سەرەوەدا، دەتوانین بڵێین کە خێزانەکانی ئەمڕۆ تووشی گرفت بوونەتەوە بە هۆی کێشە هاوچەرخەکان و داخوازیە زۆرەکانەوە، سەرقاڵی دایك و باوك،

کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی، ترس و دڵە ڕاوکێ لە سەختی ژیان، کێشەی دارایی، فرە ڕەهەندی پەروەردە، جیاوازی بیرو ڕا بە شێوەیەك کێشە خێزانیەکان بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار کە زۆربەی کۆمەڵگەکانی گیرۆدە کردووە، بانگەشەی یەکسانی ژن وپیاو، بێ حیجابی و گۆشەگیری.

ئاینی ئیسلام بەو باوەڕ و بەها ڕەوشتیانەی کە هەیەتی ئەتوانێت سەرچاوەیەکی باش بێت بۆ پاراستنی کیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگە. لە ئێستادا کێشەی خێزانی گەورە و زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق و زۆر بوو نی ژمارە و جۆری توندوتیژییەکان زەنگێکی مەترسی دارن.

ڕۆڵی خێزان ڕوو لە لاوازیە چونکە لە ئاراستەی ناتەندروستی پرۆسەی پەروەردەدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تەکنۆلۆجیاو، لاوازی ڕەهەندی پەروەردەیی قوتابخانە و ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵگە هاوبەشن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەزمەیەکی گەورەیە و کۆمەڵگە تووشی دارمان ئەکات پێوستە خەمی زۆر جدی لێ بخورێ.

چاکسازی لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە چاکسازی لە خێزان، وە چاکسازی لە سەرجەم ئەو سێکتەرە سیاسی و ئابووری و میدیایی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیانەی کە پێکەوە ئەم بارودۆخە نەخوازراوەیان خولقاندووە. تێکچوون و لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگە دەرئەنجامی تێکچوونی شیرازەی خێزانە، هەر بۆیە ئەرکی سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە هەموو توانا پەروەردەیی و فێرکاری و یاساییەکان بە شێوەیەك ڕێك بخەن کە لە خزمەتی خێزان و کۆمەڵگەدا بێت. خێزانی موسوڵمان یەکەم قوتابخانەیە کە تاك لە کۆمەڵگەدا پەروەردە دەکات، پێگەی خێزان لە ناو کۆمەڵگەدا وەك دڵ وایە بۆ جەستە. هەر وەك دەبینرێ بۆ تێکدانی کۆمەڵگەکان و داگیرکردنیان یەکەم شت شیرازەی خێزانەکان تێك ئەدرێ، متمانەو خۆشەویستی و سۆز لە نێوانیان ناهێڵرێ.

لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هاوسەرگیری سوننەتی پێغەمبەرانە، وە خوای پەروەردگار سروشتی مرۆڤی بە شێوەیەك خوڵقاندووە کە ببنە هۆکاری ئارامی و حەوانەوە بۆ یەکتر و لە سێبەری شەرعی خوادا بە حەڵاڵی سەرجەم پێداویستیەکانیان فەراهەم بکەن.

> “ **تێکچوون و لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگە دەرئەنجامی تێکچوونی شیرازەی خێزانە**

ئاین سەچاوەیەکی بەهێز و بەرنامەیەکی خواییە بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی تاك لە سیفات و ڕەوشتیدا بگات بە کەماڵ و مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەم دونیایەدا بە شێوەیەك بێت کە بتوانێ دادگەری و بەختەوەری بۆ دەوروبەری دەستەبەر بکات.

هەر وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ئەمڕۆ جیهان بە گشتی لە بواری پەیوەندییە خێزانیەکاندا گۆڕانکاری فراوانی بە سەردا هاتووەو، لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە پلەی جیاواز گۆڕانکاری لە سروشتی خێزانەکان و پێگەی کۆمەڵگا و ئەرکی لە پەروەردە و پێگەیاندندا دروست بووە، زیاتر لە ڕاستای گرنگیدانی زیاتر بە تاك و لە بونیادی عەقڵی و دەروونیدا، وە ئەم گۆڕانکاریە وا خەریکە

گەیشتووە بە کۆمەڵگەی ئێمەش بە شێوەیەك ئاماری دادگاکان ئاماژە بە بەرز بوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و هەڵکشانی بەرز بوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیری ئەدەن. وە برەوی هاوسەگیری جۆراو جۆر کە ناتوانێ ئەو ئامانجە سەرەکیە کە ئاین دیاری کردووە بەدی بێنێت، بە شێوەیەك کە مەفهومی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان گۆڕانی بە سەردا هاتووە. بە داخەوە مەترسی ئەوە هەیە کە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت خێزان نەتوانێ بە ئەرکی پێگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دیاری کردنی شوناسی فیکری و شارستانی خۆی هەستێت کە ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە. کاتێکیش باس لە گەشەی ئەرێنی کۆمەڵایەتی ئەکرێت مەبەست لێی گەیاندنی بەهاو نەریتەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. بەڵام ئەمڕۆ ئەو جۆرە تێگەیشتنە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن نەماوە یان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.

ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا:

ئەمڕۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە کاریگەرترین و گرنگترین هۆکارەکانی پەروەردەن کە ئەتوانن لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری جۆراو جۆر لە چوار چێوەی شانۆ و سینەماو دراما و کتێب و گۆڤارو بەرنامەی جۆراو جۆری رادیۆیی و تەلەفزیۆنی هەموو چین و توێژەکان و هەموو تەمەن و قۆناغەکانی ژیان ببەستێ بە خۆیەوە. هەر بۆیە زۆر پێویستە بە وردی و گرنگیەوە چاودێری بکرێت.

لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە کۆمەڵێ زانیاری و داتا ئەدرێت و بڵاو ئەبێتەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تاك، بە تایبەت لەگەڵ گەشەسەندنی ڕاگەیاندن بە جۆرەکانی بینراو و بیستراو و نوسراو و گرێدانیان بە تەکنۆلۆجیای نوێوە.

زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی توێژینەوە لە سەر کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەو کاریگەری فیکری ئەو هۆکارانە لە سەر تاك ئەکەن. ئەوەی ئاشکرایە بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ جۆر و کاریگەریەکە ئەگۆڕێت، وە کاریگەری لە هەڵسوکەوت و تەفاعول و کاریگەری لە سەر ژیان و ژینگەی دەوروبەری دەبێت. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەریەکەیان لە ئاستی خۆی کاریگەری جیاوازی هەیە لە سەر وەرگر لە فیکر و هەڵسوکەوتی تاك لە ناو خێزان پاشان لە ناو کۆمەڵگە.

لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:

١- نووسراو: سەرجەم بابەتە نووسراوەکان لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کە بە پێی ناوەڕۆك و تەمەن کاریگەری جیاوازیان هەیە. ئەوەی ئێستا بەدی ئەکرێت کەمبوونەوەی خوێندنەوەیە بە تایبەت خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کتێبی بەسوود ئەگەر مەسحێکی خێرا بکەین بزانین لە شارەکانی هەرێم ژمارەی کتێبخانەکان چەندن، یا خود ئەو ژمارە کەمە لە کتێبخانەکان لە ناو شارەکان ڕێژەی سەردانی چەندە ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە و ساڵانە، وە ئایا کام قۆناغی تەمەن زیاتر سەردان ئەکەن وە ئایا چ جۆرە بابەتێکی نووسراو خوێنەری زیاترە کە ئەمە خۆی پێوستی بە توێژینەوەی تایبەتە و دواتر هەڵوێستە لە سەر کردنە.

٢- بیستراو: هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو کە کاریگەریان خێراترە چونکە ئاسانتر و

خێراتر بە خۆڕایی لە هەرکوێ، لە ماڵ لە ناو سەیارە لە شوێنی کار دەگاتە وەرگر کە ئەمڕۆ ئەوەی لەو بوارە زۆر پەرەی پێدراوە چەندەها ڕادیۆ لە کوردستان بەرنامەکانیان لە خزمەتی تێکدانی پەروەردە و تێکدانی خێزانە بە ئامانج یان بێ ئامانج.

٣- بینراو : کاریگەری زیاترە لە هەردوو هۆکاری نوسراو و بیستراو چونکە بە وێنەو دەنگ و ڕەنگ پەیامەکانی ئەگەیەنێت و کاریگەری زۆری هەیە بە تایبەت لە ڕێگەی ئەو بەرنامەو فیلم و درامایانەی کە پەخش ئەکرێن. کە بە داخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان سیاسەتی ئیعلامی ئەوەندەی دژی پەروەردە و پاراستنی ڕەسەنایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن ئەو کەناڵانەی لە نێو سەدان کەناڵی لۆکاڵی و ناوخۆیی و ئاسمانی کە لە خەمی پاراستنی کۆمەڵگەدان، جا هەر بە بەرنامەکانیان یان ئەو دراما و فیلمانەی کە ڕوداو و پەیامەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێمە یەك ناگرێتەوە.

کەیسەکانی دادگاکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە سوشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کارەساتیان خوڵقاندووە بە شێوەیەک کە نەسیجی کۆمەڵایەتیان گۆڕیوە ❝

٤- سۆشیال میدیا: بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەمڕۆ کاریگەری زۆر بەرچاوی هەیە لە ئاراستە کردن و گۆڕینی هەڵسوکەوت و ئاکاری تاکەکانی کۆمەڵگەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی ئێمە بە تایبەتی، ئەویش بە هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە، وەك: فرە ڕەهەندی و فرە ژانری بەو مانایەیە کە هەموو جۆرەکانی تری ڕاگەیاندنی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و بە مەڵتی میدیا دەناسرێت، یان ئاسانی و خێرایی لە بەکارهێنانیدا و بوونی خەسڵەتی جیهانگیری و...هتد. هەنووکە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە هۆکارەکانی تێکدانی پەروەردە و شیرازەی خێزان و بەرزکردنەوەی جۆر و ژمارەی توندوتیژیەکان، کەیسەکانی دادگاکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە سوشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کارەساتیان خوڵقاندووە بە شێوەیەك کە نەسیجی کۆمەڵایەتیان گۆڕیوە، وە زۆربەی گەنجانی پەلکێش کردووە بۆ دونیایەکی خەیاڵی دوور لە واقع، تا ڕادەیەك کە دوور کەوتوونەتەوە لە واقع و ئەو ئامانجە سەرەکیانەی کە پێویستە تاك پەیڕەوی بکات لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا، هەر وەك چۆن دراما و فیلم و ڕووداوەکانیان کە زۆربەیان دوور لە واقعی پەروەردەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی ئێمەن و هاتوونەتە ناو ماڵەکان و گەنجانی ئێمە تەقلیدیان ئەکەنەوە. بە داخەوە سیاسەتێکی میدیایی بەرنامە بۆ داڕێژراومان نیە کە لە خەمی پاراستنی بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکاندا بێت. ئەوەی هەیە هێنانی بە لێشاوی درامای تورکی و بیانی و کولتوری نامۆیە کە هەزاران گەنج و خێزانی کردووەتە قوربانی.

ئەمڕۆ گەنجەکان یان پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام نادەن، وە یان ئەگەر هاوسەرگیریان کرد تەمەنی هاوسەرگیریەکە کورتە، ئاماری جیابوونەوە لە دادگاکان کە ساڵ بە ساڵ ڕوو لە هەڵکشانە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە کاریگەری نەرێنی ڕاگەیاندن بەو پەرش و بڵاویەی هەیە زۆر زیاتر و

زاڵترە لەوەی کۆمەڵگەی کوردی بتوانێت خۆی لە بەردەمیدا ڕابگرێت کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە نا ئارام و ناسەقامگیرەو، تاکەکان لە ڕووی دەروونیەوە لە دۆخێکی خراپدان. بۆ ئەوەی میدیا ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ بەهاکۆمەڵایەتیەکان و ئامانجە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگە بە هۆی ئەو کاریگەریە ڕاستەوخۆیەی هەیەتی لە سەر فیکرو ئاکار و هەڵسوکەوتی تاك ئەبێت بەرنامەکانی بە پێی پێویستی قۆناغەکان و پێویستی کۆمەڵگە دابڕێژێت لە پێداویستیە دەروونی و فیکری و مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکانی.

لەو سۆنگەوەیە و لەو جەنجاڵیەی میدیاوەیە کە گرنگی کاریگەری ئاین لە سەر ژیانی تاك و پاشان خێزان و کۆمەڵگە و کاریگەری یاسا و جێبەجێکردنی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە دەر ئەکەوێت، وە لە هەمووشی گرنگتر دەرکردنی یاسا لە سەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بە شێوەیەك یاساکان دژایەتیان لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت نەبێت.

پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمێکی جدی لە بارودۆخی گەنجان بخۆن چونکە خودی گەنجان و ڕەوشی ژیانیان بە پێی قۆناغەکانی تەمەن و پێداویستیەکانیان جیاوازە و یەکێك لە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەن کە بنەمای پێکهێنانی خێزان و پاشان کۆمەڵگەیە پرۆسەی هاوسەرگیریە کە ئێستا ئەم پرۆسەیە لە مەترسیدایە چ وەك دوا کەوتن چ وەك جیابوونەوە و هەڵوەشانی شیرازەی خێزان.

لەو سۆنگەوەیە و لەو جەنجاڵیەی میدیاوەیە کە گرنگی کاریگەری ئاین لە سەر ژیانی تاک و پاشان خێزان و کۆمەڵگە و کاریگەری یاسا و جێبەجێکردنی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە دەر ئەکەوێت ”

« ڕەشبینی گەنج بەسیاسەت و ئایدیای ئەمرۆ وادەکات گەنج متمانەی بەوە نەمێنێت هاوسەرگیری ئەنجام بدات « ئەمە ووتەی پسپۆڕێکی دەروناسیە پێشی وایە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری جگە لەوەی ئاکامی خراپی دەروونی لای گەنجان دروست دەکات دەبێتە هۆکارێکیش بۆ دروستبوونی گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی، ڕەشبینی گەنجان بەژیان ودوارۆژیان، ئەمە جگە لەوەی وەك شارەزایانی بواری ئاماری دانیشتوان ئاماژەی پێدەدەن « زەنگێی مەترسیدارە بۆناهاوسەنگ بوونی ڕێژەی ئاستەکانی تەمەنی دانیشتوان»، گەنجانیش پێیان وایە نەبوونی پلانی حکومەت بۆ ئاسنکاری ویارمەتی دانی گەنجان هۆکاری سەرەکی کێشەکەیە، جگە لە ناهۆشیاری کۆمەڵگا لەئاکامە خراپەکانی ئەم کێشەیە.

بەپێی وتەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری بۆ کچ ٢٢تا ٢٧ ساڵە وبۆ کوڕیش ٢٥ تا ٣٥ ساڵە بەڵام زۆربەی کات وەك گەنجان ئاماژەی پێدەدەن هۆکاری ئابووری دەبێتە لەمپەرێك بۆ بەئەنجام نەگەیاندنی ئەم پرۆسەیە.

وەك زۆربەی گەنجان ئاماژەی پێ ئەدەن بەهۆی هەژاری و گرفتی ئابووری نەیانتوانیوە ژیانی

هاوسەری پێك بهێنن. لە بارەی هۆکاری دواخستنی ئەم پرۆسەیە گەنجێك بە خەمباریەوە وتی « بۆ قورسایی ژیان ریگەت پێدەدات بیر لە زەواج بکەیتەوە ئێمە لەم ولاتە لەهەموو شتێك بێبەشین تەنانەت لەپێکهێنانی هاوسەریش »، ئەم گەنجە پێشی وایە حکومەت بەرپرسی یەکەمە لەم بوارە بۆیە دەیوت» حکومەت زۆر کەمتەر خەمە لەیارمەتی دانی گەنجان، ئامادەیە شوقە بۆ ئەندام پەرلەمان و حکومەت بەپارەی خەیاڵی دابین بکات بەڵام ئامادە نییە کەمترین یارمەتی گەنج بدات لەم پرۆسەیە«.

بەشێك لەگەنجان پێیان وایە تێگەیشتنی خراپی کچان وکوڕان لەم پرۆسەیە هۆکاری سەرەکیە بۆ دواخستنی ئەم پرۆسەیە، هەندێك پێیان وایە بیرکردنەوەی خراپی کچان بەهۆی زۆری داواکاری هۆکارە بۆ نموونە ئێستا بۆتە مۆدێل ٥٠ تا ١٠٠ مسقاڵ زێڕی دەوێت بۆ پێشەکی بۆپاشەکیش هەر باسمەکە دەڕوات بۆ ٥٠٠ مسقاڵ زێڕ، سەرەڕای ئەوانەش داوای خانووی سەربەخۆ و ماڵی کامل دەکەن بەڕاستی داوای ژیانێکی وادەکەن گەنج توانای دابینکردنی نییە«.

کچانیش پێیان وایە کوڕان بەرپرسی یەکەمن لەدواخستنی ئەم پرۆسەیە بەهۆی بیرکردنەوەی نادروست لەم پرۆسەیە کوڕان ئێستا ئامادە نین کچانی هاوتەمەنی خۆیان بهێنن ئەوان دەیانەوێت کچانی تەمەن ١٥ -١٨ ساڵی بهێنن».

پسپۆڕان وگەنجانیش پێیان وایە تائێستا کۆمەڵگا و خێزان نەیانتوانیوە ریگە بە گەنجان بدەن بەئارەزووی خۆیان بڕیار لەم پرۆسەیە بدەن. پسپۆڕێکی دەروونزانی لەبارەی هۆکارەکانی دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەنجام نەدانی دەڵێت» ڕەشبینی گەنجان لەژیان بەسیاسەت وئایدیای ئەمڕۆ وادەکات گەنجان متمانەیان بەوە نەمێنێت هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و واهەست دەکەن هاوسەرگیری پریەتی لەکێشە، بۆیە بەردەوام لێی پاشەگەز دەبنەوە، جگە لەهۆکاری ئابووری زۆرجار هەندێ هۆکاری دەروونی هەیە کە کەسێك ئامادەیی تیادا نییە ژن بهێنێت یان شوو بکات، نەبوونی ئەم ئامادەییە وادەکات کەفێری جۆرێك لەتەعدا و ڕکابەری بێت، یان زۆرجار فەشەلهێنان لەخۆشەویستی بێئاکام و مانەوەی وادەکات گەنج نەتوانێ بڕیای هاوسەرگیریەکی ڕۆتینی بدات «.

سەبارت بەو ئاکامە خراپانەی تووشی گەنج دێت لە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری، بێگومان ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر ژیانی ئەو کەسە بەتایبەتی لەڕووی ڕەگەزی مێینەوە، چونکە تەمەنێکی دیاری کراویان هەیە لەڕووی گەشەکردنی هۆرمۆناتی و جەستەییەوە تا تەمەنی ٤٥ تا ٥٠ ساڵی کەتەمەنی بێ ئومێد بوونی پێ دەوترێت، چونکە دوای ئەو تەمەنە هێلکە دانەکانیان زۆر جار توانای گەشەکردنیان نامێنێت، بۆیە توانای منداڵ بوونی کەم دەبێت، جگە لەوە مانەوەی کچ لەماڵی باوك ئاکام و تەفسراتی خراپی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و باری دەروونی ئەو کچە خراپ دەکات، ئەمانە هەمووی وادەکات کچ هەست بە تەنگژەی دەروونی بکات وتووشی ڕەشبینی بێت لەژیان، بەهەمانشێوە کوڕانیش بەهۆی ئەوەی ناتوانێ خێزان پێك بهێنێت بۆیە تووشی بێ ئومێدی دەبێت لەژیان و ڕاڕادەبێت لەبریاری هاوسەر گیری، ئەمانەش هەموی وادەکات ئەو گەنجە تووشی گۆشەگیری بێت «.

بەداخەوە تائێستا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر هیچ کاریان لەسەر ئەم بابەتە نەکردووە کە دەبوایە کاری لەسەر بکەن.

ڕۆڵی یاسا لە پاراستنی کۆمەڵگە:

لە ڕاستیدا لە هەڵبژاردنی هەر پێناسەیەك بۆ یاسا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- ڕێسایەکی گشتی ناسراو هەیە کە دەڵێت حوکمەکان دەگۆڕێن بە پێی گۆڕانی کات، گۆڕانی حوکمەکانیش دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەو ڕێسا یاساییەی کە لێی هەڵدەگوزەرێ.

٢- هەریەك لە یاسا و کۆمەڵگە کاریگەریان لە سەر یەکتر هەیە و یاسا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە گەشە دەکات.

٣- لە کاتی دانانی یاسا یان گۆڕانکاری تێیدا یان هەڵوەشاندنەوەیدا پێویستە واقعی ئەو کۆمەڵگەیەی یاساکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت لە بەر چاو بگیرێت لە ڕووی بواری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بیروباوەڕی و ڕۆشنبیری و وێنەی ئەمانە سەرەڕای ڕەچاوکردنی هەرێمیە جوگرافی و ئیستراتیجیەکەی.

هەر وەک چۆن یاسای کۆمەڵگەیەک ناشێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تر هەروەها بە هەمان شێوە پێناسەی یاسا لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی ڕابردوو لە چەند هەلو مەرج و کەشێکی تایبەتیدا ناگونجێت بۆ سەردەمێکی تر لە چەند هەلو مەرجێکی تردا کە جیاوازە لە هەلومەرجەکانی پێناسە کردنی ڕابردوو. "

٤- یاسای هەموو کۆمەڵگەیەك ناگونجێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تر هەتاکو یەك نەکەون و نزیك نەبن لە یەکتر لە بناغانەی لە خاڵی سێهەم باس کراون و ڕەچاوکردن و لە بەرچاوگرتنی پێویستە کاتێك بمانەوێت لە ڕێگەی بەراوردکردنی یاسایی یاسای نیشتمانی لە هەندێك بوار پێش بخەین.

٥- هەر وەك چۆن یاسای کۆمەڵگەیەك ناشێت بۆ کۆمەڵگەیەکی تر هەروەها بە هەمان شێوە پێناسەی یاسا لە سەردەمێك لە سەردەمەکانی ڕابردوو لە چەند هەلو مەرج و کەشێکی تایبەتیدا ناگونجێت بۆ سەردەمێکی تر لە چەند هەلو مەرجێکی تردا کە جیاوازە لە هەلومەرجەکانی پێناسە کردنی ڕابردوو.

٦- ڕێسا یاساییەکان تەنها گرنگی بە تاکی گۆشەگیر نادەن کە هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نەبێت ببەستێتەوە بە کەسانی ترەوە، ئەرکی یاسا دیاریکردن و یەکخستنی ماف و پابەند بوونی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، دروستبوون و گەشەکردنی یاسا بەستراوە بە بوونی کۆمەڵگاوە، هەر بۆیە ئەگونجێت بڵێین بوونی یاسا پێش بوونی دەوڵەت بووە، چونکە یاسا بە پێی داخوازی پێویستیەکان و پابەندبوونەکانی ژیان سەرهەڵئەدات.

" فەلسەفەی جێبەجێکردن و چەسپاندنی یاسا بریتییە لە بەدیهێنانی دادگەری و یەکسانی

٧- ئامانج لە دانانی یاسا ڕێکخستنی ماف و پابەندییەکانی جێبەجێ کەرەکانیەتی، شتێکی ئاشکرایە کە فەلسەفەی دانانی یاسا و گۆڕین و هەڵوەشانەوەی بریتیە لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و

پاراستنی و دیاری کردنی ماف و ئەرکەکان و چاودێریکردنیان، بەڵام فەلسەفەی جێبەجێکردن و چەسپاندنی یاسا بریتییە لە بەدیهێنانی دادگەری و یەکسانی.

گرنگی پەیوەندی نێوان ڕێسای یاسایی و ڕێسای شەرعی:

بە دڵنیایی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کاتێك باس لە دانانی یاسا و بەکارهێنانی ئەکرێت لە پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستە بزانرێ پەیوەندی و کاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان یاسا و شەرعدا:

١- هەریەکەیان ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ و پاراستنیانە.

٢- هەریەکەیان ڕووت و ڕەها و گشتیە.

٣- هەریەکەیان سەرپێچی لیکردنیان سزای بەدواوەیە.

٤- لە جێبەجێکردنەکان و وردەکاریەکاندا یەك دەگرنەوە.

لە سەر ئەو بنەمایەی کە ریسا شەرعیەکان سەرچاوەی ریسا یاسایەکانن، بەو باوەڕەی ڕێسا شەرعیەکان فراوانن و سەرچاوەکەیان نیگای خوایە و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی هاتووە. خوای گەورە لە سورەتی فورقاندا ئەفەرموێت (تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا)(الفرقان ١).

وەك لەم ئایەتە و زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەرئەکەوێت قورئانی پیرۆز بنەما بنەڕەتی و ڕێسا گشتیەکانی لە خۆ گرتووە و چوار چێوەی بۆ دیاری کردووە و درێژە و وردەکاری لە سیرە و قەول و فیعلی پێغەمبەر (د.خ) وەرئەگیرێ، وە عەقڵی مرۆڤی دانا و زانا بە ناوەڕۆکی قورئان و سوننەت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حوکمەکانی خێزانی مرۆڤایەتی وهاوسەرگیری و تەڵاق و شیرپێدان و دایەنی و بەخێوکردن و بژێوی و ڕاسپاردن و میراتی و میراتگیریتی لە بەر دوو هۆکار بە درێژی و بە وردی باس کردووە:

١- گرنگی خێزان مەترسی و کاریگەری راستەوخۆی لە سەر ئایندەی چاکبوون و خراپبونی کۆمەڵگە.

٢- هەر کەم و کورتیەك لە حوکمەکانی خێزاندا بێتە دی لە بنەڕەتدا کەم و کوڕییە لە کەرامەتی مرۆڤ.

> **خوای گەورە پەیوەندی هاوسەریەتی کردووەتە بناغەی دڵئارامی و ئاسودەیی و ڕێز و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی**

هەر لەبەر ئەم هۆکارانە بازنەی ئیجتیهاد لەو بابەتە هەستیارە بە دەق دیاری کراوە بۆ دوورخستنەوە و داخستنی دەرگای ئیجتیهاد.

خوای گەورە پەیوەندی هاوسەریەتی کردووەتە بناغەی دڵئارامی و ئاسودەیی و ڕێز و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی هەر وەك لە ئایەتی ٢١ سورەتی روم دەفەرموێ.

خوای پەروەردگار هاوسەریتی ژن و پیاوی لە سەر سێ بنچینە دامەزراندووە:

١- پاراستنی نەسلی مرۆڤایەتی و بەرهەم هێنانی نەوەیەکی چاك و پاك، هەر بۆیە پێویستە هاوسەرگیری دامەزراو و بەردەوا م بێت بە شێوەیەك بەهێز بێت کە قابیلی تێکچوون و لادان نەبێت.

٢- ژن و پیاو تەواوکەری یەکن کەس لەوی تر باڵاتر و لە پێشتر نیە چونکە ئەو ئەرکەی کە دانراوە پێکەوە ئەتوانن بە ئامانجی بگەیەنن.

بۆ پاراستنی تاک و خێزان و کۆمەڵگە پێویستمان بە بەهێز کرد نی بنەماکانی خێزان و پەروەردە و پەیڕەو و یاسا هەیە بەتایبەت یاساکانی باری کەسی

٣- تاقە و توانا و هێزی پیاو پێویستە بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادییەکانی ژیان، هەر وەك چۆن سۆز و نەرمی و میهرەبانی ژن پێویستە بۆ دابینکردنی پێداویستیە مەعنەویەکان، جا ئەگەر بە هەر هۆکارێك ئەم ڕۆڵانە گۆڕان بە دڵنیایی نەتیجەی نەرێنی دەبێت.

جا بۆ پاراستنی تاك و خێزان و کۆمەڵگە پێویستمان بە بەهێز کرد نی بنەماکانی خێزان و پەروەردە و پەیڕەو و یاسا هەیە بەتایبەت یاساکانی باری کەسی کە هەر لە بەرەبەیانی ئیسلامەوە شەریعەتی ئیسلام تەنها یاسایەك بووە کە پەیوەستبوون و پەیوەندیەکانی مرۆڤی لە هەموو بوارە عیبادی و مەدەنیەکان ڕێك خستووە. پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) یەکەمین قازی بوو لە ئیسلامدا پێشینە قەزاییەکانی بوونە تەشریع بۆ ئوممەتەکەی، هەر وەك ئەبینین کە خوای گەورە لە زۆرێك لە ئایەتەکان داوا دەکات کە هەستێ بە کاری قەزا لەوانە (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَائِنِينَ خَصِيمًا) (النساء ١٠٥)

کەواتە یاسا لە هەموو کۆمەڵگەیەك یەکێکە لە پێداویستیە ژیانیەکان بۆ ڕێکخستنی ژیان کە یارمەتیان بدات لە زاڵکردن و سەرخستنی هێزی چاکە بە سەر خراپەدا.

یەکێك لە پێداویستیە ژیانیەکان هاوسەرگیریە هەر بۆیە پیویستە لە سایەی شەریعەتی خوای گەورە یاسای بۆ ڕێکبخرێ. چونکە هاوسەرگیری گرنگی و مەترسی هەیە لە سەر کۆمەڵگە و ئەو بنەمایانە ورد کراوەتەوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە پێویستە
١- هەڵبژاردنی دروست. ٢- یەکتر ناسینی تەواو. ٣- خوازبێنیە.

هاوسەرگیری پەیمان و بەڵێن و پەیوەستکاری نێوان نێرو مێی نەوەی مرۆڤە، کە لە هەموو پەیوەست بوون و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوارەکانی تر باڵاتر و گرنگترە، بەڵکو ڕادەی بەختەوەری و ناڕەحەتی هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزان بە ڕادەی بەهێزی و لاوازی

ئەم پەیوەندییە مەعنەوییەی نێوان ژن و مێرد دەپێورێت. هەر بۆیە پێویستە هاوسەرگیری بە بناغەی پتەو و پێکهێنەرە بەهێزەکانی دەست پێ بکات تا بونیادەکەی تووشی درز و داڕمان نەبێت، چونکە بازنەی کاریگەریە نەرێنیەکانی فراوانە لە سەر کۆمەڵگە.

سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز

٢- تەوحیدو ناوەڕۆکی لە هزر و ژیاندا، ن :پ. ئیسماعیل فاروقی و:د.صباح بەرزنجی.

٣- -فیقهی ئەحوالی شەخسی، ن:مەلا محمود گەلاڵی.

٤- پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت، لیژنەیەك لە ئەنجومەنی خانمان.

٥- ئافرەت لە ناوچەکانی ململانێدا، پەخشان زەنگەنە.

٦- فەلسەفەی یاسا و لۆژیکی یاسایی لە وێناکردندا، ن. د.مستەفا زەڵمی و.کەمال شێخ محمد.

٧- توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان، ن .د.مستەفا زەڵمی، و.عبدالله مەلا ئەحمەد، ڕێدار ئەحمەد، عبدالکریم فتاح.

٨- هاوسەرگیری و تەڵاق لە فیقهی بەراوردکاری ئیسلامیدا، ن. د..مستەفا زەلمی. و.ڕێدار ئەحمەد.

٩- ڕێڕەوی خێزان. د.عبدالکریم بکار. و.بەهجەت جمیل حامد.

٠١- گۆڤاری سایە، ژمارە (١).

١١- گۆڤاری ژیار، ژمارە ٣٥.

کەمبوونەوە و دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکەوتەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ

پاریزەری ڕاوێژکار/ غازی حەمید زەنگەنە

پرۆفایل:

لە دایك بووی ١٩٨١/١/١

باری خێزانی/ خێزاندار، ئاستی زانستی:

أ-بکالۆریۆس لە یاسا لە ساڵی «٢٠٠٦»-زانکۆی صلاح الدین

ب-ماستەر لە یاسای تایبەت لە ساڵی «٢٠١٨»-زانکۆی صلاح الدین

پارێزەری ڕاوێژکار، دانیشتووی شاری هەولێر

بەرپرسی ژووری پارێزەرانی دەشتی هەولێر

دەستپێك :

لە کاتێکدا بمانەوێت لەسەر وەها بابەتێك توێژینەوەیەك بکەین، گرنگە ڕادەی گرنگی و کاریگەرییەکەی بزانین پاشانیش ڕۆڵی هاوسەرگیری لە نێو کۆمەڵگا بە گشتی و لە نێو کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەتی، ئایین وەك یاسایەکی خودایی و ئەنجا یاسا وەك ڕێبەرێکی دانراو بۆ ژیانی مرۆڤەکان ڕۆڵیان لە چ ئاستێکدایە بۆ هاوسەرگیری وەك پڕۆسەیەکی بەردەوامی ژیان. ئەنجا باس کردن لە هۆکارەکانی زۆربوونی قەیرەیی و دواکەوتنی گەنجان لە ئەنجام دانی هاوسەرگیری، لەم نێوەندەشدا چەند هۆکارێك بەردەوام لەسەر زارانن لەوانەش شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی وڵات و کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و ئاستی تەمەنی هەردوو ڕەگەز بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردودا، بۆیە نووسینەکەم لەسەر ئەم بابەتە دابەش دەکەم بۆ چەند بەش و تەوەرێك، بەم شێوەیە :

باسی یەکەم/ گرنگی ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری و ڕۆڵی ئایین و یاسا لەم نێوەندەدا.

تەوەری یەکەم/ گرنگی ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری.

تەەوەری دووەم/ ڕۆڵی ئایین و یاسا لە پڕۆسەی هاوسەرگیری.

باسی دووەم/ هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری.

تەوەری یەکەم/ شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری.

تەوەری دووەم/ جیاوازی تەمەنی گەنجان بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردودا.

تەوەری سێیەم/ کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات.

باسی سێیەم/ چارەسەر بۆ کێشەی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری.

تەوەری یەکەم/ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە نێو کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری.

تەوەری دووەم/ کردنەوەی خول بۆ ئەو گەنجانەی کە مامەڵەی گرێبەستی هاوسەری پێشکەش بە دادگا دەکەن.

تەوەری سێیەم/ ئاسانکاری یاسایی و دارایی بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری دووەم بۆ چەند حاڵەت و چینێکی دیاری کراو.

نـــــــاوەڕۆك:

باسی یەکەم/ گرنگی ئەنجامدانی هاوسەرگیری و ڕۆڵی ئایین و یاسا لەم نێوەندەدا:

پڕۆسەی هاوسەرگیری وەکو قۆناغێك لە ژیانی مرۆڤەکان گرنگی خۆی هەیە، لەلایەك وەکو

بەجێهێنانی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی، لە لایەکی تریش ئاسەوار و دەرئەنجامەکانی، هەڵبەت ئاینە جیاوازەکان بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەوەها بابەتێکی گرنگدا بایەخی تایبەتییان پێداوە لە دوای ئەویش یاسا وەك ڕێبەرێکی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان ئەم بابەتەی بە پێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێکخستوە، بۆیە ئەم باسەمان دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەری سەربەخۆ، بەم شێوەیە:

> **زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵناس وتوویانە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا درێژە بە ژیانی بدات، لە نموونەی ئەو زانایانە (إبن خلدون)ە ڕای وایە کە ((مرۆڤ هەر بە سروشت کائینێکی کۆمەڵاتییە، ئەم کائینە کۆمەڵایەتیەش تەنیا لە ڕێگای هاوسەرگیری تەندروست دروست دەبێت و دێتە کایەوە. ❝**

تەوەری یەکەم/ گرنگی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری:

هەڵبەت هاوسەرگیری لە نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر مانا و ئامانجی دەگۆڕێ، لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا هەموو جووتبوونێك بە هاوسەرگیری هەژمار ناکرێت بەڵکو ناو و ناونیشانی جۆراو جۆر هەن بۆ جووتبوونی جەستەیی، لەلایەکی تر کچان و کوڕانیان هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیاندا دەکەن واتە جیاوازی ناکەن لە نێوان لایەنەکانی ئەم جووتبوونە بۆ نموونە لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هاوسەرگیری لە نێوان هاوڕەگەزەکان دیاردەیەکی زەقە و تەنانەت لەم پێناوەشدا یاسای تایبەتی بۆ ڕێکخراوە، لە هەندێ شوێنی تری ئەم سەرزەمینە بەشێك لە مرۆڤەکان لە ڕەگەزی نێر و مێ هاوسەگیری لەگەڵ ئاژەڵاندا دەکەن بۆ نموونە هاوسەرگیری لەگەڵ سەگ یان پشیلە یان ئەسپ ...هتد، خۆشبەختانە حاڵەتی دووەم هەر لە سنوری حاڵەت ماوەتەوە و نەبووە بە دیاردەیەکی دیار، بەڵام وەك دەبینین هیچ کام لەو حاڵەت و دیاردە نامۆیانەی کە لە ژێر ناوی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێن ئامانجی سەرەکی پرۆسەی هاوسەرگیری ناپێکن کە بریتین لە سەقامگیری جەستەیی و دەرونی هەردوو ڕەگەز و دواتر خستنەوەی وەچە کەلە ڕێگەیەوە بەردەوامی بە ژیانی مرۆڤایەتی دەدرێ لەسەر ئەم هەسارەی گۆی زەوی[١]، هەروەك زۆرێك لە زانایانی کۆمەڵناس وتوویانە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنیا درێژە بە ژیانی بدات، لە نموونەی ئەو زانایانە (إبن خلدون)ە ڕای وایە کە ((مرۆڤ هەر بە سروشت کائینێکی کۆمەڵاتییە[٢]، ئەم کائینە کۆمەڵایەتیەش تەنیا لە ڕێگای هاوسەرگیری تەندروست دروست دەبێت و دێتە کایەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا زیادبوونی ژمارەی مرۆڤەکان و بەردەوامی ژیان تەنیا لە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە دەبێت یان ڕێگا و شێوازی تر هەن؟ بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە ژێر سایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا دەبینین لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریش دەکرێ وەچە بخرێتەوە، ئەویش لە ڕێگای چاندنی

تۆوی پیاوان لە ڕەحمی ئافرەتێکی تر یان لە تاقیگە، یان خستنەوەی منداڵ لە ڕێگای جووتبوونی نا دروستی (ناشەرعی) ژن و پیاوێك، بەڵام لەم جۆرە کرداری جووتبوونەدا تەنیا ژمارەی مرۆڤەکان زیاد دەکەن بە بێ ئەوەی ڕەچەڵەکیان دیار بێت، سەرجەم ئەم وەچانە بە تێپەڕبوونی کات و گەورە بوونیان پەرت و بڵاو دەبن، واتە خێزان دروست نابێ کە بناغەی کۆمەڵگایە، بۆیە لێرەوە گرنگی هاوسەرگیریمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ئەنجامیدا خێزان دروست دەبێت، پاشانیش گەڕەك و شار و ئەنجا وڵات کە تیایدا سەقامگیری جەستەیی و دەروونی لەلای ئەندامانی خێزان دروست دەکات و بیر و هۆشیان ئاراستە دەبێت بۆ بەرهەم و بنیادنان و پێشکەوتن، لە ئەنجامی جووڵە و داهێنانەکانیدا مرۆڤایەتی گەشە دەکات بە هۆی سوود وەرگرتن لە توانا جیاوازەکانی یەکتر.

تەوەری دووەم/ ڕۆڵی ئایین و یاسا لە پڕۆسەی هاوسەرگیریدا:

-ڕۆڵی ئایین لە پڕۆسەی هاوسەرگیریدا:

سەرجەم ئایینە جیاوازەکان لە سەردەمی دروستبوونی مرۆڤ و تاوەکو ئێستاش لە دوو ئاستدا کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپیان دیاری کردووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی لەلایەك و ڕێکخستنی پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری، لە هەردوو ئاستدا گرنگی هاوسەرگیری ڕەنگی داوەتەوە. لەم بارەیەوە زۆر ناگەڕێینەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی ئادەم کە بە باوکی مرۆڤایەتی ناودەبرێت بەڵکو لەسەردەمی پێغەمبەر (نوح) و فەرمان کردن بە گەلەکەی بە سواربوون لە کەشتیەکەی بۆ ئەوەی نوقمی لافاو نەبن[٣]، دەبینین لەهەر جۆرێك لە بوونەوەر هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ی لەسەر کەشتیەکەی خۆی سوار کردووە، خۆ دیارە ئامانج لەم کارەی حەزرەتی نوح بەردەوامی دان بووە بە پڕۆسەی هاوسەرگیری و مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ، لە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزدا کە بۆ دوایین پێغەمبەر نێردراوە زۆر بە ڕوونی باس لە گرنگی پڕۆسەی هاوسەرگیری کراوە هەروەك هاتووە ((وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ))، هەر پەیوەست بە بابەتی هاوسەرگیری لە شوێنێکی تردا خودای گەورە دەفەرموێ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ))[٤] نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە قورئانی پیرۆزدا حیسابی بۆ ئاسەواری هاوسەرگیریش کردووە کە بریتین لە دابین کردنی بژێوی و مارەیی ئافرەت و پاشان جیابوونەوە[٥] و میرات گرتنی ئەندامانی خێزان لە یەکتری[٦].

کاتێکیش ڕادەمێنین لە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (محمد) درودی خوای لێ بێت دیوێکی تری گرنگیپێدانی ئاینی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت بە پڕۆسەی هاوسەرگیری، بەم بۆنەیەوە چەندین فەرموودەی پیرۆزی فەرمووە کە زۆربەی موسڵمانان پێیان ئاشنان، نموونەی ئەو فەرموودانەش ئەمەیە کە دەفەرموێ ((مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ...))[٧] دەبینین لە ناوەڕۆکی فەرمودەکەدا داواکردنی پێغەمبەر بۆ هاوسەرگیری بە (صیغە)ی فەرمان (أمر) هاتووە ئەمەش ڕادەی پێویستی و گرنگی هاوسەرگیری دەردەخات، هەر لەم چوارچێوەیەدا پێغەمبەری ئیسلام مەرج و ڕێککارەکانی هاوسەرگیری هێندە ئاسان کردووە بۆ ئەوەی هیچ بیانوویەك نەمێنێتەوە بۆ ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری، کاتێك دەفەرموێ ((إذا جاءكم من ترضون دينه وخُلقه فزوِّجوه..))[٨]. لێرەدا دەبینین سەرەڕای ئەوەی تەنیا (٢) مەرجی ئاسانی دیاری کردووە، لە هەمان کاتدا دیسان بە (صیغە)ی فەرمان (أمر) داوا دەکات هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت.

هەڵبەت چەندین ئایەتی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر هەن کە ڕادەی گرنگی ئاینی ئیسلام دەردەخەن بە پڕۆسەی هاوسەرگیری، دیسان لە بواری کرداریشدا چ لەسەردەمی خودی پێغەمبەر خۆی درودی خوای لەسەر بێت و چ لەسەردەمی (٤) خەلیفەکانی دوای خۆی زۆر هەڵوێست و بڕیار هەن لە بواری پاراستنی چوارچێوەی خێزان و مافی ئافرەت و منداڵ.

لە ئاینی مەسیحیشدا هێندە گرنگی بە چوارچێوەی خێزانی و پەیوەندی ژن و مێرد دراوە بە جۆرێك قەدەغە کراوە ژن و مێرد لە یەکتری جیا ببنەوە بەڵکو دوای ئەوەی دەبن بە هاوسەری یەکتری، دەبێ بە هاوسەری بمێننەوە تاوەکو کۆتایی ژیانیان[٩].

هەر لە پێناو حیکمەت و گرنگی هاوسەرگیری پێغەمبەر (لووت) ڕێسای تایبەتی هەبووە بۆ هاوسەرگیری دروست لە نێوان هەردوو ڕەگەز بە بەڵگەی ئەوەی خودای گەورە سزای توندی نەتەوەکەی پێغەمبەر (لووت)ی دا بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە یاسای سەردەم بۆ هاوسەرگیری ”

- ڕۆڵی یاسا لە پڕۆسەی هاوسەرگیری دا:

لەوەتەی مرۆڤ لەم سەر زەمینەدا وجودی هەیە و تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بەردەوام یاسا هەبووە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان، بەڵام شێوە و ناوەڕۆکی یاساکان بە پێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤەکان گۆڕاون، بۆ نموونە پێش ئەوەی یاسا بەم شێوە و ناوەڕۆکە ناسراوەی کە ئێستا هەیە بنووسرێت و هەبێ ئەحکامی شەریعەتی هەر پێغەمبەرێك وەکو یاسایەك بووە بۆ ژیانی شوێنکەوتوانی پەیامەکەی، لە نێو سەرجەم پەیامی پێغەمبەرانیشدا گرنگییەکی زۆر بە بابەتی هاوسەرگیری دراوە، هەروەك دەبینین بە هۆی گرنگی و پێویستی پڕۆسەی هاوسەرگیری، لە نێو خودی ئەندامانی خێزانی حەزرەتی ئادەم دا پڕۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دراوە، پاشان هەر لە پێناو حیکمەت و گرنگی هاوسەرگیری پێغەمبەر (لووت) ڕێسای تایبەتی هەبووە بۆ هاوسەرگیری دروست لە نێوان هەردوو ڕەگەز بە بەڵگەی ئەوەی خودای گەورە سزای توندی نەتەوەکەی پێغەمبەر (لووت)ی دا بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە یاسای سەردەم بۆ هاوسەرگیری[١٠].

لەسەردەمی یاسای نووسراودا کۆنترین یاسا کە لەم جوگرافیایەی ئێمەدا نووسراوەتەوە (یاسای حامورابی)ە[١١] کە پێك هاتووە لە (٢٨٢) مادده یاخود قانون، لە چوارچێوەی ماددەکانی ئەم یاسایەدا نزیکەی (٤/١) یاسایەکە تەرخانکراوە بۆ بابەتەکانی خێزانی کە بریتین لە (هاوسەرگیری و منداڵ و بژێوی و جیابوونەوە و میرات).

> **کاتێک ڕادەمێنین لە ناوەڕۆکی یاسای باری کەسی عێراقی دەبینین ئاسانکاری زۆر کراوە بۆ هاوسەرگیری و بە پێچەوانەوە بەربەست و ڕێککاری زۆر و ئاڵۆز دانراوە بۆ جیابونەوەی هاوسەران**

لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری نووسراو، یاسایەك بە ناوی یاسای باری كەسی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پەسەند كرا كە تایبەتە بە كاروباری خێزان و بە تایبەتی ئەحكامەكانی تایبەت بە هاوسەرگیری، لە میانەی چەندین جار هەموار كردنەوەی یاسای باری كەسی عێراقی[١٢] ڕادەی گرنگی پێدانی یاسادانەری عێراقی دەردەخات بە پرۆسەی هاوسەرگیری، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو یاسادانەر لە پاڵ ئەم یاسایەدا یاسایەكی تایبەتی بۆ ئاینەكانی تری جگە لە موسڵمانان دارشتووە بە ناوی (قانون مواد الشخصیە)[١٣]، كاتێك ڕادەمێنین لە ناوەڕۆكی یاسای باری كەسی عێراقی دەبینین ئاسانكاری زۆر كراوە بۆ هاوسەرگیری و بە پێچەوانەوە بەربەست و ڕێككاری زۆر و ئاڵۆز دانراوە بۆ جیابونەوەی هاوسەران[١٤].

باسی دووەم / هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری:

كاتێك بمانەوێ چارەسەر بۆ هەر بابەت و ئاریشەیەك بدۆزینەوە پاشانیش هەنگاوی كرداری بنرێت، پێویستە پێش هەموو شتێك هۆكارەكانی كێشەكە بزانین بۆ ئەوەی بە پێی ئاست و ڕادەی كێشەكە چارەسەری گونجاوی بۆ دیاری بكرێت، لەم بابەتەی باسەكەماندا كە تایبەتە بە كەمبوونەوەی هاوسەرگیری هۆكارگەلی زۆر هەن بۆ كەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری بەڵام لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر و لەسەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر دەگۆڕێ، بۆیە لە پێناو بەرچاوڕوونی خوێنەر باسەكەم چڕ دەكەمەوە لەسەر هۆكارەكانی كەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لە عێراق و كوردستان.

> **ناهاوسەنگی هەیە لە نێوان ژمارە و ڕێژەی ئافرەتان لەگەڵ پیاوان، بۆیە ساڵانە ڕێژەی هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە و ژمارەی قەیرە کچەکانیش زیاتر دەبن**

تەوەری یەکەم /شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری:

لەوەتەی عێراق وەكو دەوڵەت هاتۆتە بوون دەبینین بە دەگمەن ساڵێك تێپەڕبوە كە شەڕ و ئاڵۆزی تێدا ڕووی نەدابێ، هەڵبەت یەكێك لە كەرەستەكانی شەڕ و ئاڵۆزییەكانیش مرۆڤن و لە نێو هەردوو ڕەگەزی مرۆڤیشدا پیاوان ڕێژەی هەرە زۆری قوربانیەكانی شەڕ پێك دەهێنن، ئەو جیلە مرۆڤەی عێراق كە ئێستا لە ژیاندان بە لایەنی كەمەوە كودەتاكانی ساڵانی (١٩٥٨) تا (١٩٧٩) یان لە بیرە، شەڕی (٨) ساڵەی عێراق و ئێران و شەڕی عێراق و كوێت پاشان شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی

کوردستانیان لە یادە، پرۆسەی بە ناو ئازادی عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣ خۆی لە خۆیدا سەرەتای دەستپێکردنی شەڕ و کوشتارێکی تازە بوو لە عێراق کە سەرهەڵدانی گروپی تیرۆرستی (داعش) تازەترین مۆدێلی مرۆڤ کوشتنیان نمایش کرد، کەواتە بە هۆی شەڕەوە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی عێراق و کوردستان کوژراون بەم پێیەش بە لێکدانەوەیەکی زۆر سانا و سادە دەردەکەوێ کە ناهاوسەنگی هەیە لە نێوان ژمارە و ڕێژەی ئافرەتان لەگەڵ پیاوان، بۆیە ساڵانە ڕێژەی هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە و ژمارەی قەیرە کچەکانیش زیاتر دەبن.

تەوەری دووەم/ جیاوازی تەمەنی گەنجان بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا:

بە سەرنجدان لە تۆماری تایبەت بە گرێبەستی هاوسەرگیری لە نێو دادگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینین لە سەردەمی ئێستا کچان و کوڕان لە تەمەنێکی کەمدا بڕیاری هاوسەرگیرییان داوە، هەمدیس دەبینین لە تۆمارەکانی دادگا سەبارەت بە ڕێژەی جیابوونەوە دەردەکەوێت زیاتر لە (٩٠٪) لە سەدا نەوەدی ئەو ژن و مێردانەی لە یەکتر جیابوونەتەوە تەمەنیان لە خوار (٤٠) ساڵییەوەیە[١٥]، ڕەنگە بەشێکی کەمی ژنە تەڵاقدراوەکان جارێکی تر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەنەوە بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان هەر لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرگیری دەمێننەوە، بەمەش ژمارەیەکی تر دەچێتە سەر ئەو ژمارە قەیرە کچانەی کە هەن لە نێو کۆمەڵگادا ...

تەوەری سێیەم/ کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات:

لای هەموان ئاشکرایە ماوەی (٦) ساڵ دەبێت قەیرانی ئابووری بە تایبەتی قەیرانی دارایی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، ئەمە جگە لەوەی جەنگ لەگەڵ خۆیدا جۆرەها قەیران و دەرهاوێشتەی خراپ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ لە نێویشیاندا قەیرانی دارایی، سروشت و پێکهاتەی هەندێ لە کەسەکان وایە بەرگەی وەها قەیرانێك ناگرن بۆیە کۆچ دەکەن لە وڵاتی خۆیان بۆ شوێن یان وڵاتێکی تر بە ئومێدی دۆزینەوەی ژیانێکی ئاسوودەتر، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە (٢) قۆناغ کۆچی بە لێشاو بۆ دەرەوەی وڵات ڕوویداوە، قۆناغی یەکەم لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و بە دیاری کراویش لە دوای شەڕی نێوان عێراق و کوێت و لە ساڵانی شەڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، قۆناغی دووەمیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەش بە هۆی شەڕی تایەفی و پەیدابوونی جۆرەها گروپی تیرۆرستی و میلیشیای سەربازی، بە جۆرێك تەنیا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣) تاوەکو (٢٠١٨) بە پێی سەرچاوە فەرمییەکان نزیکەی (١،٧٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار هاوڵاتی عێراقی کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات کە دابەش بوون بەسەر (٦٧) وڵات لەسەرتاسەری جیهان[١٦]، لەم ژمارەیە نزیکەی (٩٥٠٠) یان پزیشکن، تەنیا لە ماوەی (٩) مانگی ڕابردوی ساڵی ٢٠٢٠ تەنیا لە هەرێمی کوردستان (٢٢٠٠٠) کەس کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وڵات، لە ماوەی (٢٠١٥ -٢٠٢٠) ٢٤٢ کۆچبەر مردوون[١٧] لە نێو ئەم ژمارانەشدا زۆرینەی هەرە زۆریان لە ڕەگەزی نێرن و لە توێژی گەنجانن، ئەم حاڵەتەش بە ئاستی خۆی کاریگەری دادەنێ لەسەر ناهاوسەنگی لە نێوان ڕێژەی هەردوو ڕەگەز.

(شەڕ و نائارامی) و (جیاوازی تەمەن بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوو) و (کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات) سێ هۆکاری زەق و کاریگەرن لە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی باسکراوەکانی سەرەوە لەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێت هەریەکە لە هۆکارەکانی (شەڕ و نائارامی) و (جیاوازی تەمەن بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوو) و (کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات) سێ هۆکاری زەق و کاریگەرن لە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

باسی سێیەم / چارەسەر بۆ کێشەی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری:

بێگومان هەموو چارەسەرێك پێویستە بە ڕادەی ئاست و ڕێژەی کێشەکە بێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی بەرچاوی لێ بکەوێتەوە، بۆیە بە تێڕوانین لە لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری، پێمان وایە ئەم چارەسەرانەی لای خوارەوە بە ڕادەی کاریگەری هۆکارەکان کاریگەرییان دەبێ لەسەر گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری:

تەوەری یەکەم / بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە نێو کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری:

پێویستە لە ئاستێکی فراواندا و لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵاتیەکان و لەلایەکی ترەوە لەلایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان ڕۆشنبیری یاسایی و کۆمەڵایەتی خێزانی و بە شێوازی جۆراو جۆر و سەرنج ڕاکێش ڕۆشنبیری خێزانی و هاوسەرگیری بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی گەنجان و دایك و باوکان دوور بکەونەوە لە بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی وەها بچوکدا کە هێشتا کچ یان کوڕ وەکو پێویست جەستە و باری دەروونی ئامادە نییە بۆ وەها پرۆسەیەکی هاوبەشیکردن لە ژیان و بەرگەی سەختیەکانی ژیان ناگرێ بە تایبەتی لە وڵاتێکی پڕ لە کێشە و قەیرانی وەکو عێراق.

تەوەری دووەم / کردنەوەی خول بۆ ئەو گەنجانەی کە مامەڵەی گرێبەستی هاوسەری پێشکەش بە دادگا دەکەن:

لە ئاستی فەرمیشدا پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێ و هەردوولایەنی گرێبەستی هاوسەرگیری پابەند بکرێن بۆ بەشداری پێ کردنیان لە خولێکی ڕۆشنبیری دەربارەی وردەکاری و خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی هاوسەریێتی بۆ ئەوەی هەردوولایان باشتر یەکتر بناسن و تەنیا لە پێناو خۆشیەکان بڕیاری هاوسەرگیری نەدەن بەڵکو بەرپرسیاریێتی بەڕێوەبردنی خێزان و بژێوی و خستنەوەی منداڵ ...هتد لەبەرچاو بگرن و خۆیان بۆ ئەو قۆناغە نوێیە لە ژیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی لە دوای ماوەیەکی کەم لە پرۆسەی هاوسەرگیری جیابونەوە ڕوو نەدات.

> **❞ لە پێناو گەڕانەوەی هاوسەنگی نێوان هەردوو ڕەگەز و کەمبوونەوە یان نەمانی دیاردەی قەیرەیی پێویستە لە هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرمیدا ڕێگە خۆش بکرێ بۆ هێنانی ژنی دووەم بۆ هەندێ حاڵەتی دیاریکراو و پێویست**

تەوەری سێیەم / ئاسانکاری یاسایی و دارایی بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری دووەم بۆ چەند حاڵەت و چینێکی دیاری کراو:

لە پێناو گەڕانەوەی هاوسەنگی نێوان هەردوو ڕەگەز و کەمبوونەوە یان نەمانی دیاردەی قەیرەیی پێویستە لە هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرمیدا ڕێگە خۆش بکرێ بۆ هێنانی ژنی دووەم بۆ هەندێ حاڵەتی دیاریکراو و پێویست، بۆ نموونە بە پێی یاسایەکی تایبەت یان لە شێوەی هەمواری یاسای باری کەسی چەند بنەما و ڕێکارێك ڕێکبخرێ بۆ ئەو پیاوانەی کە هۆکارێکی مەعقولیان هەیە بۆ هێنانی ژنی دووەم ئەوا ڕێگەیان پێ بدرێ بەڵام بە ڕەچاو کردنی ئەو مەرجانەی شەریعەتی ئیسلام دیاری کردووە و بە مەرجی ئەوەی کە ئەو ئافرەتەی دەیکاتە هاوسەری خۆی پێویستە تەمەنی لە سەرووی (٣٠) یان (٣٥)ساڵیەوە بێت، بەمەش تاڕادەیەکی باش و بە ڕێژەیەکی دیاریکراو کاریگەری دەبێ لەسەر زیاد بوونی ڕێژەی هاوسەرگیری و کەمبوونەوەی ژمارەی قەیرە کچان، لەم چوارچێوەیەدا لە تازەترین هەنگاوی فەرمیدا بانکی ڕەشید لە سنووری قەڵەمڕەوی حکومەتی عێراقدا بڕیاری داوە بە پێدانی بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار بۆ ئەو پیاوانەی کە ژنی دووەم دەهێنن.

سەرچاوە و پەراوێز:

(١) قورئانی پیرۆز، سورەتی (الروم)، ئایەتی (٢١) ((وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)) .

(٢) کتێبی: موقەدیمەی ئیبن خەلدوون.

(٣) قورئانی پیرۆز، سورەتی (هود)، ئایەتی (١١) ((حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ))

(٤) قورئانی پیرۆز، سورەتی (الحجرات)، ئایەتی ژمارە (١٣).

(٥) قورئانی پیرۆز، سورەتی (البقره)، ئایەتەکانی (٢٢٦-٢٣٢) ((لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ۖ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ٦٢٢ وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ....))

(٦) قورئانی پیرۆز، سورەتی (النساء)، ئایەتی (٧) ((لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا)

(٧) رواه البخاری ومسلم عن عبدالله بن مسعود.

(٨) رواه الترمذي وغيره.

(٩) ئینجیلی لۆقا: ١٦، بەرگی ١٨.

(١٠) قورئانی پیرۆز، سورەتی (الأعراف)، ئایەتی (٨٠ و ٨١) ((وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِنَ الْعَالَمِينَ ٠٨ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ ۚ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ مُسْرِفُونَ))

(١١) حامورابی: یەکێك لە پادشاکانی ئیمپراتۆریەتی بابلی کە لە ساڵی (١٧٩٢-١٧٥٠) ی پێش زایین حوکمی وڵاتی (بين الرافدين)ی کردووە، چەند یاسایەکی دانا بە ناوی کۆمەڵە یاسای (حامورابی) پێکهاتووە لە (٢٨٢) یاسا یان مادده کە تیایدا لایەنەکانی پەیوەندیدار بە ((بابەتی ئایین و هاوسەرگیری و میرات و بازرگانی، پاشان بنەمای دیاریکردووە بۆ تاوانباران)).

(١٢)یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩) لە وەقایعی عێراقی بە ژمارە (٢٨٠) لە ڕێکەوتی (١٩٥٩/١٢/٣٠) بڵاوکراوەتەوە .

(١٣) یاسای (مواد الشخصیه)ی عیراقی.

(١٤) ماددەکانی (٤٠،٤١،٤٢) لە یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی (١٩٥٩) .

(١٥) ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان تایبەت بە هاوسەرگیری و جیابوونەوە .

(١٦) ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

(١٧) دەزگای لوتکە بۆ کاروباری کۆچبەران و پەنابەران.

پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان سیستەمی ئیسلامی و جیهانگیری سەرمایەداری

د. ئیدریس کەریم

پرۆفایل:

ادریس کریم کاریتانی- لەدایکبووی ١٩٧٢، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، شارەزا لەبواری فیکری ئیسلامی، ئەندامی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان، بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕوناکی، خاوەنی ٧ پەرتوك لەبواری فیکری ئیسلامی.

هەر چەندە ئاسان نییە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمە سەرقاڵ کراو بەکۆمەڵێك گیرو گرفتی ژیان و گوزەران و ململانێی سیاسی و چەواشەکاری فکری، بتوانی ئاوڕ لەشێوازی سیستەمی ئەمڕۆی جیهان بداتەوە، بزانێ ئایا ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ جیهان بەڕێوە دەبات چ سیستەمێکە؟ چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر پڕۆسەی هاوسەرگیری؟ وردە وردە بەسانایی و بەپەنهان چەندە قەناعات و تێڕوانینی گەنجانی گۆڕیوە لەبارەی پێکهێنانی هاوسەرگیری؟ ماددە بۆتە ئامانج لەجیاتی ژیانی هاوسەرگیری یان نا؟ سیستەمی ئیسلامی لەم ڕۆژگارەدا بۆ ناتوانێ وەك پێویست قەناعەت بەرەگەزی نێر و مێ بێنێ کە ژیانی هاوسەرگیری ماددە نیە؟ بەڵکو بەشێکە لەم پەیامە پیرۆزەی کە مرۆڤ دەبێ ئەدای بکات؟ لەگەڵ دەیان پرسیاری تر کە ئەمڕۆ جیهانگیری بەئاڕاستەکردنی سیستەمی سەرمایەداری تووشی کۆمەڵگای ئێمەی کردووە.

هەر چەندە لەئەسڵدا جیهانگیری خۆی بە بازاڕی گشتی ئابووری ناساندووە، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بەشێکی زۆری وا تێگەیشتووە کە جیهانکیری تەنها بازاڕی ئابووری پێکەوە بەستاوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا وانیە، بەڵکو جیهانگیری ئەمڕۆ ئاڕاستە دەکرێت لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات، بۆیە زۆر لەبیرمەندانی سەردەم ناویان لەجیهانگیری ناوە ئەمرەکە، کە دەڵێن سیستەمی سەرمایەداری واتە بەرنامەیەکی گشتکیر بۆ ژیان بەتێڕوانینی فکری سەرمایەداری، بەشێك لەم سیستەمە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و باری کەسیە، لەم ناوەندەشدا بابەتی هاوسەرگیریە، بەبێ هەستکردن بەم بابەتە تەنانەت بەشێکی نوخبەش ئاگاداری ئەوە نین، کەیەکێك لەباڵنەرە هەرە بەهێزەکان بۆ کەمبوونەوە و لێکهەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری بڵاوبوونەوەی فکری سیستەمی سەرمایەداریە لەڕێی جیهانگیری لەبارەی هاوسەرگیریەوە.

شێوازی هاوسەرگیری لەتێڕوانین و فکری سەرمایەداری و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی:

هەر سیستەمێك تێڕوانینی جیاوازی هەیە بۆ شێوازی هاوسەرگیری کردن و ڕێکخستنی باری کۆمەڵایەتی، سیستەمی باری کۆمەڵایەتی ئیسلامی هاوسەنگە و کۆمەڵێك ئامانجی گەورەی لەخۆ گرتووە، واتا هاوسەرگیری لەسەر ئەساسی سوود و قازانج و شەهوەت پێك نایەت، بەڵکو بەکۆمەڵێك ئامانجی گەورەو بنەڕەتی ئەنجام دەدرێت، هەر پەیوەندی بەخۆیەوە نیە بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتاك و خێزان و کۆمەڵگاوەیە، لەوێشەوە پەیوەندی بەبواری ئەمنی و ئارامی و سایکۆلۆژی و ئابووری و تادەگاتە بنەمای بەهێزی ئوممە: بۆ ئەوەی هەندێك بەرچاومان ڕۆن بێ چەند خاڵێك لەئامانجی هاوسەرگیری باس دەکەین لەسیستەمی ئیسلامی:

١- زیادبوونی ڕێژەی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ درێژە پێدانی ژیان و پشتاو پشتی نەوەکان، ئەمڕۆ ئەوروپا بەهۆی نەبوونی زەواج و لێکەوتنەوەی منداڵ تووشی گەورەترین گرفتی سەروەتی مرۆیی بووە، لەم ڕووەشەوە بەردەوام دەرگای واڵا کردۆتەوە بۆ خەڵکانی تر چونکە دەستی کاری بەش ناکات و پێویستی بەسەروەری بەشەری هەیە، بەڵام لەسیستەمی ئیسلامی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم).

٢- پەیداکردنی منداڵ، ڕووناکی چاوی مرۆڤە، خودای گەورە دەفەرمووێت: (وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا) (الفرقان:٧٤) واتە: (ئەوانەش کە دەڵێن: پەروەردگارا لە

هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمانکە بە پێشەوا بۆ پارێزکاران و خوداناسان). کەواتە خێزان و منداڵ ڕووناکی چاوە خودای گەورە هانمان دەدات بەم ئایەتە کە زوو هاوسەرگیری ئەنجام بدەین.

٣- پەیدابوونی جوانکاری و خۆشیەکانی دونیا، منداڵ یەکێکە لە زینە و جوانکاریەکان کە مرۆڤ داوای دەکات وە پێویستی پێیەتی لەڕووی فیترەتەوە، خودای گەورە دەفەرموێت:(الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا) (الكهف: ٤٦) واتە: (ماڵ و سامان و وەچە، زینەت و جوانین بۆ ژیانی دونیا، بەڵام دڵنیا بن کردەوە چاکەکان کە بەرهەمیان دەمێنێتەوە پاداشتیان چاکترە لای پەروەردگارت و ئومێد و هیوای چاکتریشی لێ دەکرێت بۆ خاوەنەکانیان).

٤- پاراستنی داوێن لە فیتنەی هەوەسبازی، زوو هاوسەرگیریکردن گەنجان دەپارێزێ لە داوێن پیسی. لەبەر ئەم هۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ منكُم الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ[1]. واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان هەر کەسێك لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەیە با ژن بهێنێ، چاوان دادەپۆشێ لەگوناە، داوێن دەپارێزێ، ئەگەر نەیتوانی با بەڕۆژوو بێ ئەوا دەیپارێزێ.

٥- کەمکردنەوەی بەدڕەوشتی لەناو کۆمەڵگا. درەنگ هاوسەرگیری کردن هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی لەناو کۆمەڵگا و فیتنەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه إلا تفعلوه تكن فتنة في الأرض وفساد كبير[2]. واتە: ئەگەر کەسێك هات بۆ داخوازی کچەکانتان لەئایین و ڕەوشتی ڕازی بوون لێی مارە بکەن، ئەگەر وانەکەن ئەوا فیتنە و بەدڕەوشتی لە زەوی بڵاودەبێتەوە.

هاوسەرگیری لەسیستەمی سەرمایەداریدا لەسەر بەرهەم (الانتاج) بینا دەکرێت، سیستەمی سەرمایەداری هانی تاکەکان دەدات هاوسەر هەڵبژێرن تا انتاج زیاد بێت لەڕووی ئابووریەوە

چ سوودێك لەوە گەورەترە ببێتە هۆکار بۆ پاراستنی داوێنی ئافرەتێکی موسڵمان کۆمەڵگاکەشت بپارێزی لەفیتنە و بەدڕەوشتی؟!

٦- زیادبوونی بەرەکەتی خودای گەورە لەم هاوسەرگیریە، بەهێزبوونی بواری ئابووری تاك و کۆمەڵگا، هەر گەنجێك بەنیازی پاراستنی داوێن و چاو زوو هاوسەرگیری بکات خودای گەورە بەرەکەتی لەم هاوسەرگیریە زیاد دەکات وەك پێغەمبەرمان (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (وَمَنْ تَزَوَّجَ امْرَأَةً لَمْ يَتَزَوَّجْهَا إِلَّا لِيَغُضَّ بَصَرَهُ أَوْ لِيُحْصِنَ فَرْجَهُ ، أَوْ يَصِلَ رَحِمَهُ بَارَكَ اللَّهُ لَهُ فِيهَا ، وَبَارَكَ لَهَا فِيهِ[3]. واتە: هەر کەسێك ژن بهێنێ مەبەستی لەم ژنهێنانە تەنها ئەوە بێت چاوی داپۆشێ لە حەرام و داوێنی بپارێزێ و (سیلەی ڕەحم) بەجێ بگەیەنێ ئەوا خودای گەورە نێوان هەردووکیان پیرۆز دەکات و بەرەکەتیان دەخاتە نێوان. لەگەڵ چەندان ئامانجی تر ناکرێ لێرە دیاری بکەین.

بەڵام هاوسەرگیری لەسیستەمی سەرمایەداریدا لەسەر بەرهەم (الانتاج) بینا دەکرێت، سیستەمی

سەرمایەداری هانی تاکەکان دەدات هاوسەر هەڵبژێرن تا انتاج زیاد بێت لەڕووی ئابوورییەوە ، ئەوان بڕوایان بە (المذهب الفردي) هەیە، هەر لەسەرتاوە بناغەی ژیانی هاوسەرگیری لەسەر بەرهەمهێنان بینا دەکەن، واتە بەکورتی مادده چونکە لەلای ئەوان دروشمی (لا اله والحياة مادة) مەبدەئو ئیمانە، بۆیە دەبی هاوسەرگیریش بەم ئاڕاستەیە بیری لێ بکرێتەوە، کاتێك هاوسەرگیری دەکەن تێڕوانینیان بۆ ئاین و تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری، تەنها لەسەر ئەساسی بەرهەمهێنانە، واتە کام لەوانە بەرهەمی ئابووری زیاد دەکات؟ کام لەوانە ڕێگرە لەزیادبوونی بەرهەم؟ زۆر هانی شێوازی هاوسەرگیری خاوەن بڕوانامە و پیشە زانکۆییەکان دەدەن، بەو ئیعتیبارەی یەکەم: زۆرترین بەرهەم بەدەست دێنن لەڕووی مووچە و پیشەکانیانەوە هەردووکیان بەرهەمیان هەیە. دووەم: ئەگەر وەچەشیان پەیدا بوو ئەوانیش زیرەك دەبن لەڕووی ئابوورییەوە،

> **بەپێی هەندێک سەرژمێری ڕێژەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەو وڵاتانەی سیستەمی سەرمایەداری جێ بەجێ دەکەن گەیشتۆتە نیوەی، ئەمەش وای کردووە هاوسەرگیری کەم بکاتەوە، گەنج نەوێرن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ ئێستا لەکوردستان دەبینرێ و کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری کردووە.**

چونکە دایك و باوکیشیان زیرەك و خاوەن شەهادە بوون، هەمان انتاج بەرهەم دێنن. هەر لەسیستەمی سەرمایەداری بەناوی ئازادی تاك و ڕزگاری کۆمەڵایەتی زۆر هەوڵدرا خێزان هەڵوەشێتەوە و نەهێڵدرێت، بەڵام بەهۆی ڕێژەی زۆری تەڵاق و هەڵوەشانەوەی خێزان بەتایبەتی لەئەمریکا خەریکە سیستەمی سەرمایەداری لەبواری کۆمەڵایەتی و باری کەسی گۆشەکیر بکرێت، بەپێی هەندێك سەرژمێری ڕێژەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەو وڵاتانەی سیستەمی سەرمایەداری جێ بەجێ دەکەن گەیشتۆتە نیوەی، ئەمەش وای کردووە هاوسەرگیری کەم بکاتەوە، گەنج نەوێرن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ ئێستا لەکوردستان دەبینرێ و کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری کردووە.

زانایانی زانستی کۆمەڵناسی بڕوایان وایە هەڵوەشانەوەی خێزان و کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسیستەمی سەرمایەداریدا بۆ چەند هۆکاریك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١- **خێزانی بچووك:** واتە سیستەمی سەرمایەداری هەوڵی شکست پیهێنانی خێزانی گەورە دەدات، وادەکات خێزان پیك بێت لەباوك و دایك و یەك یان دوو منداڵ، تا منداڵ ڕێگر نەبێ لەکار کردن، بەبڕوای وان ئەم شێوازە یارمەتی دەرە بۆ زیادکردنی انتاج لەکۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم دیاردەیە ئێستا لەکوردستان زۆرە و تەنانەت هی وا هەیە بڕوای وایە منداڵ بەخێوکردن بارگرانیە و پیویست ناکات بۆیە هاوسەرگیریش ناکات.

٢- نەبوونی بناغەی خۆشەویستی لەپرۆسەی هاوسەرگیری: لەسیستەمی ئیسلامی سەکینەت و رەحمەو مەوەدە هەیە. ئەمەشیان ئێستا لەپرۆسەوی هاوسەرگیری کەم بووە.

٣- کارکردنی کچان و ئافرەتان لەهەموو تەمەنیان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان: لەسیستەمی ئیسلامی نەفەقە و ژیانی هاوسەر لەسەر پیاوە. بۆیە کچان ناترسن لەپرۆسەی هاوسەرگیری.

٤- داڕووخانی ئەخلاقی هەر لەکچێنیەوە.

٥- نەبونی بەرپرسیاریەتی: واتا هەر کەس بەرپرسە لەخۆی کەس بەرپرسیاریەتی کەس هەڵناگرێ(٤).

> **سەرمایەداری هەوڵی بەماددەبوونی تاک و خێزان و کۆمەڵگا دەدات، هەوڵی گرنکیدان تەنها بە مادده دەدات، تاوای لێهاتووە گەنج بە هەردوو ڕەگەزیەوە تەنها بیر لەمادده بکاتەوە ❝**

دەر ئەنجام:

دونیا لەدوای شەپۆلی جیهانگیری بۆتە گوندێك و تەواوی سێکتەرەکانی ژیان تێکەڵ بووە، جیهانگیری بە فکر و سیستەمی سەرمایەداری دەیەوێ لەهەموو بەشەکانی ژیان خۆی بسەپێنێ لەبواری ڕۆشەنبیری و سیاسی و فکری و فەرهەنگی و سەربازی و شوناس و تەنانەت سیستەمی کۆمەڵایەتیش، هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی هەست بەم شەپۆلە ترسناکە دەکەن و کۆمەڵێك هەنگاویان ناوە بۆ پاراستنی شوناس و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەیان، بەداخەوە هەرێمی کوردستان بازاڕیکی ئازادە و هەر کلتور و سیستەمێك بێت بەئاسانی تیکەڵ بەکۆمەڵگا دەبێت و هیچ بەربەستێکی لەپێش نیە، زۆر جار هاوکاریش دەکرێت، سەرمایەداری هەوڵی بەماددەبوونی تاك و خێزان و کۆمەڵگا دەدات، هەوڵی گرنکیدان تەنها بە مادده دەدات، تاوای لێهاتووە گەنج بە هەردوو ڕەگەزیەوە تەنها بیر لەمادده بکاتەوە و بۆ مادده بژی و ئامانجی تەنها مادده بێت. بۆیە پرۆسەی هاوسەرگیری لەخەیاڵ و فکری نیە، تەمەنێك بەرێ دەکات بە دوای مادده و دەوڵەمەندی، دواتر قۆناغی سروشتی خۆی تێدەپەڕێنێت و خەلەل بەپرۆسەکە دەگەیەنێت. دەرئەنجام چاولێکەری لەنێو گەنجان پەرە دەسێنێت، پێی وایە ئەمڕۆ ژیانی ماددی گرنکە نەك پرۆسەی هاوسەر گیری.

پەراوێزەکان

١- رواه البخاري ومسلم.
٢- رواه الترمذي.
٣- رواه الطبراني في الأوسط.
٤- النظام العائلي ودور الأسرة في البناء الاجتماعي الاسلامي، الدكتور زهير الأعرجي.

قەیرەیی لە نێوان قەدەری تاك و نەریتی کۆمەڵگادا

کامیل مەحمود

پرۆفایل:

کامیل مەحمود ئەحمەد - لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٦ شاری هەڵەبجە، کاری فەرمی: پێشنوێژ و وتارخوێن لەمزگەوتی نور لەهەڵەبجە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خاوەنی کۆمەڵێك کتێب لەبوارەکانی ئایین و فیکر و سیاسەت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لەدوای ڕاپەڕینەوە سەرنووسەری کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامە بووە.

قەیرەیی و دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری لەلایەن کوڕان و کچانەوە یەکێکە لەو گرفتانەی زۆرجار ئاسەواری خراپ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك و کۆمەڵگە دروست دەکات، بەتایبەتی ئەم دیاردەیە کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی ڕەگەزی مێ زیاترە بەحوکمی کلتوور و تایبەتمەندی خودی ڕەگەزەکە.

قەیرەیی یەکێکە لەو دەرەنجامانەی دواخستنی هاوسەرگیری یان پشتگوێخستنی بەهەر هۆکارێك بێت، بێگومان هاوسەرگیری لەهەموو ئەو پاڵنەرانەی دواخستنەکە گەورەترە بەو پێیەی پرۆسەی هاوسەرگیری زەمینە دەسازێنێت بۆ سەقامگیری جەستەیی و دەروونی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە کە دواتر هەموو یا زۆربەی ئەو تموح و ئامانجانەی لەپێناویاندا هاوسەرگیری دوادەخەن بێنەدی.

دیاردەی قەیرەیی گرفتێکی گەورەیە کە زۆرجار دەبێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر قەوارەی کۆمەڵگە و سەقامگیری لەژیانی خەڵکدا، دیاردەکە هەندێ کات سەر بۆ نانەوەی هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتی دەکێشێت، بەتایبەتی لەکۆمەڵگە پارێزگار و پابەندەکاندا.

ئەم دیاردەیە گرێیەکی دەروونی کوشندە لەژیانی ئافرەتاندا دروست دەکات و ئاڵۆزی دەخاتە ناو بوارەکانی ژیانییەوە، هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی خۆکوژی کە لەهەندێ وڵاتدا ئەو ڕێژەیە گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار.

> **دیاردەی قەیرەیی گرفتێکی گەورەیە کە زۆرجار دەبێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر قەوارەی کۆمەڵگە و سەقامگیری لەژیانی خەڵکدا ❞**

توێژەران و بەتایبەتی کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەی خێزانی بەتایبەتی لەناوچەی ئیسلامیدا توێژینەوە و گفتوگۆی زۆریان لەسەر دیاردەی قەیرەیی و مانەوەی ئافرەت لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری کردووە و وەڵامی زۆر پرسیاریان داوەتەوە کە ئایا ئەم دیاردەیە گرفتە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە؟ هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە چین؟ ئایا تەمەنێك بۆ قەیرەیی هەیە؟.

وەڵامی ئەم پرسیارانە لای کۆمەڵگە موسڵمانەکان و کۆمەڵگەکانیتر بەتایبەتی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان وەکو یەك نین و نەریت و کلتوور و باری ژیاریی کۆمەڵگەکان دەیانگۆڕێت، هەندێ کۆمەڵگە هەر بەگرفتیشی نازانن و بابەتەکەیان نەخستووەتە ناو بواری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و گرنگیپێدان، بەتایبەتی لە هەندێ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی کە بایەخی هاوسەرگیری شەرعی و پێکهێنانی خێزان لایان کاڵ بووەتەوە و هێشتا نەگەیشتوون بەئاسەوارە خراپ و مەترسیدارەکانی ئەو بایەخنەدانەیان بە قەوارەی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری دروست.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە زۆری قەیرەیی و هەڵکشانی تەمەنی هەردوو ڕەگەزەکەی ناو کۆمەڵگە موسوڵمانەکانە لەدەرەوەی ژیانی هاوسەرگیری، لەکاتێکدا کە ئەم کۆمەڵگایانە خاوەنی میرات و مەورووسێکی ئاینی و ڕۆشنبیری دەوڵەمەندن بۆ ڕێگری لەم دیاردەیە، بەتایبەتی کلتووری ئاینییان هانی پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان دەدات.

هاوسەرگیری بنەمای بەردەوامی ژیانە:

هاوسەرگیری کە پرۆسەی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی مرۆییە و سوننەتی پەروەردگارە بۆ بەدیهێنراوەکانی و لەباشترین فۆرم و میکانیزمی شەرعی و مرۆییدا بەهۆی ئایینەکانییەوە بۆ مرۆڤەکانی ڕێکخستووە، بەتایبەتی ئەو ڕێوشوێنە شەرعییانەی ئیسلام دیاری کردوون.

تەنانەت لەقورئانی پیرۆزدا خوای گەورە زەواج و بە یەکگەیشتنی هاوسەرەکانی وەك نیشانە و بەڵگەی ناوازەی خۆی ناساندووە وەك چۆن ڕۆژ و شەو و ئاسمان و ئەستێرەکانی وەك نیشانەی بوون و گەورەیی خۆی ناساندووە: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)الروم:٢١.

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزی دامەزراوە لەسەر خۆشەویستی و تەواکاری لەنێوان ژن و پیاوی هاوسەردا، هەر یەکە لەوان ماف و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە و لەچوارچێوەی قەوارەیەکدا کارەکانیان ڕێك دەخەن و ئەرکەکانیان تەواکەری ئەرکی یەکترن، پاشان هەر ئەم قەوارە بچووکانەیە دواتر قەوارەی گەورەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن.

”تویژینەوەیەکی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی هارفاردی ئەمریکی دەڵێت ئەو کەسانەی هاوسەرگیرییان کردووە تەندروستییان زۆر باشترە لە وانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە، بەتایبەتی پیاوان، هەروەها لەڕێژەی مردنیشدا.

هەموو توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە هاوسەرگیری و بەیەکگەیشتنی ئەو دوو ڕەگەزە مرۆییە لەچوارچێوەی قەوارەی خێزانێکدا ئەوپەڕی بەسوودە بۆ تەندروستی مرۆڤ، توێژینەوەیەکی کۆلیژی پزیشکی زانکۆی هارفاردی ئەمریکی دەڵێت ئەو کەسانەی هاوسەرگیرییان کردووە تەندروستییان زۆر باشترە لە وانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە، بەتایبەتی پیاوان، هەروەها لەڕێژەی مردنیشدا.

هۆکاری ئەم بارە تەندروستەی هاوسەرەکانیش هەموو عەقڵێکی هۆشیار دەرکی پێ دەکات، ئەوانەی لەچوارچێوەی خێزانێکدا ژیانیان ڕێکخراوتر و پاك و خاوێنترە لە ڕووی سیستمی خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و چوێنی نیشتەجێ و هەروەها باری دەروونیشەوە.

مرۆڤی بێ هاوسەر کە تەمەنی هاوسەرگیری تێپەڕاندووە هەست بەگۆشەگیری و دابڕان دەکات لەژیان و کۆمەڵگە، لەڕووی دەروونییەوە دۆخێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیری هەیە، هەندێ جار هەوڵ دەدرێت ئەم بۆشاییە بەهەندێ کار و ڕەفتاری زیانبەخشی وەك جگەرەکێشان و مەیخواردنەوە و زیادەڕەوی تیایاندا پڕ بکرێتەوە.

ئەو بەختەوەری و سەقامگیرییە دەروونی و جەستەییەی لای هاوسەرەکان هەیە زۆر زیاترە لەوانیتر، تەنانەت قورسایی گرفت و کێشە خێزانییەکانی هاوسەرەکانیش زۆر سوکتر و ماندوونەکەرترە لەو

گرفتانەی دووچاری مرۆڤە بێ هاوسەرەکان دەبن، چونکە کێشە خێزانییەکان سروشتی و پەیوەستن بەسوننەتی ژیانی هاوسەرەکانەوە و دەرهاوێشتەی سروشتی ژیانە نەك هاوسەرگیری، بەڵام بێ هاوسەرەکان کێشەکانیان لەخودی خۆیان و ژیانە تایبەتەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە زیاتر دەکەونە ژێر باری قورسایی کێشەکانیان.

هاوسەرگیری درێژە بە مانەوە و بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەدات، مرۆڤەکان بە هاوسەرگیری نەژاد و ڕەگەزی مرۆیی لەسەر ئەم هەسارەیە دەپارێزن، تەنانەت دوالیزە بەدیهێنراوەکانی غەیری مرۆڤیش لەهەمان ڕێگاوە بوون و مانەوەیان پارێزراوە.

کەمبوونەوەی ئەم پرۆسەیە یان دواخستنی یەکێکە لەگرفتە گەورەکان و لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵگەکان چەندین ئاسەوار و دەرهاوێشتەی خراپ دەخولقێنێت، یەکێك لەو دەرهاوێشتانە گرفتی (قەیریی)ە بۆ ڕەگەزی مێ کە دۆخی ژیانی ئەو ڕەگەزە مرۆییە دەخاتە بارێکی ئاڵۆزەوە.

چەمکی قەیرەیی:

چەمکی (قەیرە) و قەیرەیی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر جیاوازە، لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریشدا ئەو ئافرەتەی لەتەمەنی باوی خۆیدا شوو نەکات پێی دەڵێن (قەیرە)، واتە قەیرە کچ ئەوانەن کە داخوازییەکی زۆری دێت و شوو ناکات تا ئەو کاتەی کە ئیتر لەوانەی پێشووتر باشتر نایەنە داوای و ئەویش کورد گوتەنی لەئاوی دوو جەژنە دەبێت و دەمێنێتەوە، یان بەهۆیەکەوە هەر لەسەرەتاوە داخوازیکەری نابێت و تەمەنی هەڵدەکشێت و بەقەیرەیی دەمێنێتەوە. لەناو گەلانی عەرەبدا زاراوەی جیاواز بۆ ئەم کەسانە داتاشراوە و دیارترینیان زاراوە عنوسەتە(العنوسە).

هەندێ لەپسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی بەو شێوەیە پێناسەی قەیرە دەکەن کە گەیشتنی کچ بەتەمەنێکی دیاریکراوە کە هێشتا شووی نەکردووە و ئیتر ئارەزووی خواستنی ناکرێت، ئەوان ئەم حاڵەتە تەنها تایبەت ناکەن بەئافرەت، بەڵکو پیاوانیش دەگرێتەوە، ئەمەش دیاردەیەکەو هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی خۆی هەیە، بەڵام بەپلەی یەکەم دیاردەیەکی نەرێنییە ومرۆڤ خۆی دەیخولقێنێت، پسپۆڕی کۆمەڵایەتی(عادل بدارنە) دەڵێت: قەیرەیی دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری یان تێپەڕینی شەمەندەفەری زەواجە(١).

بەکارهێنانی زاراوەی (قەیرەیی) لەکۆمەڵگەی کوردیدا تەنها بۆ ئافرەتە و ئەو پیاوەی تەمەنی هاوسەرگیری هەڵکشاوە و هێشتا ئەو پرۆسەیەی ئەنجام نەداوە پێی ناوترێت قەیرە، بەڵکو زیاتر وشەی (سەڵت)ی بۆ بەکار دەهێنرێت، هەرچەندە نەریتە کۆمەڵایەتییەکە کەمتر زوم دەخاتە سەر پیاوانی بێ هاوسەر.

بەپێی نەریتی کۆمەڵگەکان تەمەن و بەسەرچوونی کاتی هاوسەرگیری کچان هەندێ جیاوازی هەیە، بەڵام دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی ئەو کاتە دیاری بکەین کە کچان زیاتر جێگای سەرنجی کوڕانن بۆ خوازبێنی کە زیاتر لەتەمەنی تێپەڕاندنی قۆناغی پێگەیشتن(بلوغ)دایە، خوازبێنیکار بە بەردەوامی بۆی دێتەپێش، ئەو کاتانەش هەلی زێڕینی شووکردنە، لەدەستدانی هەل و فرسەتی ئەو قۆناغە هەڵکشانی تەمەنی ئافرەتە کچەکەی بەدوادا دێت کە ئیتر لاوان نایەنە بەردەرگای بۆ

خوازبێنی.

ئەو قۆناغەی دوادەکەون بۆ ئافرەتان سەختە و هەموو ئەو تموح و چاوەڕوانییەی هەیانبوو بەبا دەچێت و ئەوەی دێتە خوازبینی گەنجێك نییە و کوڕێك یان پیاوێکی بەتەمەنە، چونکە گەنجان خوازبێنی کچێك ناکەن لەخۆیان گەورەتر بێت، لێرەوە قۆناغی قەیرەیی ئافرەت دەست پێ دەکات و لەکاروانی ژیان دوادەکەوێت، دەبێت شوو بەو کەسانە بکات کە بەخەیاڵیدا نەهاتووە شوویان پێ بکات، یان دەبێت بەقەیرەیی بمێنێتەوە کە دواجار پیربوون و کۆتایی ژیانی بەدوادا دێت.

قەیرەیی دوو جۆری هەیە، یەکێکیان ئیختیاری و کارێکی ئارەزوومەندانەیە بەبێ ئەوەی دەرەنجامەکەی لێك بداتەوە، دووەمیان ناچاری و لەدەرەوەی ئیرادەی کچەکەوەیە، لەیەکەمیاندا کچەکە خۆی ئەو دۆخە هەڵدەبژێرێت و ئاییندەی خۆی بێ هاوسەر دەکات، ئەویش بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەو هەموو داواکارییەی لەبەهاری عومریدا بۆی دێنە پێشەوە و لەژێر باری مەرجەکانیدا دەرناچن.

لەدووەمیاندا ناچارییە و بەسەریدا دەسەپێنرێت و هۆکارێکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان کلتووری ئاییندەی بەرەو قەیرەیی دەبات، زۆرجار کچ خۆی دەهێڵێتەوە و شوو ناکات بەهۆی خزمەتکردنی باوك و دایك یان یەکێکیانەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە کوڕەکان یان زۆربەیان ئەو قوربانییە بەئاییندەی خۆیان نادەن یان ئەو بۆشاییە بۆ دایك و باوکیان پڕ ناکەنەوە تا خوشکەکانیشیان وەك خۆیان ببنە خاوەنی هاوسەر.

ڕووانگە و مامەڵەی کۆمەڵگە:

چەمکی قەیرەیی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر دەگۆڕێت و هەر ژینگەیەك جۆرێك ناسین و ڕووانینی بۆی هەیە، تەنانەت لەبەکارهێنانی زاراوەشدا جیاوازن، بۆ نموونە عەرەب کەزیاتر عنوسەت بەکار دەهێنێ، بەڵام لەهەندێ ناوچەی وەك شام و میسر بەو ئافرەتانەی تەمەنیان هەڵکشاوە و شوویان نەکردووە دەڵێن(بایرە).

لەڕاستیدا بایرە(البایرة) لە وتەی(بارت الأرض) وەرگیراوە کە بەواتای خراپی و بێ کەڵکی زەوییەك دەگەیەنێت کە بۆ کشتوکاڵ نەگونجێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو کچانەی کە بەو تەمەنە گەیشتووە کۆمەڵگە دیاری کردووەو شووی نەکردووەو توانای منداڵبوونی نەماوە، یان بەلای کەمەوە وای لێهاتووە تەڕی و ناسکییەکەی لاواز بووە و لاوان هاوسەرگیری لەگەڵدا ناکەن، زاراوەی (بایرە) زارەوەیەکی ناشیرینە و سوکایەتی تیایە و هەستی هەر ئافرەتێك بریندار دەکات بەم زاراوەیە وەسف بکرێت(٢).

هەندێ لەکۆمەڵگەکان مامەڵە و ڕوانینێکی نادروستیان بۆ ئەم توێژە مرۆییە هەیە کە لەوانەیە هەندێکیان ئارەزوومەندانە و بەدەر لەهەر هۆکارێکی دیاریکراو ژیانی تەنهایی و بێ هاوسەری هەڵبژاردبێت و ژیانی بۆ ئامانجێکیتر تەرخان کردبێت، ئەگەرچی بژاردەکەشی لەخۆیدا باش نییە، پاشان خۆ هەر هەمان بژاردە لەناو پیاوانیشدا هەیە و بەشێك لەپیاوانیش لە کاروان بەجێ ماون و هاوسەرگیرییان نەکردووە، بۆچی کۆمەڵگە هەمان ڕوانینی ناتەندروستیان لەو ئاستەدا کە بۆ

ڕەگەزەکەیتر هەیە بۆ ئەوان کەمترە یان هەر بوونی نییە؟!.

ئەم جیاکاری و تێڕوانینە جیاوازە لە کلتوور و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و لەدەرەوەی یاسا ئاسمانی و زەوینییەکانەوەیە، هەر تاکێکی مرۆیی بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیەو بەو پێیە لەناو بزووتنەوەی ژیاندا هەنگاو هەڵدەگرێت و هەندێ لەهەنگاوەکانی بەویست وحەزی خۆی نییە و گرفت و کێشەکانی ژیان بۆی دەخوڵقێنن.

مامەڵەی کۆمەڵگەکانیش وەک یەک نین و هەندێ لەکۆمەڵگەکان کە باری هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیان لەئاستێکی باشتردایە بوونی ئافرەتی قەیرە و بێ هاوسەر وەک تایبەتمەندی کەس و پەیوەست بەژیانی تاکەوە دەبینن و ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

لەڕووی تەمەنی گەیشتن بە(قەیرەیی) کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکیتر دەیگۆڕێت، هەندێ کۆمەڵگە لەدوای تەمەنی بلوغ و قۆناغی هاتنەپێشەوە بۆ خوازبێنی و دواتر کەمبوونەوەی خواست لەسەری قەیرەیی دەست پێ دەکات، هەندێ کۆمەڵگە تەمەنی ٢٥ ساڵ بەرەوسەر و هەندێکیتر ٣٠ و ..هتد.

(عیزە کەریم) سەرۆکی یەکەی خێزان لە ناوەندی نەتەوەیی بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەمیسر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە قەیرەیی لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان جیاوازن، هەروەها لەدەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵ وڵاتانی بیانی، کە زیاتر مەبەستی تەمەنی شووکردن و هاوسەرگیرییە(٣).

بۆ مامەڵە و ڕەفتاری کردەیش لەگەڵ ئافرەتی قەیرە لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکیتر و لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر دەیگۆڕێت، کۆمەڵگە عەرەبی و نەریتییەکانی ڕۆژهەڵات لەئاستێکی ئاساییدا کەسایەتی ئەوان دەخوێننەوەو هەندێکیان بەچاوی سووك و بێ سوودەوە لێیان دەڕوانن.

زۆرجار ئەگەر کۆمەڵگە زۆر خراپیش نەبێت لەمامەڵەدا، ئەوپەڕی باشی و چاکییەکەی بریتییە لەوەی کە بەچاوی بەزەییەوە لە ئافرەتی قەیرە دەڕوانن وەك ئەوەی کەسێکی ئاسایی نەبێت و کەم و کورتی هەبێت و لەئاستی ئەوانیتردا نەبێت.

لەکۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بابەتی هاوسەرگیری شەرعی بەو شێوەیە ڕێك نەخراوە کە چین و گروپێك لەئافرەتان لەپێشەوەی کاروانەکە و ئەوانیتر دواکەوتبن، ئافرەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی و قەوارەی خێزان بەگشتی کۆمەڵێك قەیرانیتریان هەیە کە مەترسین بۆ سەر قەوارەی کۆمەڵگە، پرسی گەورەنەکردنی گرفتی قەیرەیی ئافرەتانی ڕۆژئاوا و دیاردەی دواکەوتنیان لەهاوسەرگیری لە بایەخی لەنادیدەگرتنی بایەخی قەوارەی خێزانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژئاواییەکان یان ڕاستتر بڵێین ژیاری نوێی ڕۆژئاوا ئەو بایەخە گەورەیە بەخێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری تەندروست نادات.

لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی کۆمەڵگە موسڵمانەکان خێزان ئامانجە بۆ بەردەوامی بزووتنەوەی ژیانی کۆمەڵگە، بۆیە میکانیزمی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش کە هاوسەرگیرییە پیرۆزە، لەبەر ئەمەش ئەوەی خۆی لەم پرۆسەیە لابدات دووچاری گرفتی کۆمەڵایەتی و ئەو جیاکارییە دەبێت، بەڵام نادروستی لەمامەڵە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگە موسڵمانەکان زیادەڕەوی و تێڕوانینەکانیانە بۆ قەیرەکچان

لەدەرەوەی پرانسیپە شەرعییەکان.

ڕووانگەی شەرعی بۆ پرسی قەیرەیی:

هاوسەرگیری سوونەتی پێغەمبەران بووەو هانی شوێنکەوتەکانیان داوە کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی و خستنەوەی نەوەی ساڵح و باش پێویستە هاوسەرگیری بکەن، پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسلم) هانی باوەڕداران و بەتایبەتی گەنجانی داوە بۆ هاوسەرگیری، گۆشەگیری و ڕەهبانیەتی دابڕاو لەدنیاو لەکۆمەڵگەی ڕەت کردووەتەوە.

ڕاستە پێغەمبەر هاوسەرگیری وەك سوننەت و ڕەفتاری پێغەمبەرانەی خۆی داناوەو فەرموویەتی ئەوەی لەسوننەتی من لابدات لەئێمە نییە، بەڵام هەرگیز بەچاوی سووك و ناشیرینەوە لەکەسانی بێ هاوسەر و سەڵت و بەتایبەت قەیرە کچانی نەڕوانیوە، بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیانەوە دووچاری ئەو چارەنووسە بوون.

زانای ئایینی ئیماراتی (شێخ مەنسور ساڵح مەنهالی) وای دەبینێت کە زاراوەی عنوسەت(قەیرەیی) یەکێکە لەزاراوە تازە و هاتووەکان بۆ ناو کۆمەڵگە و دووپاتی دەکاتەوە کە بۆ کچان تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ شووکردن و ئەمە لەڕووی شەرعییەوە ناگونجێت، چونکە ئایینی ئیسلام تەمەنێکی بۆ هاوسەرگیری دەستنیشان نەکردووە، پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کردووە کە ١٥ ساڵ لەخۆی گەورەتربووە، شێخ مەنسور دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە تەمەن پێوەری بنەڕەتی نییە بۆ هاوسەرگیری(٤).

هەندێ کچ یان کوڕ بەویستی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ قۆناغێکی تایبەتی دوادەخەن و ئەو مەبەستەیان نییە کە نایانەوێ ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، لەو قۆناغەدا کە ئیتر ویستی هاوسەرگیرییان دەبێت چاو بۆ هاوتایەکی خۆیان هەڵدەخەن، یان هەندێ جار قەدەری کوڕەکە یان کچەکە وادەکەوێتەوە کە نسیب و چارەنووسی دەکەوێتە لای هاوسەرێك لەخوار تەمەنی خۆیەوەیەو هاوکێشەکەیان بۆ ڕاست دەبێتەوە.

„لەوانەیە قەیرەیی مانەوەی ئافرەتێک بەبێ هاوسەر تاقیکردنەوەیەکی خوایی بێت و سوودو پاداشتێکی بۆ ڕۆژی دوایی ئافرەتەکە تیادا بێت بەتایبەتی ئەگەر حاڵەتەکەی لەدەرەوەی ویست و ئارەزووی خۆی بێت

لەوانەیە قەیرەیی مانەوەی ئافرەتێك بەبێ هاوسەر تاقیکردنەوەیەکی خوایی بێت و سوودو پاداشتێکی بۆ ڕۆژی دوایی ئافرەتەکە تیادا بێت بەتایبەتی ئەگەر حاڵەتەکەی لەدەرەوەی ویست و ئارەزووی خۆی بێت، ئەوەی بۆی هاتبێتە پێش نەخوازراوە ناخۆشەکانی دونیای ئەوبێت بۆ گەیشتن بە بەهەشتی خوازراوی خۆش کە بەهەشت بەناخۆشییەکان دەورە دراوە وەك پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات)متفق علیه.

بۆ چارەسەری دۆخی ژیانی کوڕان و کچان یان پیاوان و ئافرەتانی بێ هاوسەر ئیسلام هانی

هەردوو ڕەگەزەکەی داوە کە ڕەوشتبەرزی و ئایینداری بکەنە پێوەر بۆ دیاریکرنی هاوسەر نەك تەمەن، هەروەها بۆ ئەوەی ئافرەتانی بێ هاوسەریش ببنە خاوەنی خێزان و هاوسەری خۆیان ئیسلام فرەژنی داناوە کە پیاوان دەتوانن ئەو ئافرەتانە بخوازن کە بێ هاوسەر و هاوبەشی ژیانن.

جگە لەوانەش هانی باوك و دایکەکانی داوە کە کچەکانیان پەروەردەیەکی باش بکەن و بەخواست و ویستی خۆیان بەشویان بدەن کە هەندێ جار ڕێگری باوك و دایك و برا لەشووکردنی کچەکانیان بەویست و دڵخوازی خۆیان وا لەکچەکان دەکەن ناچار ببن شوو نەکەن و قۆناغی شووکردنی نەریتییان بەسەر بچێت و ببنە قەیرە.

موسڵمانانی پێشین زۆر ئاسانکارییان کردووە بۆ هاوسەرگیری کچەکانیان و خستنە نێوماڵ و ژیانی خۆیان بەئەرکێکی شەرعی زانیوە، تەنانەت لەمزگەوت و لەناو کۆڕو دانیشتنەکاندا خۆیان پێشنیاری هاوسەرگیری کچەکانیان کردووە بۆ کەسانی باش و بەڕەوشت، بێگومان دوای ئەوەی کچەکانیشیان بەرامبەرەکەیان پێ قبوڵ دەبێت.

> **بۆ ئەوەی ئافرەتانی بێ هاوسەریش ببنە خاوەنی خێزان و هاوسەری خۆیان ئیسلام فرەژنی داناوە کە پیاوان دەتوانن ئەو ئافرەتانە بخوازن کە بێ هاوسەر و هاوبەشی ژیانن**

هۆکارەکانی قەیرەیی:

لەسەر هۆکارەکانی دیاردەی قەیرەیی کۆمەڵێك هۆکار دەرەنجام کراوە، بەشێوەیەکی گشتی لەبەنەڕەتدا قەیرەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەرهاوێشتەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و بەردەوام لەهەڵکشانیشدایە، بەشێکی پەیوەستە بە بژاردەو ویستی کچەکانەوە کە خۆیان بەهۆکارێك نایانەوێت پەلە بکەن بۆ هاوسەرگیری و بێ ئاگایانە ئەو دەرفەتانەی بۆیان دێتە پێش لەدەستی دەدەن.

بەهەر شێوەیەك بێت کۆمەڵێك هۆکار لەپشتی ئەم دیاردەیە و هەڵکشانییەوەن کە هەر یەکەیان بەڕێژەیەك دیاردەکەیان بەرفراوانتر کردووە، لەوانە:

١- زۆری تێچووی هاوسەرگیری و بارگرانی لەسەر کوڕان کە زۆرجار ئەوانەی دێنە خوازبێنی کچێك توانای دابینکردنی ئەو داواکارییە مادی و داراییەیان نییە ماڵی کچەکە داوای دەکەن.

٢- زۆرجار مەرجەکانی کچان و تموح و ئارەزوویان بۆ هاوسەرێك خەیاڵی و ناواقیعییە و ئەوەی بۆ بەرجەستە نابێت و لەچاوەڕوانیدا دەرفەتی زووتر شووکردن و هاوسەرگیری لەدەست دەچێت.

٣- خوێندنی کچان هۆکارێکی تری قەیرەبوونیانە کاتێك کچێك خۆی دەهێڵێتەوە بۆ دوای خوێندن، ئەو کاتەش تەمەنی هەڵدەکشێت و ئەو کەسانەی خۆی پێی خۆشە نایەنە داوای، بۆ نموونە کچێك خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و هاوسەرگیری ناکات و دوای دەخات بۆ دوای زانکۆ، کاتێك ئامادەیی تەواو دەکات تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ کە تەمەنی شووکردنە، کاتێکیش زانکۆ تەواو

دەكات دەبێتە ٢٢ ساڵ، كە تەمەنی نەریتی هاوسەرگیری بەرێژەیەكی كەم تێپەڕاندووە، دوای ئەوەش بەناوی پشوودان لە دوای سەختییەكانی خوێندن هەندێ كاتیتر دەكوژێت، كاتێك دەزانێت لاوان نایەنە داواكاری و كەسانیتر دێن كە تەمەنیان زۆرە یان خێزانیان مردووە یان لێیان جیابوونەتەوە.

٤- لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا زۆرجار ئافرەت قوربانی بەئاییندەی خۆی دەدات لەپێناوی دایك و باوكیدا كاتێك ئەوان پیر دەبن یان نەخۆش دەكەون و پێویستیان بەخزمەت و چاودێرییە، زۆرن ئەو ئافرەتانەی مانەوەیان بۆ خزمەتی دایك وباوك یان یەكێكیان لە هاوسەرگیری مەحرومی كردوون.

٥- ڕۆڵی خراپی میدیا و هەندێ لەڕێكخراوەكان كە بانگەشە بۆ پەلەنەكردن لەپرۆسەی هاوسەرگیری دەكەن و دژی زوو بەشوودانی كچان دەوەستنەوە، بەكۆمەڵێك زیانی دەروونی نابابەتی خێزانەكان و كچەكانیان دەترسێنن و بەرامبەر بە هاوسەرگیری دوودڵ و نائارامیان دەكەن، بگرە هەندێ جار میدیا و بەشێك لەو درامایانەی پێشكەشیان دەكەن هاوسەرگیری وەك كۆت و بەند لەسەر ئازادی و جموجوڵی كوڕ یان كچ وێنا دەكەن و لەئەنجامنەدانی هاوسەرگیری بێباكیان دەكەن.

٦- هەندێ گرفتی دەروونی و جەستەیی دەبێتە هۆكار لەبەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا كە زیاتر ئەم گرفتانە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە.

٧- فەوزای ئەخلاقی هۆكارێكە بۆ كەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و دواجار قەیرەیی ئافرەتان و سەڵتی پیاوان، كاراكتەری سەرەكی ناو ئەم بارودۆخە پیاوانە كە كاتێك خۆیان لە بەرپرسیارێتی هاوسەرگیری لادەدەن و ئەوەی مەبەستیانە لەتێركردنی ئارەزووەكانیان لەدەرەوەی ئەو پرۆسەیەوە دەستیان دەكەوێت.

٨- داب و نەریتی كۆمەڵگە، بۆ نموونە خێزانێك چوار كچی تیایە، دوانیان كاتی شووكردنیان هاتووە، ئەوەیان بچووكترە زیاتر داواكاری هەیە، بەڵام خێزان بەهۆی داب و نەریتەوە ڕەتی دەكەنەوە پێش ئەوەی كچە گەورەكەیان شوو بكات، بەم جۆرە ڕەتكردنەوە بەردەوام دەبێت تا هەردوو كچەكە تەمەنی ئاسایی شووكردنیان تێدەپەڕێت و بەتێگەیشتنی كۆمەڵگە دەبنە قەیرە.

٩- ناوبانگی خراپی خێزان زۆرجار دەبێتە هۆی نەهاتنە پێشەوەی كوڕان بۆ خوازبێنی كچەكان با ئەو كچانەش خاوەنی هیچ سلوك و ڕەوشتێكی نەرێنی نەبن، لێرەدا دەبنە قوربانی بۆ ڕەفتار و شوهرەتی خراپی خانەوادەیی بەهۆی پیاو یان كوڕەكانیانەوە.

٠١- ترس لەشكست، زۆرجار كوڕەكان یان كچەكان هەندێ ئەزموونی شكستخواردووی هاوسەرگیری دەوروبەریان یان هاوڕێكانیان بینیوە، ئەمەش دووچاری ترس و دڵەڕاوكێی كردوون كە ئەوانیش بەهەمان چارەنووس بگەن، بۆیە پەلە ناكەن لە هاوسەرگیری و بەهۆیەوە كات بەسەریاندا تێدەپەڕێت و تەمەنیان هەڵدەكشێت.

١١- هەڵەی قۆناغی دەزگیرانداری، دوای مارەبڕین یان هەندێ جار پێش ئەوەش ماوەی ئەو دەزگیرانداری و تێكەڵی و دەرچوونە ئازاد و تەنهای كوڕ و كچەكان درێژە دەكێشێت و كۆتاییەكەی بەهۆی لێكتێنەگەیشتنێك یان لەیەكتێربوون پێش چوونی ناو لانكەی خۆیان پرۆسەكە كۆتایی پێ دەهێنێت، ئەمەش كچەكە دوادەخات لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونێكیتری سەركەوتوو.

ئەمانە هەندێ نموونەی هۆکارەکانە کە خوڵقێنەری دیاردەی قەیرەیی و مانەوەی ئافرەتانن بەبێ هاوسەر، بێگومان هۆکاری زیاتر بوونیان هەیە کە بەشێکیان کۆمەڵگەو بەشێکیتریان خێزانەکان و تەنانەت هەندێکیشیان دەسەڵاتەکان لێی بەرپرسیارن.

بەرپرسیار لە دیاردەی قەیرەیی:

بێگومان گرفتی ئافرەتانی قەیرە گرفتێکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە بەهەموو ئۆرگان و دامەزراوەکانییەوە لێی بەرپرسیارە، لە تاکی ئافرەت خۆیەوە دەست پێ دەکات و خێزان و ڕێکخراوەکان و دەسەڵات دەگرێتەوە.

بۆ دیاریکردنی بەرپرسیار لەم دیاردەیە چاوخشاندنەوە بەهۆکارەکاندا کاراکتەرە بەرپرسیارەکانمان پیشان دەدات و هەریەکە لەو کاراکتەرانە پشکی خۆیان لەبەرپرسیاریەتی و کەمتەرخەمی خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت.

هەمیشە لەدیاریکردنی چارەسەری گرفتەکان و نەخۆشی و دیاردە نەرێنییە جۆراوجۆرەکاندا یەکەم هەنگاو لە دۆزینەوەی هۆکارەکانەوە دەست پێدەکات، لەم پرسە کۆمەڵایەتییەشدا هۆکارەکان زۆر ڕوون و ئاشکران.

> **„ زۆر جار کچان بۆ تەواوکردنی خوێندن و گەیشتن بە بڕوانامە و ناوبانگی زانستی لەکاروانی ژیان خۆیان دوادەخەن و ئاگایان بەلای تەمەنی خۆیانەوە نامێنێت**

وەك چۆن هۆکارەکان زەمینە بۆ چارەسەر خۆش دەکەن بەهەمان شێوە بەرپرسەکان لەناو هەر کایەیەکدا بن ئاشکرا دەبن و ناچاریان دەکات هەنگاو بەرەو چارەسەر هەڵبگرن لەپێناوی ڕزگارکردنی وڵات لە هەڕەشە و مەترسی ئەو جۆرە دیاردانە لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

ئەوانەی هەریەکەیان بەڕێژەیەك بەرپرسیارن لەمانەوەی ئافرەت لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری و قەیرەبوونیان دەتوانین لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١- بەرپرسیاریەتی ئافرەت:

بەرپرسیاری یەکەم زۆرجار کچەکە خۆیەتی کە بێ ئاگایانە دەرفەتی ژیان لەدەست خۆی دەدات و لەسەر حسابی ئایندەو چارەنووسی خۆی بە کار و ئەرکێکیترەوە خەریك دەکات، کاتێك واقیعی خۆی دەبینێتەوە تەمەن بەقۆناغێکی نەخوازراوی گەیاندووە.

زۆر جار کچان بۆ تەواوکردنی خوێندن و گەیشتن بە بڕوانامە و ناوبانگی زانستی لەکاروانی ژیان خۆیان دوادەخەن و ئاگایان بەلای تەمەنی خۆیانەوە نامێنێت. لەقۆناغی ئامادەییەوە کاتی هاوسەرگیریان دەست پێ دەکات، بەڵام ئەوان بەرنامەی ماستەر و دکتۆرایان لەئەندێشەی خۆیاندا داناوە پێش شووکردن، جا سەرنج بدە تەمەنی دەگاتە چەند و کێ دەبێتە خوازبێنیکەری ئەگەر خوازبێنیش هەبێت بەو شێوەیەی لەقۆناغی پێگەیشتن و بلوغدا بیری لێ کردووەتەوە؟.

دەکرێت کچان لەگەڵ بەردەوامی خوێندنیشدا بچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کاروباری ماڵ و خوێندنیش ڕێك بخەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە دەوام و کاتەکانی خوێندن هەندێ ئاسانکاری تیا کراوە.

یەکێکیتر لە هۆکارەکانی قەیرەیی ئافرەتان خۆیانن کە ئەو وەسف و تایبەتمەندییانەی بۆ ڕەگەزەکەیتر دیاری دەکەن ناواقیعی و هەندێ کات دەبنە مەحاڵیش، بەو هۆیەوە کە چاوەڕوانیکردنی بەدیهاتنی خەون و خەیاڵەکانی دەرفەتی ژیانی پێ لەدەست دەدات، هەندێ کات مەرج و داواکارییە مادییەکان لەمارەیی و ماڵ و سەیارە کە دەبێتە خواستی کچان پرۆسەی هاوسەرگیری دوادەخات و بەزیان بۆ کچەکە دەشکێتەوە.

٢- بەرپرسیاریەتی خێزان:

خێزان بەپلەی یەکەم بەرپرسیارە لەپەروەردەکرنی کچان و ڕێنموونیکردن و بەشودان و دۆزینەوەی هاوسەری باش و شایستە بۆیان، هەندێ خێزان ئەم ئەرکە وەك پێویست ڕاناپەڕێنن و کچەکانیان تەسلیم بەچارەنووسی نادیار دەکەن.

زۆرجار خێزانەکان خۆیان دەستیان هەیە لەقەیرەبوونی کچەکانیان و بێبەشبوونیان لەماڵ و هاوسەری خۆیان، ئەمەش بەهۆی ڕەچاوکردنی هەندێ کلتوور و نەریتەوە، یان هێشتنەوەی کچەکانیان بۆ خزمەت و هەندێ جار کارو کاسپیش.

زۆرجار باوك و دایك یان برا دەیانەوێت هاوسەر بۆ کچەکەیان دیاری بکەن بەو شێوەیەی خۆی دەیانەوێت یان ئەو تایبەتمەندی و مەرجانەی تیابێت کە دیاریان کردووە، بەو هۆیەشەوە دەست بەڕووی زۆر کوڕی شایستەدا دەنێن با کچەکەیان بەدڵیشی بێت، بەڵام ئەوان دەبنە ڕێگر و زەبر لەبەختی کچەکە دەدەن و بە بێ هاوسەر دەیهێڵنەوە.

شوهرەتی خراپی خێزان و ڕەفتاری ناشایستەی باوك و برا لەناوەندە کۆمەڵایەتییەکەیاندا هۆکارێکیترە بۆ خۆپاریزی خەڵك لەخزمایەتی و ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەو خێزانەدا با کچەکانیشیان باش و بێ هەڵەش بن.

> **ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان و خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی خراپ و ڕوخێنەر دەبینن لە لاوازکردنی پایەکانی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری کوڕان و کچان لەکاتی خۆیدا.** ”

٣- بەرپرسیاریەتی میدیا و ڕێکخراوەکان:

ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان و خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی خراپ و ڕوخێنەر دەبینن لە لاوازکردنی پایەکانی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری کوڕان و کچان لەکاتی خۆیدا.

هەموو ئەو کۆنگرەو کۆنفرانسەی ئەو ڕێکخراوانە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سازی دەکەن بەوشەیەك هانی پەلەکردن و زوو ئەنجامدانی هاوسەرگیری تیا نییە کە یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی قەیرەیی و مانەوەی ئافرەت بەبێ هاوسەر، بەپێچەوانەوە هاوسەرگیری لەقۆناغی گونجاوی سەرەتای تەمەنی سرووشتیدا مەحکوم دەکەن!.

نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو فشارێکیان لەسەر حکومەتەکان داناوە کە ڕێگربن لەو دیارە جوانەی لای ئەوان ناشیرینە کە زوو ئەنجامدانی هاوسەرگیرییە، زۆرێك لە میدیاو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی دەستی ئەوانیش بەهەمان ئاراستەی خراپ کار دەکەن و هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان بێ بایەخ دەکەن، بەتایبەتی هاوسەرگیری کوڕان و کچان لەکاتی گونجاوی خۆیدا.

لەناوخۆشدا هەندێ لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ڕۆڵی زۆر خراپ دەبینن لەئاساییکردنی شوونەکردنی کچان و ئافرەتان، هیچ هاندان و هەنگاوێکیان نییە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە بەئاراستەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و خێزانەکاندا نییە.

٤- بەپرسیاریەتی کۆمەڵگە:

زەواج کە پارێزەری قەوارەی کۆمەڵگە و بەردەوامی ژیانە لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا سەخت و دژوار کراوە و کەمتر ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی دەکرێت، لەبەرامبەردا کۆمەڵگە چاویان لەسەر دیاردەی قەیرەیی و مانەوەی ئافرەتانی بێ هاوسەرە کە دەرەنجامی کەمترخەمی کۆمەڵگەو خێزانەکانە لەبەرامبەر نەوەکانیان لەگەیاندنیان بە ماڵ و ژیانی سەقامگیری خۆیان.

هەندێ لەنەریتەکانی کۆمەڵگە هۆکاری سەرەکی هەڵکشانی دیاردەکەن، لەوانە بەشوودانی کچان لەسەر بنەمای ڕیزبەنکردنی تەمەنیان، کە تا گەورە شوو نەکات بچووك کە کاتی شووکردنی هاتووە ڕێگری هاوسەرگیری لێ دەکرێت و دواجار هەردووکیان دەرفەتی هاوسەرگیرییان لەدەست دەچێت.

٥- بەرپرسیاریەتی دەسەڵات:

هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی ڕوو لە وڵاتێك دەکەن بەشێوەیەك لەشێوەکان دەسەڵات لێی بەرپرسیارە، دەبێت هەمیشە دەسەڵات بەدوای ڕەگی کێشەکاندا بگەڕێت و لەبنەوە دەری بهێنێت.

حکومەت دەبێت خاوەنی دامەزراوەی یارمەتیدەربێت بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری کوڕ و کچەکان و سندوقی هاوکاری بۆ ئەو مەبەستە بنیات بنێت، دەبێت کە قەیرانەکە دەبینێت دەست بۆ چارەسەر بەرێت نەك تەنها دوای باهۆزی ڕێکخراوە بیانی و نێودەوڵەتییەکان بکەوێت.

چارەسەر:

بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە پێویست بە درێژەپێدان نییە و قسەی زۆر هەڵناگرێت لەکاتێکدا دەزانین هۆکارەکانی دیاردەکە کامانەن، بێگومان بنەبڕکردن و نەهێشتنی هەموو ئەو هۆکارانەی کە ڕیزبەندمان کردن دەبنە چارەسەر بۆ نەهێشتنی دیاردەکە، بەتایبەتی زیندووڕاگرتنی سوننەتی ژیان کە بریتییە لەپرۆسەی هاوسەرگیری لەکاتی خۆیدا، ئەویش بە ئاسانکاری لەلایەن حکومەت و

کۆمەڵگە و خێزانەکان و دامەزراوە مەدەنی و فەرمییەکانەوە.

بەرپاکردنی هەڵمەتێکی بەرفراوانی میدیایی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هاندانی خێزانەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ڕۆڵەکانیان پێش ئەوەی شەمەندەفەری ژیان بەجێیان بهێڵێت، ئەمەش بەرپرسیاریەتی میدیا و دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانە.

حکومەت بەپرسیارە لەدۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری کە هۆکارێکە بۆ ترسی لاوان لەئەنجامدانی هاوسەرگیری، دابینکردنی بیمەی بێکاری و شوێنی نیشتەجێ هەر ئەرکی حکومەتە کە بەداخەوە لەم بوارەدا زۆربەی حکومەتەکانی ناوچەکە کەمتەرخەمن، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم کەمتەرخەمییەدا پێشەنگە!.

حکومەت بەپرسیارە لەدۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری کە هۆکارێکە بۆ ترسی لاوان لەئەنجامدانی هاوسەرگیری

دەبێت لایەنی فەرمی پەروەردە بابەتی هاوسەرگیری و بەرنامەی دروست و شەرعی بۆ پێکهێنانی خێزان لەکاتی زووی خۆیدا بخاتە ناو میتۆدەکانی خوێندن و تیایدا هانی هاوسەرگیری بدات لەکاتی خۆیدا.

گرنگی پاڵنەری ئایینی لەم بارەیەوە نادیدە نەگیرێت، وەك زانای گەورە (د.محەمەد عیمارە) دەڵێت: ئەم دیاردەیە چارەسەری خێرای دەوێت پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت، بە ئازارشکێن و هێورکەرەوەش چارەسەر نابێت، پێویستە ڕەهەندی ئایینی لە چارەسەری بابەتەکەدا لەبەرچاو بگیرێت، بەتایبەتی بۆ ئێمە کە نەتەوەیەکین ئایینمان ئیسلامە و ئەم ئایینە هاندەرە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزەکە لەچوارچێوەی دامەزراوەی خێزاندا، هەروەها هاندەرە بۆ زۆرکردنی وەچە و پەروەردەکردنیان بەو پێیەی ئاییندەی نەتەوە پێك دەهێنن(٥).

ئەو ڕێنموونیانەی ئیسلام بۆ بواری خێزانیی و بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ڕێنموونی بابەتی و زانستی واقیعین کە لەگەڵ سروشتی ژیان و مرۆڤدا دەگونجێن، بەتایبەتی کاتێك هاندەری خێزان و باوك و دایکەکانە لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەکاتی گونجاوی خۆیدا، بۆ نموونە پێغەمبەرمان(صلی الله علیه وسلم) سێ کاری دیاریکردووە کە پێویستە لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت: نوێژ، هاوسەرگیری، ئەسپەردەکردنی مردوو.

کەواتە بۆ سنووردارکردن و پاشان نەهێشتنی دیاردەی قەیرەیی لەناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی، پێویستە هەموو لایەك بەئەرکی خۆی هەستێت، سەرەتا دەبێت ئافرەتان ئەو هۆشیاری و ئاگاییەیان هەبێت کە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان لەڕیزبەندی یەکەم و سەرەتای ژیانەوەیە و دواخستنی ئاسەواری خراپ دەخاتەوە لەسەر ژیانی ئەوان و دەوروبەریان، بەهەمان شێوەش کۆمەڵگە بەهەموو دامەزراوەکانییەوە لەخێزانەوە تا دەگاتە حکومەت و دەسەڵات و ڕێکخراوەکان بەرپرسیارن لەڕێکخستنی ژیانی کوڕ و کچەکان لەچوارچێوەی یەکەم دامەزراوەی پێکهێنەری کۆمەڵگادا کە بریتییە لە خێزان.

سەرچاوەکان:

(١) مجلة العلوم الانسانية، جامعة قاصدي مرباح، الجزائر، العدد ٢٧، ديسمبر٢٠١٦. ل٢٠٨.

(٢) العنوسة مخاطر واسرار، بثينة العراقي، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨، ل١٤.

(٣) هەمان سەرچاوە: ل ١٠.

(٤) هەمان سەرچاوە: ل ١١.

(٥) العنوسة، وكيف تعامل معها الإسلام، دعاء ماجد عزام، ل٧٠.

کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و کاریگەری لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزیی

پەروین حامید شەریف

پرۆفایل:

پەروین حامید شەریف

بەکالۆربۆس/ کۆلێژی کشتوکاڵ

چالاکوانی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پارێزگاری کردن لە مافی ئافرەتان

کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات کاریگەری لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی دەکات، کۆچکردن دیاردەیەکی نێودەوڵەتییە و یەکێکە لەو قەیرانە گەورانەی کە بەرۆکی جیهانی گرتووە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەن، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، دیاردەکە بە درێژایی مێژوو بەردەوامی هەیە، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری و شەڕ و کوشتار و داگیرکاری زیاتر لە کوردستان بەرکەوتنی زیاتری بەر نەتەوەی کورد کەوتووە، ئەو کەسانەی کە کۆچ ئەکەن لە کوردستان زۆربەیان لە ڕووی تەمەنەوە گەنجن و ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە لە تەمەنی ١٨ بۆ ٣٥ ساڵن و لە ڕەگەزی نێرن، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی هەیە، بەڵام تا ئێستا بەهۆی نەبوونی ئامارێکی دروست سەبارەت بەوانەی کە کۆچ ئەکەن ئەو ڕێژەیە نەزانراوە کە کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی وولات، لەبەر ئەوەی بە ڕێگای جیاواز و قاچاخ کۆچ ئەکەن، بە پێی دوایین زانیاری لە دەستەی ئاماری هەرێم ئەوەیە کە کوچکردن کاریگەری نەرێنی لەسەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێم هەبووە، بەڵام بە ووردی نەزانراوە ڕێژەکە چەندە، جیا لەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە خێزانیەکان. ئەم دیاردەیە بەردەوام نوێ ئەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان.

> **ئەو کەسانەی کە کۆچ ئەکەن لە کوردستان زۆربەیان لە ڕووی تەمەنەوە گەنجن و ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە لە تەمەنی ١٨ بۆ ٣٥ ساڵن و لە ڕەگەزی نێرن، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی هەیە**

دوو جۆر کۆچ هەیە، کۆچی ناوخۆیی، کۆچکردن بۆ ناوخۆی وڵات واتە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، یاخود لە گوند و شارۆچکەکان بۆ شارێکی تر کە ئەم جۆرە زۆر کاریگەری ئەوتۆی نیە لەسەر هاوسەنگی ڕەگەزی و ژمارەی دانیشتوان.

کۆچی دەرەکی، بە واتای کۆچکردن لە وڵاتی دایك بۆ وڵاتێکی تر کە ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکاری جیاواز ڕوودەدات، هۆکاری سیاسی، بە هۆکارێکی سەرەکی و گرنگی کۆچکردن دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەهۆی ناسەقامگیری و پڕ لە تەنگژەی سیاسی و بوونی ناکۆکی و ململانێی حزبی و حکومی، لە چەندین ڕووەوە تووشی گرفتی سیاسی و سەربازی هاتووە، دواین ڕووداو شەڕی تیرۆرستی داعش کە لە زۆر لایەنەوە کاریگەری نەرێنی هەبووە بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان

سامان محەممەد، گەنجێکی تەمەنی ٣٠ ساڵەیە و باسی ئەوە دەکات کە دەیەوێت بەرەو هاندەران کۆچ بکات، ئەو دەڵێ «بەهۆی ناسەقامگیری سیاسیی و دۆخی ئابووری بیرم لەوە کردۆتەوە کە کوردستان جێبهێڵم و بەرەو ئەوروپا بڕۆم". دەشڵێ: «من کە ئێستا لێرە بێکارم و ڕۆژانە مێشکم سەرقاڵە بە هەواڵی گرتن و کوشتن و کێشە سیاسییەکان، دڵم بە چی ئەم وڵاتە خۆش بێت؟". هۆکاری ئابووری بەهۆی دروست بوونی قەیرانی دارایی، زیاد بوونی ڕێژەی بێکاری، نەبوونی

سیستمێکی ئابووری بە هێز، وای کردووە زۆربەی گەنجان بە مەبەستی گەڕان بە دوای دەرفەتێکی باشتری کارکردن، دەستەبەر کردنی سەرمایە و، خۆشگوزەرانی و پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕووبکەنە دەرەوەی وولات.

ئەگەر هەوڵێکی جدی نەدرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، ئەگەری هەیە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان رووبکەنە هەندەران ئەمەش ئەبێتە هۆی بە هەدەردانی توانای مرۆیی و کەم بوونەوە ی دانیشتوان و ناهاوسەنگی ڕەگەزی.

سەرباز سەمەد، گەنجێکی ترە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، چەند ساڵێکە چاوەڕێیە دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەو باشی بچێت، بۆ ئەوەی کارێکی دەستبکەوێت، بەڵام ئێستا بێ ئومێد بووە، وەك خۆی دەڵێت «هیچ ئومێدم بەوە نەماوە لێرە کارێکی باشم دەستکەوێت و بتوانم بە باشی بژیم، بۆیە بە ناچاری بڕیارم داوە کوردستان جێبهێڵم، بەڵام بەهۆی کۆرۆنا ئێستا ڤیزای وڵاتان نادرێت و گەشتی زۆربەی وڵاتان وەستێنراوە". هۆکاری کۆمەڵایەتی زۆر بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، وەك هەستکردنی گەنج بە کۆت و بەند لەسەر ئازادی بیرکردنەوە و نەبوونی پەروەردەیەکی دروست لە ناو خێزانەکان و نەمانی بەهاو ڕەوشتە بەرزە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گەنج هەست بە بوونی بۆشاییەکی دەروونی بکات، هەست بە نائومێدی ئەکات و لە ڕووی دەرونیەوە باوەڕی بە خۆی و تواناکانی نامێنێت، تاکە ڕێگا کە هەست بکات بۆ دەرچوون لە و بارودۆخە دەروونیە بە جێهێشتنی وولاتە.

هەموو ئەم هۆکارانە یارمەتیدەرن بۆ کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وولات، ئەگەر هەوڵێکی جدی نەدرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە، ئەگەری هەیە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان رووبکەنە هەندەران ئەمەش ئەبێتە هۆی بە هەدەردانی توانای مرۆیی و کەم بوونەوە ی دانیشتوان و ناهاوسەنگی ڕەگەزی.

دیدێکی کۆمەڵناسی بۆ پرسی هاوسەرگیری و گرفتەکانی...

لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی بەڕێز ئازاد جەلال وەڵامی پرسیار و بابەتەکانی تەوەری ئەمجارە دراوەتەوە.

سازدانی: گۆڤاری ئاینده

پرۆفایل:

ئازاد جەلال.. توێژەری کۆمەڵایەتی، سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵ بۆ ڕاوێژ و ڕێنمایی خێزانیی، سەرپەرشتیاری پێگەی ئەلیکترۆنی خێزان..

*** گرنگی ئەنجامدانی هاوسەرگیری لە چیدایە؟ چ ڕۆڵێکی هەیە لە کۆمەڵگادا؟**

- هاوسەرگیری بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو کۆمەڵگەیەك پێویسترە، چونکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە و ڕەهەندی سیاسیشی هەیە.

ئەوانەی هاوسەرگیریی ئەکەن لە ڕووی دەروونیەوە تۆکمە ئەبن، هەستی بەرپرسیارێتی لە ناخیان دروست ئەبێت، بیرکردنەوەیان ئەگۆڕێت و کۆکراوەترن لەوانەی کە هاوسەرگیریی ناکەن. تێبینیم کردووە ئەگەر کەسێك هاوسەرگیری بکات و هاوسەرەکەی بە هەر هۆکارێك لە دەست دابێت ناتوانێ بۆ ماوەی ٥ تا ٦ مانگ بە زگورتی بمێنێتەوە. واتە هاوسەرگیریی وەك گۆمی قووڵ وایە. هەر سەرەتاکەی تا ئەچیتە نزیکی ترسێکی هەیە دواتر خۆتی بۆ هەڵ ئەدەی. بەڵام ئەوانەی هاوسەریان نیە ئەتوانن چەند ساڵی تر دواتر بمێننەوە.

گەنجان بیر لەوە نەکەنەوە زروف لەبار نیە. ئەگەر بیرکەنەوە هیچ کات ژنیان بۆ نایەت، کەی زروف لەبار بووە، باپیرت بدوێنە باسی ٦٠ ساڵ پێش ئێستات بۆ دەکات وەزع هەر وابووە، بەڵکو لە هەندێ ڕووەوە ئێستا گونجاوترە، من هانی گەنجان ئەدەم بچنە نێو قووڵاییەکەوە، نەترسن، جاری یەکەم لە هاوسەرگیریی سەرکەوتوو نەبوون، جاری دووەم، ئەگەر دووەمیش سەرکەوتوو نەبوون، لەوانەیە لە سێیەمدا بحەوێنەوە، بەڵام ئەمەیش هاندان نیە بۆ ئەوەی کێشەیەکی بچووکیان هەبوو، یەکسەر بڕیاڕی جیابوونەوە بدەن.

> **“هاوسەرگیری بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستترە، چونکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە و ڕەهەندی سیاسیشی هەیە**

ژنهێنان خۆشەویستی ئەڕوێنێ، بەتایبەت ئەگەر باش کاری لەسەر بکرێت، دەرمانی نەخۆشی دەروونیە، وەك خڕۆکەی سپی بەرگری جەستە و کۆمەڵگە بەهێز دەکات. لە هەرە بەرگریکارە سەرسەختەکانی ڕۆژگاری کۆڕۆنا ژنە کە دەتوانێ لە کاتی تووشبوونت بە کۆڕۆنا تەنیا لە ڕێگەی ئامادەکردنی سووپەوە هێز و توانا بۆ تۆ بگەڕێنێتەوە، باشترین نیعمەتە، هاوسەرگیریی قەڵغانی پاراستنی نەوەیە. چەند پیاوەکە سوود وەرئەگرێ هێندەیش ژن ئاسوودە دەکا، ژن جوان ئەکا، خان ومانی ئەکا، کەسێتی بەهێز ئەکا، متمانەی تیا ئەڕوێنێت.

ڕاستە ئێمە ڕێژەیەك جیابوونەوەمان هەیە. بەڵام جیابونەوە بە ڕای من ئەو مەترسیە نیە لە سەر کۆمەڵ بەو شێوەی کە زۆر کەس باسی دەکات. ئامارەکان مەترسی دار نین، بەڵام ڕاگەیاندنەکان گەورەی دەکەن، جیاوازی لە نێوان تەفریق و تەڵاق ناکەن، میدیاکان هەموو سکاڵاکان بە جیابوونەوە ڕوونووس دەکەن، لە کاتێکا بەشێکی ئەو کێشانە کاتێك دەنێردرێن بۆ لای توێژەری کۆمەڵایەتی چارەسەر دەبن، یان هەندێك لەوانی تریش ڕێکدەکەونەوە.

ئاماری ڕاستەقینەی جیابوونەوە لە ١١٪ لە کوردستان تێپەڕ ناکا، ئەمەیش ڕێژەی ستاندارە، ئەگەر زیاتریش بێت ئەوە ناکاتە ئەوەی کۆمەڵگە هەڵوەشێ. زۆرجار جیابوونەوە گەورەترین دەربازبوون و نوێبوونەوەیە بۆ ژیانێکی تر، هاوسەرگیرییەکە ئەزموون بووە، جیابووەنەوە بە واتای فاشیلبوون نایەت. بەڵکو بە واتای ئەزموونکردن دێت.

جیابوونەوە بە ڕای من ئەو مەترسیە نیە لە سەر کۆمەڵ بەو شێوەی کە زۆر کەس باسی دەکات. ئامارەکان مەترسی دار نین، بەڵام ڕاگەیاندنەکان گەورەی دەکەن

تاقە ڕەحمەتێکی ئیسلام ئەوەیە کە ئێمە هیوا بڕاو ناکات. من نازانم چەند وایە بەڵام دیدارم لەگەڵ مامۆستایەکی ئاینی کرد بۆ گۆڤارەکەم وتی: ژنی سەحابەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت هەبووە ٦ شووی کردووە، ئەمە مانای ژیانی ڕاستەقینەیە.

نابێت کولتووری کۆمەڵایەتی زاڵ کەین بەسەر ئایندا، ئەبێ دوای مردن و جیابوونەوەیش ژنان شوو بکەنەوە و پیاوانیش ژن بێننەوە

نابێت کولتووری کۆمەڵایەتی زاڵ کەین بەسەر ئایندا، ئەبێ دوای مردن و جیابوونەوەیش ژنان شوو بکەنەوە و پیاوانیش ژن بێننەوە.

***هۆکارەکانی قەیرەیی و دواکەوتنی گەنجان لە هاوسەرگیری چین؟**

- هۆکاری دواکەوتنی گەنجان لە هاوسەرگیری بۆ کوڕان و کچان جیاوازە، بۆ کوڕان ڕەنگە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی کوڕەکەوە هەبێت، ئێمە کوڕی بە تەمەنمان لایە لەبەرئەوەی لە نێو شەڕ و ئاژاوەی باوکو دایکی گەورە بووە، تووشی بێ هیوایی بووە، وا ئەزانێ کە ئەمیش ژن بێنێ ئەبێت وەك باوکی بکات، دیارە ئەمە ژن ناهێنێ، چونکە خاڵی بینیوە، برا گەورەکەی بینیوە، مامی بینیوە هەمیشە لە شەڕ و ململانێدا بوون، ئەمە ئەو گەنجە هیوا بڕاو ئەکات لە ژیان. جۆرێك گەنجی ترمان هەیە ترسیان لە پرۆسەکە هەیە، کارکردن لەسەر ئەمانە ئاسانە ئێمە لە ڕێکخراوی ماڵ ئەو ترسەی گەنجان ئەڕەوێنینەوە. ئەمانە زیاتر بابەتی فسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی بووەتە لەمپەڕ لەبەردەمیان کاتێك ئێمە لەگەڵیان دادەنیشین زۆر بۆچوونیان دەگۆڕێت.

باشترین ماستەر لای من زەواجە، دکتۆرایش بوونی منالّی سالّحە بۆ خێزان. من چەند کەیسی خاوەن بڕوانامەی بەرزم لایە خۆزگە بە خێزانێکی ئاسایی کۆمەڵگە ئەخوازن

بەشێکی تری کوڕان و لاوان خوێندن ئەکەنە پاساو بۆ درەنگ ژنهێنان، ئەمانە زیاتر لە بابەتی زانستی ڕۆئەچن، بەڵام دوا ئەکەون. باشترین ماستەر لای من زەواجە، دکتۆرایش بوونی منالّی سالّحە بۆ خێزان. من چەند کەیسی خاوەن بڕوانامەی بەرزم لایە خۆزگە بە خێزانێکی ئاسایی کۆمەڵگە ئەخوازن، چونکە کاتیان کەمە بۆ بەریەککەوتن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە ئەمە وا بوو خۆشەویستی نابێت، کە خۆشەویستی نەبوو، ئەو ژیانە چێژی نیە، با خۆی بدات لە تەل، خۆزگە ئەخوازێ بە مەل.

زۆر کوڕی ترمان هەیە، کێشەی خێزانییان هەبووە، ئەمانە دایكو باوکیان لەیەك جیابوونەتەوە، لە

ماڵی باپیریان دەژین، یان لە ماڵی مامیان، تووشی جۆرێك لە وەهم بوون، ئەم وەهمە بووەتە لەمپەڕ لەبەردەمیان.

هەندێك بابەتی تریش هەیە ڕەنگە پەیوەندی بە کێشەی دەروونیەوە هەبێت، بەهۆی فشار و تەنگژەی کۆمەڵایەتی کوڕەکە تووشی خەمۆکی بووبێت، یان هەندێکجار ئێمە خەڵەلی کرۆمۆسۆممان هەیە لە کوڕاندا کاتێك کێشەی هۆرمۆنیان هەیە، حەزیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر نیە، ئەمانە وەك حاڵەت هەن و ئێمە بینیومانە، بەڵام کۆمەڵکە درکی پێناکا، ئەبێت بکۆڵینەوە، نابێت داوا لە گەنجێك بکەین کە تەمەنی هەڵکشاوە بە فەرمان پێی بڵێن ژن بێنە. هەندێك حاڵەتی تریشمان هەبووە کوڕەکە کێشەی بچووکی ئەندامی نێرینەی هەبووە، زۆر هەوڵمان داوە وەك چارەسەر بەڵام باری دەروونی لاسەنگ بووە، ئەمە وەك داتا هەیە.

ئێمە درکمان کردووە کچان دوای تەمەنی ٣٠ ساڵی ئەکەونە دۆخی دەروونی ئاڵۆزەوە بە تایبەت ئەگەر سەرچاوەی داهاتیان نەبێت، یان کەس‌وکاری باشیان نەبێت ❝

بەڵام بۆ کچان ڕەنگە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەرگیری جیاواز بێت، بەشێکی پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە و زۆری لە دەستی خۆیان نیە، ئێمە ناکرێ کچان سەرزەنشت کەین، بەڵام ئەتوانین بۆ دواکەوتنی پرۆسەی زەواج کوڕان سەرزەشت کەین، یاخود کۆمەڵگە. ڕاستە کورد دەڵێ مووری کوندار پەکی ناکەوێ، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.

کاتێك کچان ئەزموونی فاشیلی دەستە خوشکەکەیان بینیوە، براکەی لەگەڵ دشەکەی باش نیە، دراوسێکەی خۆی ئەسوتێنێ، خزمەکەی داد و بێدادیەتی لە دەست مێردەکەی، ئەمیش بیر ئەکاتەوە بێوەژن بوون لەم کۆمەڵگەیەدا تانەیە، بە ناڕەحەت شوو ئەکاتەوە، باوکی وەری ناگرێتەوە، برا سەرزەنشتی ئەکا، ئیتر ناچار داخوازیکەرانی ڕەتئەکاتەوە، لەم تایپەمان زۆرە.

تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ ژنهێنان بە شێوەیەکی گشتی لێرە لە کۆمەڵی کوردی لەسەر بنەمای جوانیە، نەك بنەمای ئایینداری و نەسەب و بنەماڵە. کوڕان هەندێکجار ژن بۆ کۆمەڵو کەس‌وکار دێنن، نەك خودی خۆیان، ئەمەیش وا ئەکات ژمارەیەك کچی زۆر کە لە تێڕوانینی ئەوانەوە مەرغوب نین بمێننەوە. کۆمەڵگە ئەمانە ناودێر دەکا بە قەیرە. ئێمە درکمان کردووە کچان دوای تەمەنی ٣٠ ساڵی ئەکەونە دۆخی دەروونی ئاڵۆزەوە بە تایبەت ئەگەر سەرچاوەی داهاتیان نەبێت، یان کەس‌وکاری باشیان نەبێت. زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە ئێستا ڕێژەیەکی زۆر لەم کچانەی تیایە. بە بڕوای من وەك توێژەری کۆمەڵایەتیو ڕاوێژکاری خێزانی ئەم کچانە زۆر لەو کچانە ماڵدارتر و میواندۆستتر و خۆش مامەڵەترن، تەنیا کێشە ئەوەیە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەوە ئەمانە پەسەند نین، لە ڕووی جوانیەوە.

لە هەندێك قەزا لە کوردستان ئەڵێی مەڕ ئەکڕن، ئەگەر کچەکە قەڵەو نەبێت ناخوازرێ. ئیتر بۆیە ناچار کچی داماو پەنا بۆ دانانی سمتی لاستیکی و گۆڕینی شوێنەکانی جەستەی دەبا.

ڕەنگە مەسەلەی مارەیی و داوای ئاڵتوونی زۆریش یەکێك بێت لە کێشەکان، یان زۆرجار بیرکردنەوەی هەردوولایان بۆ ژیان وەك خەون و خەیاڵ دەیانەوێ خێزانی نموونەیی دروست کەن، کە ئەمە نایەتە جێ.

بە بۆچوونی من دواکەتنی هاوسەرگیری بۆ کچان لە تەمەنی ٢٧ ساڵیەوە دەستپێدەکات. وا باشترە کچان لە تەمەنی ٢٠ ساڵی هاوسەرگیریی بکەن، ئەگەر بۆیان گونجا، کەمتر، یان زیاتر بە دووساڵ کێشەیەك نیە. بەڵام نابێت ئەوەیش لەبیر بکەین خۆ بەگەورە زانین و مەسەلەی ناودەرکردن و چوونە پێشەوەی هەندێك ئافرەت بۆ بواری ڕاگەیاندن و شیعر و هەندێك بواری تر ئافرەتانی لە هاوسەرگیریی دواخستووە، ئەوەیش بەو واتایە نایەت کە ژنان بەدوای هیوایەتەکانیان وێڵ نەبن، ئەتوانن بەڵام دەبێت بە پڕەنسیپ بێت، من ئەوەی کە بینیومە پەشیمان بێت لەوەی کە لە تەمەنیدا شووی نەکردبێت و ڕاستگۆیانە حەسرەتی بۆ هەڵکێشا بێت م. بەدیعە دارتاش بووە، هونەرمەندە، لە زۆبەی دیدارەکانی باسی دەکات، کە هەڵەی ژیانی ئەوە بووە شووی نەکردووە.

> لە هەندێک قەزا لە کوردستان ئەڵێی مەڕ ئەکڕن، ئەگەر کچەکە قەڵەو نەبێت ناخوازرێ. ئیتر بۆیە ناچار کچی داماو پەنا بۆ دانانی سمتی لاستیکی و گۆڕینی شوێنەکانی جەستەی دەبا.

هۆکاری چینایەتیش لە دواکەوتنی هاوسەرگیریدا کچاندا خاڵێکە نابێت لەبیر بکرێت، لە هەندێك ناوچە هەیە ژنهێنان قەتیس بووە تەنیا لەنێو چوارچێوەی بنەماڵەدا، ئەمە بە زیان بۆ کچ ئەگەڕێتەوە و دوای ئەخات، دەتوانین بڵێین هەندێك لە کچان شارەزایی ئەوەیان نیە کە تەمەنی ئەوان هەستیارە و زاوزێیان تا تەمەنی ٣٥ ساڵی تەندروستە و شارەزایان پێیان باش نیە لە دوای ٤٠ ساڵی ژن منداڵی ببێت. کاتێك ئەمەمان بۆ هەندێك لە کچان ڕوونکردۆتەوە بە پەلە بڕیاڕی زەواجیان داوە و دوو منداڵیان بووە. ئەوان وایانزانیوە تا ٦٠ ساڵی منداڵیان ئەبێت، واتە شارەزایی جەستەی خۆیان نەبوون.

> خۆ بەگەورە زانین و مەسەلەی ناودەرکردن و چوونە پێشەوەی هەندێک ئافرەت بۆ بواری ڕاگەیاندن و شیعر و هەندێک بواری تر ئافرەتانی لە هاوسەرگیریی دواخستووە،

***ڕۆڵی ئاین و یاسا لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا؟**

- ئاین ڕۆڵی باشی لە پڕۆسەی هاوسەرگیریدا هەیە، چونکە چەندین دەقمان هەیە هانی گەنجان دەدا بچنە نێو پڕۆسەی هاوسەرگیرییەوە. ئاین قەناعەت بۆ خێزان دروست ئەکا لە ژیانی خێزانیدا، پەیوەندی نێوانیان ڕێك ئەخا، ئارامی و ئاسودەیی دەروونی بەرجەستە ئەکا بۆ ژن و مێرد، بە ژن ئەڵێ، بەم شێوە مامەڵە لەگەڵ مێرد بکە، ئەگەر ژنی کورد بچووکترین شارەزایی لە پەیامی ئاینی ئیسلام هەبێت دەربارەی خواستەکانی پیاو. دەیان و سەدان بابەتی فیقهی لە کتێبی زانایانی ئاینی

دەربارەی نیکاح و زەواج هەن، ئێمە بۆ تازە هاوسەردارەکان بە نەنگی ئەزانین باسی کەین.

ئاینی ئیسلام داوا لە ژن دەکات وەڵامی خواستە فسیۆلۆجیەکانی پیاوان بدەنەوە، داوا لە پیاو دەکات مافی ژنەکانیان لە هەموو ڕووەکانەوە بدەن ❝

هەموو ئەو لادانە کۆمەڵایەتی و جنسیانەی ئێستا لە نێو کۆمەڵگە هەن لە ئاینی ئیسلامدا ئاماژەی پێدراوە. ئاینی ئیسلام داوا لە ژن دەکات وەڵامی خواستە فسیۆلۆجیەکانی پیاوان بدەنەوە، داوا لە پیاو دەکات مافی ژنەکانیان لە هەموو ڕووەکانەوە بدەن.

هەموو پەیوەندییەکی نێوان ژن و مێرد لەسەر بنەمای ئاینی چاکەیە، خێرە، خۆپارێزییە، من زۆرجار وتوومە هەندێك لەو کتێبە فیقهییانەی کە هەن باشترین کەرەسەی پاراستنی کەسایەتی هاوسەرانن.

***کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات چ کاریگەرییەکی لەسەر ناهاوسەنگی ڕەگەزی هەیە؟**

- کۆچی گەنجان بە پێی زەمەن جیاوازە، جاران لە پێناوی باری ئابووریدا گەنجان کۆچیان ئەکرد، بەڵام بە ڕای من ڕەنگە ئێستا حەز بێت، یان جۆرێك بێت لە بێزاری، یان یاخیبوون، بەڵام ئەمە پاساو نیە بۆ ئەوەی بڵێین ڕێژەی کوڕان زۆرترە لە کچان.

❞ لەم وڵاتە ئەگەر بەها نەما، ئینتیما بۆ خێزان نەما، بەشێکی تری گەنجان کۆچ ئەکەن

سیستەمی ئێمە کێشەی تیایە. سیستەمی سیاسی و ئابووری و کولتوری لەم وڵاتە لەقن، کۆمەڵناسێك ناوی براونە ئەڵێ: ئەگەر یەکێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەق بوو، ئەوانی تریش لەق دەکرێن. کاتێك سیستەمی پەروەردە و سیاسی لەق ئەبێت، کەواتە سیستەمی کۆمەڵایەتیش دادەڕزێ و گەنجان بێزار دەبن، هەموو سیستەمەکان یەك پاکێجن. ئێمە ئەبێت کار لەسەر ئەو سیستەمانە بکەین چاکیان بکەین ئیتر گەنجانی تریش کە زوو ڕۆیشتوون دێنەوە، بەڵام من وای ئەبینم کەسانێك هەبن پێیانخۆشە کە ئەم سیستەمە لە وڵاتی ئێمە شێواو بێت بۆ ئەوەی کاری خۆیان بکەن. گەنج لە وڵاتی ئێمە خێر لە خۆ نەدیوە. ئێمە نە وەك خێزان، نەوەك دامەزراوەی پەروەردە و تەنانەت مزگەوتیش نەمانتوانیوە ببینە بەدیل بۆ ئەو وەرچەرخانەی لە فیکری گەنج لەم وڵاتە هەیە، من هەموو جارێك ئەڵێم ئەگەر لەم وڵاتە ئەو بەهایانە نەبوایە کە باو و باپیرانمان بۆیان بەجێهێشتووین، یەکمان ئەخوارد، بەڵام خۆشبەختانە لەم وڵاتە قیەم هەیە، ئەویش پاشماوەی ئەو ژیانە کولتوورییەیە کە بۆ ئێمە ماوەتەوە، خۆشەویستی هەیە، ڕێز هەیە، گیانی لێبوردن هەیە، یارمەتی هەیە، هاوکاری هەیە.

ئەو شێوازە ئامۆژگارییەی کە شکانی تیا بێت و هەست بریندارکردنی تیا بێت گەنجان تووڕە ئەکات و کۆچ ئەکەن و لەم وڵاتە نامێنن ❝

لەم وڵاتە ئەگەر بەها نەما، ئینتیما بۆ خێزان نەما، بەشێکی تری گەنجان کۆچ ئەکەن. ئەبێ ئێمە لەگەڵ گەنجانی ئەم وڵاتە دانیشین، لە گەڕەکێکی سلێمانی لە مانگێکا ١٣ کافتریا زیاد دەکات کۆشکی کتێبخانەکان ئەبنە شوێنی فرۆشتنی پێڵاو و جگەرە و قاوە، ئێمە بەدیلمان نیە. باوی ئەوە نەماوە تۆ بە گەنجان بڵێی ئەمە بکە و ئەوە مەکە، گەنجان حەزیان لە ئامۆژگاری نیە. لە کۆمەڵناسیدا ئەو شێوازە ئامۆژگارییەی کە ئێمەی پێکراوین گرێی دەروونی تیا خوڵقاندووین. ئەها ئێمە زۆر دەمارگیرین، ناتوانین ڕای یەکتری پەسەند بکەین، هەڵئەچین. ئێستا باوی دۆزینەوەی بەهرە و سەلیقەیە، دەبێت بەدیلمان بۆ دۆزینەوەی بەهرەی گەنجان هەبێت، لە قوتابخانەکان کتێبخانەی گەڕۆك بکەینەوە، لە باخچەکان لێیان نزیك ببینەوە، لە شەقامەکان بچینە تەنیشتیانەوە، خۆشمان بوێن. ئەو شێوازە ئامۆژگارییەی کە شکانی تیا بێت و هەست بریندارکردنی تیا بێت گەنجان تووڕە ئەکات و کۆچ ئەکەن و لەم وڵاتە نامێنن. ئێمە کاتی خۆی زۆرمان لە دامەزراوەکان شکێنراوین، هەستمان بریندار کراوە. بەشێکی ئەوەی کە هەمیشە کێشەمان لەگەڵ هاوسەرەکانمان هەیە پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەبە. ئەم سەردەمە سەردەمی دیالۆکە، گوێلێگرتنە لە گەنجان.

* فرەژنی دەبێتە چارەسەر بۆ دیاردەی قەیرەیی؟

- قسەکردن لەسەر بابەتی فرەژنی جورئەتی ئەوێ. ئێمەی شەرمن لەوانەیە لە تێڕوانینی خۆمانەوە قسەی لەسەر بکەین، من جورئەتم هەیە، بەڵام لەوانەیە بۆچوونی تۆم نەبێت. ئەگەر بەرمەبنای توێژینەوەی زانستی قسەی لەسەر بکەین، ئەمەیش دیسان لێرە توێژینەوەمان نیە، بەڵام ڕاپرسیمان هەیە. ئەزموونی ٧٠ خێزانمان لە کوردستان هەیە، وەك موقابەلە، زۆر لەو خێزانانە دوای هاوسەرگیری دووەم، مەسەلەی پەروەردەیان تیادا فەرامۆشکراوە، نەوەکانیان لە نێوجەوانان تووشی کێشە بوون، ئێمە موقابەلەی ئەوانەمان کردووە.

لەوانەیە ئەمە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بێت، ڕەنگە لە گوندێك، یان ژینگەیەك کە تیایدا فرە ژنی هەیە ئاسەواری کەمتر بێت، بەڵام لە شار و شارۆچکەکان ڕەنگە هۆکار هەبێت. هۆکارەکان لای ئێمەی کۆمەڵناس پەسەند نین، نەك کێشە چارەسەر ناکات، بەڵکو کێشەی زیاتر ئەخوڵقێنێ.

من حەز ناکەم ببمە لایەنگری ئەوەی کە تۆ لەگەڵ فرە ژنی یان نا، بەڵام حەز ئەکەم وەك توێژەرێك بڵێم، کە مرۆڤ بوونەوەری سایکۆلۆجیە، هیچ ژنێك لەسەر زەوی بە فرەژنی ڕازی نیە، هەندێك لە پەلەوەر و ئاژەڵەکانیش ئەمە ڕەفز دەکەن کە لە ئێمە جیاوازن. ژن بوونەوەرێکی تەواو سۆزدارییە، پیاوان نازانن چۆن تەعامول لەگەڵ ئەم بوونەوەرە بکەن.

هێنانی چەند ژنێك لەلایەن چەند کەسێکەوە پێوەر نیە بۆ ئەوەی بڵێی ئەها ئەوەیشمان هەیە و سەرکەوتوویش بوون. من وای بۆ چووم، زۆر لە ژنان کە ڕازی بوون بە فرە ژنی، مەسەلەکە توند و تیژی بووە، پیاوەکە زۆر توند بووە لەگەڵ ژنەکە و ژنەیش ناچار بووە بۆ ئەوەی ئاڕاستەی توندی پیاوەکەی بگۆڕێت ڕازی بووە بە هێنانی ژنی دووەم. من حەز ئەکەم ڕۆچمە نێو بابەتێکی زانستیەوە کە یەك سەدەیە هاتۆتە نێو زانکۆکانەوە و قسە لەسەرکردنی لێرە نەنگیە. پیاو ناتوانێ لە ڕووی جنسییەوە تەنیا یەك ژن تێر بکات، نەك دوو ژن. چونکە ژن پێویستی بە کات هەیە، خۆ

هاوسەرگیری تەنیا وەچە خستنەوە نیە، بەڵکو ئارامیە، ئاسوودەییە. خوا لە قورئانا ئەفەرموێ لتسکنوا... فرە ژنی مەوەدە و ڕەحمە نایەڵێ. ئەم ئاسوودەییە بە ژن زۆری نایەتە دی، بەڵکو بە تەکنیکی مامەڵە لەگەڵ ژن دێتە دی.

فرەژنی بۆ ٥٠ ساڵ بەرلە ئێستا کە ژن هیچ شتێکی دەربارەی ماف و جەستەی خۆی نەزانیوە ئاسایی بووە، بەڵام ئێستا ئاسایی نیە، ئێستا ئەبێت نەفسیەن تێر بێت، بەڵام جاران تەنیا خەریکی گا و گۆلك و مەڕو ماڵات بووە، ماندوو بووە، خوا خوای خەوێکی بووە.

> **فرە ژنی ئەگەر بۆ ئێستا چارەسەر بێت ٥٠ ساڵی تر نەوەی ئەم ژنانە ڕقیان لە پیاوەکانیانە**

ئەوەی لە هەندێك وڵات هەیە، فرە ژنی نیە، بەڵکو جۆرێکە لە حیلە شەرعی. تێرکردنی ئارەزووی جنسی پیاوەکە. لە کۆمەڵگەی کوردی ٥٦ ساڵ پێش ئێستا ژن مۆڵەتی شۆفێری هەبووە. بەڵام ئێستا لە عەرەبستانی سعودی ژن بۆی نیە شۆفێری بکات. ئەمە بەراورد ناکرێ. ژنی کورد ١٠٥ ساڵ پێش ئێستا مێجەر نوئێل وەسفی کردووە و ئەڵێ، کراوەن و لەگەڵ پیاوەکانیان کار دەکەن، ئێستا ناتوانی ئەم چەند ژنە لە ماڵێکدا کۆکەیتەوە. ئەتوانی چەند ژنێکی لاواز لە پێکهاتەی کەسێتی و بێ کەس وکار کۆکەیتەوە. من سەرنجم داوە لە سلێمانی و هەندێك شوێن پیاوان ئەو ئیشە دەکەن، ژنی عەرەبی بێ لانە و ئەو ژنانەی کە لێیان قەوماوە و کەسیان نیە، دێنن دەیکەینە ژنی خۆیان، ئێ ئەمانە زیاتر تووشی کێشەیان ئەکا. چەندین ژنی عەرەبمان هەبووە بە کێشانەوەی ٢ ملیۆن لە پیاوەکەی بۆ ماوەی ٣ هەفتە تۆمەتبارکراون، ئەمە کەی ژنهێنانە؟ وەڵا ئەمە مەلهەیەکی موحتەرەمە

فرە ژنی ئەگەر بۆ ئێستا چارەسەر بێت ٥٠ ساڵی تر نەوەی ئەم ژنانە ڕقیان لە پیاوەکانیانە، ٢٣ ساڵی تر کە پیاوەکە مرد لەسەر میراتیەکەی دەبێت بە هەرا، هەر لە ژیانا ڕق و تۆڵە دروست ئەبێت،

> **من وەک توێژەری کۆمەڵایەتی هاوسەرگیری مسیار بە بەدیل دەزانم و دەبێت ڕۆژێک برەوی پێبدرێت و بکرێتە سیستەم**

لە هەمبەر یەکتری. من قەت ئایەت و فەرمووده بەکار ناهێنم بۆ ئەوەی ماڵی خەڵك بشێوێنم، ئاخۆ کابرا ژنێکی هەیە و مناڵی جوانی هەیە، هیچ کێشەی نیە و پیاوی ماڵی خۆیەتی بۆچی بە ئایەت و حەدیس و هەندێك ئیدیۆمی کوردی ئەم خێزانە لەیەك دەترازێنی.

ئەگەر ئەپرسی بەدیل، ڕەنگە بەدیلی تر هەبێت، من وەك توێژەری کۆمەڵایەتی هاوسەرگیری مسیار بە بەدیل دەزانم و دەبێت ڕۆژێك برەوی پێبدرێت و بکرێتە سیستەم، ئەمە ڕێژەی قەیرەیی کەم دەکاتەوە. بۆ زانیاریتان ئەم هاوسەرگیرییە لە شاری سلێمانی زۆر دەکرێ، من تەئیدی دەکەم.

لە هەموو دونیادا بەدیلی هاوسەرگیری یاسایی هەیە لە کوردستان نەبێت، من ئەمەم بەلاوە پەسەندە. بەداخەوە زانایەکی ئاینی نیە ئەم گۆمی مەنگە بشڵەقێنێ، کاتی خۆی من بە د. مستەفا زەڵمیم وت، بێدەنگی هەڵبژارد، زۆر کچم موقابەلە کردووە بەمە ڕازین، بەڵام ناوێرن، بێوەژنەکان

حەزیان بەم جۆرە لە زەواجە، ئەمە ناپاکیو لادانی کۆمەڵایەتی کەمدەکاتەوە.

بەکارهێنانی ئایەت و فەموودە بۆ تێرکردنی ئارەزووی جنسی بە پاساوی ڕزگارکردنی ژنێك لە قەیرەیی تاوانە، ئەو کەسانەی ژنی دووەمیان هێناوە بەشێکی زۆریان سەرەتاکەی بە ناپاکی بووە لە ژنی یەکەمیان، دواتر بە فێڵ هێناویانە، خوا کەی فێڵی پێخۆشە، خەڵك پێی ناخۆشە کە من ئەو بۆچوونانەم هەیە، بەڵام ئێمە لە خەمی خێزان و تاکداین. نەك ئارەزووی چەند کەسێك کە بەهۆی داهات و ناوبانگ و مینبەر و دەوڵەمەندییان چەند ژنێك کۆدەکەنەوە.

بۆچوونی من وایە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی بۆ کوڕ ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی زانکۆیە کە دەکاتە تەمەنی ٢٢ ساڵی، بۆ کچان ئەگەر کەمتریش بێت، ئاساییە

***ئەی بۆ تەمەنی هاوسەرگیریی، چ تەمەنێك بە باش دەزانن؟**

- وتمان تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری بۆ کچ لەگەڵ کوڕ، ئێمە ڕاپرسیمان هەیە لە ڕاپرسیەکەدا دەرکەوتووە کە بەشداربوان پێیانوایە کوڕ لە تەمەنی ٢٢ و ٢٣ساڵیدا هاوسەرگیریی بکات و کچانیش لە ٢٠ ساڵی. بۆچوونی من وایە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی بۆ کوڕ ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی زانکۆیە کە دەکاتە تەمەنی ٢٢ ساڵی، بۆ کچان ئەگەر کەمتریش بێت، ئاساییە.

هەرچی لاوی لە تەمەنی ٢٢ ساڵی و ٢٣ ساڵیدایە، نابێت ئەمە دوا بخەین بە پاساوی خوێندن، چونکە زۆر کەس ئەمەیان دواخستووە لە داهاتوو لە خستنەوەی وەچە زیانمەند بوون، پێتاندنیان لاواز دەبێت، کچان ئەگەر لە تەمەنی ١٨ ساڵیش هاوسەرگیریی بکەن کێشە نییە. من بۆچوونم وایە کچان کەی چانسیان هاتە بەردەم لە دەستی نەدەن. ئەگەر بەلایانەوە گونجاوبوو. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی دایكو باوك و کچ هۆشیار بکەنەوە.

زوو هاوسەگیریی کردن وا ئەکا زووتر لە هاوسەرگیریی تێبگەی. ژنانی کورد ٥ ساڵ دوای زەواج جا لە هاوسەرگیریی تێئەگەن، هەیانە دە ساڵیش، هەشیانە تا مردن لە هاوسەرگیریی هیچ تێناگەن. ١٠٠ ژنی تەمەن سەروو ٤٥ ساڵمان موقابەلە کردووە لە ٪٧٦ یان فرپیان بەسەر مەسەلەی ئۆرگازیما و ڕەحەتبوونی ژنانەوە نییە، نازانن چێژی جنسی چییە، بەڵام ئێستا هەموویان لە تەمەنی ١١ ساڵیەوە دەزانن چۆن پەیوەندی جنسی ئەنجام بدەن، مەحاڵە لە پیاوەکەشیان قبووڵ بکەن ستەمیان لێ بکەن.

بەشێکی لادانی جنسی خێزانەکان بەهۆی تەماشاکردنی گرتەی جنسی ئینتەرنێتەوە، ئێمە نزیکەی ٥٦ کێشەمان لابووە کە ژنان شەکوای حاڵی خۆیان لە مێردەکانیان کردووە کاتێک ویستویانە گرتەی جنسییان لەسەر تاقیکەنەوە

به کورتی و بە کوردی کچان دەیانەوێ زوو شوو بکەن، کەم کچ هەیە تەمەننا نەکا زوو بچێتە ماڵ و حاڵی خۆی، بەڵام جاران کچان گوێیان بەمە نەئەدا، وەك بەرپرسیارێتی و وەزیفەی کۆمەڵایەتی شوویان ئەکرد، ئێستا بۆ تێرکردنی حەزە جنسیەکانی دەیەوێ هاوسەرگیریی بکات.

***سەبارەت بە پەروەردە و میدیا و کاریگەرییان لەسەر خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیریی؟**

- پەروەردەی دروست پەیوەندی بە هۆشیاری خێزانیەوە هەیە، چەند خێزان هۆشیاربێت، ژن شارەزابێت ئەوەنە تاك تەندروست ئەبێت. چەند یارمەتی خێزان بدرێت بۆ پێکەوەنان و گرێدانی ژیانێکی دروست ئەوەنە پەروەردە تەندروست ئەبێت، ئێستا ژمارەی مناڵ کەمە چونکە پەروەردە لای خێزان گرنگترە.

کاتی خۆی تەنیا بەخێوکردن هەبوو، ژمارەی مناڵ زۆر بوو، بەڵام لەبیرمان نەچێت لە ڕوانگەی ئاینی و دەروونییەوە ئەگەر مناڵ لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە شوێن‌و جێگەی خەوتنی نەبێت تووشی لادان دەبێت، من نایشارمەوە زۆر لە کوڕان و کچان دووچاری ئەم لادانە بوون، ئەمە دەستکەوت نییە کە چەند منداڵێکی زۆر لە حەوشێکدا کۆکەیتەوە و بڵێی کێشەیان نییە، نەخێر هەیانە بەڵام ئێوە درکی پێناکەن، ئێمە دەزانین کە داهاتوو چەند زیان بەو منالانە دەکەوێت.

مەسەلەی میدیا ئەمرۆ سەرچاوەی ئالوودەبوونی نەوەکانمانە. ئالوودەبوون جۆرێکە لە نەخۆشی دەروونی، ئەگەر ئەو سەرچاوەیەی لێ ببڕی کەسەکە هەڵچوو، یان شەڕی کرد ئەوە ئالوودە بووە. بەشێکی لادانی جنسی خێزانەکان بەهۆی تەماشاکردنی گرتەی جنسی ئینتەرنێتەوە، ئێمە نزیکەی ٥٦ کێشەمان لابووە کە ژنان شەکوای حاڵی خۆیان لە مێردەکانیان کردووە کاتێك ویستویانە گرتەی جنسییان لەسەر تاقیکەنەوە، ئەمە ژیانی خێزانی تێکداوە، خۆشەویستی نەهێشتووە، توندوتیژی لە نێوخێزانەکان هێناوەتە ئاراوە.

> **لە ئەمریکا هەوڵی قەدەغەکردنی تیک تۆک دەدرێ، بەڵام من جارێک نووسیم سنوور بۆ بەکارهێنانی ئینیستا و سناپ دانێن سەدان کۆمێنت بە کۆنەپەرست ناودێری کردم**
> **“**

میدیا هەیە لەم کوردستانە لەسەر ڕانی فلان هونەرمەندی کچ ٢٠ هەواڵی داڕشتووە! لەسەر هێنانی ٣ ژنی عەرەب لەلایەن کوردێکەوە ستۆری کردووە. ئێ من ئەزانم ئەو کوڕە چۆن قۆڵی ئەمانەی بڕیوە و ناپاکی لە ژنەکەی کردووە. کاتێك میدیا ئەمە ئەکا، ئیتر ئەمە یانی برەودان بەم ئیشە، ئەمە ئەبێتە کاسپی هەندێك لەو کەسانەی بێ کارن.

لە ئەمریکا هەوڵی قەدەغەکردنی تیک تۆك دەدرێ، بەڵام من جارێك نووسیم سنوور بۆ بەکارهێنانی ئینیستا و سناپ دانێن سەدان کۆمێنت بە کۆنەپەرست ناودێری کردم.

جیابوونەوە بەهۆکاری هێنانی ژنی دووەم

پارێزەر: ڕێکان تەحسین ساڵەیی

پرۆفایل:

پارێزەر رێکان تەحسین ساڵەیی، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، وەرگێڕ و ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی سەنتەری ئایندە بۆ لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئایندە

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨، دادگاکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر بوونەوە بەهۆی ئەو هەموارکردنەوەیە، بەداخەوە تاکو ئێستاش ئەو کێشانە بەردەوامن بێ ئەوەی هیچ چارەیەکی بۆ دابنرێت، لە کاتێکدا بوونەتە هۆکارێکی زەق و دیار بۆ زۆر بوونی ڕێژەی تەڵاق و تاوان لە چوارچێوەی خێزاندا.

یەکێك لەو کێشانە بڕگەی پێنجەمی مادده (٤٠)ی یاسای باری کەسی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانە، ئەو بڕگەیە ڕێگە دەدات بە ژن کە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی بە هۆی ئەوەی پیاوەکەی ژنێکی تری هێناوە بەبێ ڕەزامەندی ژنی پێشووی[1]، دەقی ئەم بڕگەیە بۆ هەموو ژنەکان دروستە بەمیتۆدی قیاس کردن، بۆ نموونە کاتێك پیاوێك ژنی دووەم دەهێنێت بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەمی، بەپێی ئەو یاسایە ژنی یەکەم مافی ئەوەی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، بە قیاسکردنی ئەم حوکمە بەسەر حاڵەتەکانی تریشدا دروستە، واتە ئەگەر پیاو ژنی چوارەمی هێنا بەبێ ڕەزامەندی ژنەکانی تری، لەم حاڵەتەدا هەریەك لە ژنی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەو مافەیان هەیە داوای جیابوونەوە بکەن بە هۆکاری هێنانی ژنی چوارەم بەبێ ڕەزامەندی ئەوان.

> **یەکێک لەو کێشانە بڕگەی پێنجەمی مادده (٤٠)ی یاسای باری کەسی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانە، ئەو بڕگەیە ڕێگە دەدات بە ژن کە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی بە هۆی ئەوەی پیاوەکەی ژنێکی تری هێناوە بەبێ ڕەزامەندی ژنی پێشووی ”**

کێشەی سەرەکی ئەم بڕگەیە:

کێشەی ئەم بڕگەیە لەوەدایە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژیرانە و یاساییانە بڕگەکەی دانەڕشتووە و هیچ لێکدانەوەیەکی پێشوەختەی بۆ کۆمەڵگا و دابەشکاری وڵات و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین نەکردووە، وەك دەبینین بڕگەی پێنجەمی مادده (٤٠) بە شێوەیەکی ڕەها نووسراوە و هیچ مەرج و تایبەتمەندییەکی نییە، ئەمەش وای کردووە بەتەنها هێنانی ژنی دووەم ببێتە هۆکارێك کە ژنی یەکەم مافی ئەوەی هەبێت لە پیاوەکەی جودا بێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو پیاوە لە دادگاش ژنی دووەمی هێنابێت مادام ڕەزامەندی ژنی یەکەمی لەسەر نەبێت ئەوا هەرکات ژنی یەکەمی بیەوێت مافی ئەوەی هەیە لە پیاوەکەی جیاببێتەوە بە هۆکاری ئەوەی بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی ئەو ژنی دووەمی هێناوە، ئەمەش کێشەیەکی نوێ و بەربڵاوی خستە نێو دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە، چونکە پیاوان بە مەبەستی هێنانی ژنی دووەم دەچوونە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و لە دادگاکانی ئەوێ ژنەکانیان مارە دەکرد، چونکە ئەو بڕگەیە تەنها لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، بەڵام ئەو ڕێکارانە هێندەی تر کێشەکانی قووڵ کردەوە، لەبەر ئەوەی دەقی ماددەکە بە ڕەهایی هاتووە،

لێرەدا ئەو گرێبەستی هاوسەرگیریەی پیاو بۆ هێنانی ژنی دووەم لە دەرەوەی هەرێم بەستوویەتی هیچ ڕێگر نابێت لەوەی ژنی دووەمی مافی ئەوەی نەمێنێت و داوای جیابوونەوە بکات بە هۆکاری هێنانی ژنی دووەم، کەواتە ژنی یەکەم دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات بە هۆکاری ئەوەی پیاوەکەی ژنی دووەمی هێناوە هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی لە دادگا و بە ڕەزامەندی دادگاش هێناویەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەقی ماددەکە بە ڕەهایی هاتووە و ئەومافەی داوە بە ژنی یەکەم بێ هیچ مەرج و بەربەستێك داوای جیابوونەوە بکات، ئەو ماددەیەش مادام بە ڕەهایی هاتووە بە ڕەهایی دەمێنێتەوە تاکو بە دەقێکی یاسایی کۆت و بەند دەکرێت.

پرسیار: ئەگەر بێتوو ژنی یەکەم ڕازیبوو بەوەی پیاوەکەی ژنی دووەم بهێنێت ئەو مافەی دەمێنێت داوای جیابوونەوە بکات بە هۆکاری هێنانی ژنی دووەم یاخود نا؟

وەڵام: بەداخەوە ژنی یەکەم گەر ڕازیش بێت لەبەردەم دادگا بەوەی پیاوەکەی ژنی دووەم بهێنێت ئەو مافە لەدەست نادات کە داوای جیابوونەوە بکات بە هۆکاری هێنانی ژنی دووەم، ئەمە بۆ ژنانی دواتریش دروستە وەك پێشتر باسمان کرد، لەبەر ئەوەی دەقی ماددەکە بە ڕەهایی هاتووە، دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ بە بڕیاری ژمارە (٢٧٥) لە شیکردنەوەی ئەو بڕگەیەدا دەڵێت: ژن ڕێگەپێدراوە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی کە ژنی دووەمی هێناوە بەبێ گوێدانە ئەوەی ژنی یەکەم ڕازیبووە یاخود نا، بە ڕەزامەندی دادگا بووە یاخود نا[٢].

کەواتە کاتێك کە ژنی یەکەم داوای جیابوونەوە دەکات لە دادگا چونکە پیاوەکەی ژنی دووەمی هێناوە و دادگا دەبێت پەسەندی ئەو بانگهێشتە بکات جا بە هەر هۆکارێك بێت، دوای ئەوەی بۆ دادگا ڕوون بوویەوە کە پیاوەکە ژنێکی تری هێناوە و بەڵگەی پێویست هەبوو بۆ سەلماندنی دەبێت لە یەکتریان جیا بکاتەوە[٣].

> ❞ دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی هەڵسا بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە یاسادانەر بەجێیهێشتبوو، ئەویش بەڕێگای دانانی چەند مەرج و کۆت و بەندێک بۆ ماددەکە تاکو بەو شێوە ڕەهایە کاری پێنەکرێت و زێدەڕۆیی نەکرێت لە بەکارهێنانیدا

دوای ئەوەی یاسادانەر دەقێکی گشتگیر و ڕەهای دارێشت و بەکۆمەڵێك کەموکورتی و کێشەوە خستیە نێو کۆمەڵگا و کێشەکانی بەردەم دادگاکانی زیاتر و قوڵتر کردەوە، دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی هەڵسا بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە یاسادانەر بەجێیهێشتبوو، ئەویش بەڕێگای دانانی چەند مەرج و کۆت و بەندێك بۆ ماددەکە تاکو بەو شێوە ڕەهایە کاری پێنەکرێت و زێدەڕۆیی نەکرێت لە بەکارهێنانیدا، هەرچەندە دەقی یاساکە گشتگیر و ڕەهایە و دادگای تەمییز لە توانایدا نییە ئەو ڕەهاییە کۆت و بەند بکات، چونکە هەموارکردن و لەکارخستن و فراوان و بەرتەسك کردنەوەی یاسا تەنها بە یاسا دەکرێت، بەڵام خۆشبەختانە لە چوارچێوەی

دەسەڵاتی شیکردنەوەی دادگای تەمییز توانی چەند دۆخێك بكات بەمەرج بۆ ئەو دەقە لەوانەش:

١- ژنی یەكەم پێویستە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو مافە بەكار بێنێت، واتە ئەگەر پیاو ژنی دووەمی هێنا ئەوا ژنی یەكەم لە ماوەی دوو ساڵدا دەتوانێت داوای جیابوونەوە لە مێردەكەی بكات بەهۆكاری هێنانی ژنی دووەم.

٢- ئەگەر ژنی یەكەم لەگەڵ مێردەكەی و ژنی دووەمی مێردەكەی سەفەر بكات و وێنەی بگرێت و شاد بێت ئەوا مانای ئەوەیە خۆشحاڵە و ڕەزامەندە بە بڕیاری مێردەكەی و هێنانی ژنی دووەم و هیچ زیانێكی بەو هۆیەوە پێ نەگەیشتووە، بێگومان هەمان ماوەی خاڵی یەكەم بەسەر خاڵی دووەمدا جێبەجێ دەكرێت[٤].

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بنەما یاساییەی كە دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان لەو بارەیەوە دەریكرد لە بڕیارێكی تردا بە ژمارە (٧٠٥/دەستەی باری كەسی/٢٠١٩)دا دادگای تەمییز زیاتر مەبەستی خۆی ڕوون دەكاتەوە و ئاماژە بەوە دەدات كە مافی ژن لە بەرزكردنەوەی داوا بۆ جیابوونەوە لە مێردەكەی بەهۆی ئەوەی ژنی بەسەردا هێناوە مافێكی هەمیشەیی نییە و بە هۆكاری تایبەتی و تێپەڕینی كات لەناو دەچێت[٥].

جیابوونەوەی ژن لە مێردەكەی بە هۆكاری هێنانی ژنێكی تر لە ڕووی شەریعەتی ئیسلامییەوە؟

بێگومان یاسای باری كەسی بەركار لە هەرێمی كوردستانی عێراق بە هەموو هەموارەكانیەوە تایبەتە بە مسوڵمانان، واتە بەسەر ئەوانەدا جێبەجێ دەكرێت كە پەیڕەوكاری ئاینی ئیسلامن، كەواتە پێویستە یاساكە پێچەوانەی بنەما جێگیرەكانی ئاینی ئیسلام نەبێت، ئەمە جگە لەوەی دەستوری هەمیشەیی كۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕاشكاوی دەڵێت: نابێت هیچ یاسایەك لە عێراق دەربچێت پێچەوانەی بنەما جێگیرەكانی شەریعەتی ئیسلام بێت، بەڵام بەداخەوە هەمواركردنی یاسای باری كەسی لە هەرێمی كوردستان لە مادده (٤٠) بڕگەی پێنجەم تەواو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە، چونكە چەند ژنی و هێنانی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم لە ئاینی ئیسلامدا پێویستی بە ڕەزامەندی ژنانی پێشتر نییە و نابێتە هۆكارێك بۆ جیابوونەوە[٦]، كەواتە هەر جیابوونەوەیەك لە دادگا لەسەر بنەمای مادده (٤٠) بڕگەی پێنجەمی یاسای باری كەسی بێت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە و ئەو جیابوونەوەیە دروست نییە و ئەو دوو كەسە هەر بە هاوسەری یەكتر دەمێننەوە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە بە جیابوونەوەیەكی تەواو دادەنرێت و كاریگەری یاسایی تەواوی هەیە وەك هەر جیابوونەوەیەكی تر.

> **یاسای باری کەسی بەرکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە هەموو هەموارەکانیەوە تایبەتە بە مسوڵمانان، واتە بەسەر ئەوانەدا جێبەجێ دەکرێت کە پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلامن، کەواتە پێویستە یاساکە پێچەوانەی بنەما جێگیرەکانی ئاینی ئیسلام نەبێت ❝**

لە چ حاڵەتێکدا ئەم جۆرە جیابوونەوەیە شەرعی و یاساییە؟

ئەگەر بێتو پیاو ژنێکی تری هێنا، بۆ نموونە ژنێکی هەیە و ژنی دووەمی هێنا، پیاوەکە زیانی بە ژنی یەکەمی گەیاند، بۆ نموونە دادپەروەر نەبوو لەگەڵیاندا، یانی ژنی یەکەمی ئیهمال بکات و خەرجی نەکێشێت... ئەوکات ژنی یەکەم دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات لە پیاوەکەی چونکە هێنانی ژنی دووەم بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە ژنی یەکەم، ئەمە لە ڕووی شەرعیەوە تەواو و دروستە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ناچێتە چوارچێوەی مادده (٤٠) بڕگەی پێنجەمی یاسای باری کەسی، چونکە لە یاسای باری کەسی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ماددەی سەربەخۆ هەیە بۆ جیابوونەوە بەهۆکاری زیان گەیاندنی یەکێك لە هاوسەران بەوی دی.

> **مادده (٤٠) بڕگەی پێنجەم لە یاسای باری کەسی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و کاتێکی زۆری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان گرت ❝**

دەرەنجام:

مادده (٤٠) بڕگەی پێنجەم لە یاسای باری کەسی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، کۆمەڵێك کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و کاتێکی زۆری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان گرت و تاکو ئێستاش دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق ڕۆژانە بنەمای یاسایی شیکاری بۆ ئاسانکاری کردن لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە دەردەکات. ئومێدەوارین لە هەموارێکی تردا پێداچوونەوەیەك بەم مادەیەدا بکرێتەوە هاوشانی ئەو هەڵانەی تری نێو یاسای باری کەسی، جا بە ڕێکخستنێکی شەرعی و یاسایی بێت یان لابردن و لەکار خستنی ماددەکە بێت یان پاشکۆیەکی شیکاری بۆ شێوازی دروستی جێبەجێ کردنی دابنرێت.

سەرچاوە و پەراوێز

١- بڕگەی ٥ی مادده ٤٠: (ئەگەر مێرد ژنێکی دیکەی هێنا، ژنی یەکەم مافی داواکردنی لێکجیابوونەوەی دەبێت).

٢- المشرع فى التعديل الأخير للمادة الأربعون ـ٥ من قانون الأحوال الشخصية اباح للزوجة طلب التفريق اذا تزوج بزوجة ثانية سواء كانت الزوجة الأولى موافقة أم لا أو اذا حصل الزواج الثاني بموافقة المحكمة ام لا (قرار هيئة الأحوال الشخصية في محكمة التميز لاقليم كوردستان رقم (٢٧٥) لسنة ٢٠١٧ بتأريخ ٢٠١٧/٤/٢٦.

٣- أن مادة ٤٠ ف ٥ من قانون الأحوال الشخصية اجازت للزوجة طلب التفريق بمجرد زواج زوجها بزوجة ثانية مهما كان السبب/ (قرار هيئة الأحوال الشخصية في محكمة التميز لاقليم كوردستان رقم (١٥١) لسنه ٢٠١٧ بتأريخ ٢٠١٧/٣/١٢.

٤- قبسات من احكام القضاء، اعداد القاضي الدكتور محمد عبدالرحمن السليفاني، ط ١، مكتبة اربيل القانونية، اربيل، ٢٠١٧، ص٢٧٧ـ٢٨٠.

٥- المختار من قضاء محكمة التميز لاقليم كوردستان/ قسم الأحوال الشخصية، اعداد القاضي صباح حسين رشيد، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، مكتبة اربيل القانونية، اربيل، ٢٠٢٠، ص١٠٢.

٦- وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا.

تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری لە نێوان ئێستا و ڕابردوو

شوکریە شێخانی

پڕۆفایل:

شکریە اسماعیل مصطفی.. لەدایکبووی هەولێر، ماستەر لە فیقهی موقارن، پەرلەمانتاری کوردستانی خولی چوار، سەرۆکی ئنستیتویتی باغ، دانیشتووی هەولێر ـ ڕۆیا تاوەر.

گومانی تیادا نیە خێزان پایەیێکی سەرەکییە لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و تۆکمە، دیارە سروشت و پێداویستییەکانی مرۆڤ پێویستیان بە گوزەرانی ژیانە لە چوارچێوەی خێزان.

بەڵام ئایا چ تەمەنێك گونجاو و شیاوە بۆ چوون بۆ نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانێکی ئارام و تەندروست و بەختەوەر و بەردەوام وە نانەوەی نەوە؟

هەڵبەتە تەمەنێکی گونجاو بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری شتێکی ڕێژەییە، ناکرێت دیاریکراو بێت بۆ هەموو کەسێك وەکو یەك، ئەو کەسە خۆی یان سەرپەرشتیاری دەتوانێت تەمەنێکی گونجاو هەڵبژێرێت، وە کۆمەڵێك هۆکار هەن کاریگەری زۆریان هەیە لە دیاریکردنی تەمەن و هەنگاونان بۆ نێو قەفەسی زێڕین، لە گرینگترین ئەو هۆکارانە:

١- شەرع و یاسا

٢- جۆری ڕەگەز.

٣- داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

٤- ژینگە و ئاو و هەوا.

٥- ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری و بیرکردنەوە.

٦- بوونی توانا و لێهاتویی و تێگەیشتن لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە.

٧- باری ئابووری و دارایی.

٨- باری تەندروستی.

زانایانی شەرعناس فەرموویانە حوکمی هاوسەرگیری بۆ کوڕان و کچان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی توانا و لێهاتوویی و هۆشیاری و ئامادەباشی و باری تەندروستی

٩- بوونی ئامادەباشی و قەناعەت بۆ چوون بۆنێو ئەو پرۆسەیە.

ئاشکرایە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هانی گەنجانی داوە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بە مەرجی تواناو لێهاتویی و ئامادەباشی و گونجانی باری ئابووری و دارایی، وەك لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە کە لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خودا (درود و سڵاوی خودای گەورەی لەسەر بێت) فەرموویەتی:

(يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ).
واتا: ئەی کۆمەڵی گەنجان هەرکەسێك لە ئێوە توانای هەیە با پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات،

ئەمە باشترە بۆ پاراستنی چاو لە سەیرکردن و پاراستنی عەورەت لە حەرام، وە هەرگەنجێکیش لە توانای نیە با بەڕۆژوو بێت کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی حەز و ئارەزوو و شەهوەتی..[١]

زانایانی شەرعناس فەرموویانە حوکمی هاوسەرگیری بۆ کوڕان و کچان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی توانا و لێهاتوویی و هۆشیاری و ئامادەباشی و باری تەندروستی، هاوسەرگیری یەکێك لەو حوکمانەی خوارەوە وەردەگرێت:

١- فەرز.

٢- سوننەت.

٣- موباح.

٤- مەکروە.

٥- حەرامز

جا هەر کچ و کوڕێك دوای باڵغبوونی خۆی لەگەڵ سەرپەرشتیارانی دەبێت بزانن ئەو لە چوارچێوە و بازنەی کامە حوکمدایە.

لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان ڕێگاپێدان بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دیاریکردنی تەمەن بە پێی ڕەگەزی نێر و مێ دەگۆڕێت، بۆ نموونە: (ئەرجەنتین و ڕۆمانیا)، ١٦ ساڵ بۆ کچ و ١٨ ساڵیان بۆ کوڕ دیاریکردوە، بەڵام (فەنزوێلا) ١٤ ساڵ بۆ کچ و ١٦ ساڵیان بۆ کوڕ دیاریکردووە ❝

هەڵبەتە لە هەر وڵاتێك بە پێی یاسا تەمەنێکی دیاریکراو دانراوە بۆ ڕێگەپێدان بە پرۆسەی هاوسەرگیری، دیارە ئەم ڕێگەپێدانە بە لایەنی کەم دوای باڵغبوون بێت، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی وڵاتانی جیهان تەمەنی ١٨ ساڵیان دیاریکردووە بۆ ڕێگاپێدان بە هەردوو ڕەگەز وەك: عێراق،کوێت، ئەردەن، تونس، قوبرس، دانیمارك، یۆنان، ئیسپانیا، ئیتالیا، زیمبابۆ و سوید ......هتد)، وە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ڕێگاپێدان بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دیاریکردنی تەمەن بە پێی ڕەگەزی نێر و مێ دەگۆڕێت، بۆ نموونە: (ئەرجەنتین و ڕۆمانیا)، ١٦ ساڵ بۆ کچ و ١٨ ساڵیان بۆ کوڕ دیاریکردوە، بەڵام (فەنزوێلا) ١٤ ساڵ بۆ کچ و ١٦ ساڵیان بۆ کوڕ دیاریکردووە[٢].

بە پێی کۆمەڵێك توێژینەوەی نوێ دەرکەوتووە کچ لە تەمەنی ١٦-٢٥ ساڵ زۆرترین هێلکەی ئامادە دەبێت، تا تەمەنی ٣٠ ساڵی تۆزێك هێلکەکانی کەم دەبێتەوە، وە لە ٣٠ ساڵی تا وەستانی سووڕی مانگانەی، وردە وردە هێلکەکانی کەمتر دەبنەوە.

بەپێی کۆمەڵێک توێژینەوە تا تەمەن گەورەتر بێت ڕێژەی جیابوونەوە کەمتر دەبێت بە تایبەتی بۆ کچان تەمەنی ٢٠-٢٨ ساڵ وە بۆ کوڕان تەمەنی ٢٢-٣٢ ساڵ لەڕووی ژیریی و توانا و لێهاتووییان چاکتر گەشە دەکات ❝

وە لە کۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی دەرکەوتووە ئافرەت تا زووتر پرۆسەی هاوسەرگیری بکات هێڵی بەرگری جەستەی بە شێوەیەکی سروشتی دژە تەن دروستدەکات بەرامبەر سەرجەم نەخۆشییەکان بە تایبەتی شێرپەنجەی مەمك.

بەڵام ڕەگەزی نێر گەشەکردنی سێکسی لە ٢٠-٣٠ ساڵی زۆر بەهێزە، وە لە ٣٠-٤٠ ساڵی تۆزێك کەم دەبێتەوە، وە لە ٤٠-٦٠ زیاتر کەم دەبێتەوە، وە لە ٦٠-٧٠ ساڵی توانای منداڵبوونی زۆر کەمدەبێتەوە یان هەر نامێنێت.

وە بەپێی کۆمەڵێك توێژینەوە تا تەمەن گەورەتر بێت ڕێژەی جیابوونەوە کەمتر دەبێت بە تایبەتی بۆ کچان تەمەنی ٢٠-٢٨ ساڵ وە بۆ کوڕان تەمەنی ٢٢-٣٢ ساڵ لەڕووی ژیریی و توانا و لێهاتووییان چاکتر گەشە دەکات، بەڵام کوڕان دەبێت وریا بن لە تەمەنی ٣٢ ساڵ تێپەڕ نەکەن چونکە بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە گەر دوای ئەو تەمەنە پرۆسەی هاوسەرگیری بکەن پێشبینی جیابوونەوە بە ڕێژەی ٥٪ زیاد دەکات، دیارە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوڕ تا ئەو تەمەنە ژیانی خۆی بەشێوەك ڕاهێناوە و بەرنامەڕێژ دەبێت لەسەر ژیانێکی دیاریکراو کە بۆی قورس دەبێت بۆ شێوازێکی تر ژیانی بگۆڕێت وە بەرپرسیارییەتی خێزان و منداڵ هەڵبگرێت[٣].

سەرچاوە و پەراوێز:

١- شرح بلوغ المرام (الشرح الجديد) كتاب النكاح ٩٧٤.

٢- حالة الاتفاقية في ٢٠١٢ على موقع واى باك مشين.

٣- افضل عمر لزواج البنت/اسلام الزبون.

چەند نیگا و دیدگایەك لەسەر فەرموودەی

«مَنِ ابْتُلِيَ مِنَ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ فَأَحْسَنَ إِلَيْهِنَّ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ»

محمد مەلا مەحمود تاوگۆزی

پڕۆفایل:

محمد مەلا مەحمود تاوگۆزی..لەدایکبووی ١٩٨٧، دەرچووی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی سلێمانی/ ٢٠٠٩. خاوەنی ٨ کتێبی چاپکراو و چەندین توێژینەوە و بابەتی جۆراوجۆرە. وتاربێژی مزگەوتی کانی ئاسکانە لە زەڕایەن.

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە هەندێك وا تێگەشتوون پێغەمبەری خوا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە جۆرێك لە جۆرەكان لە پێگەی ئافرەتانی كەم كردۆتەوە و بە نەهامەتی و گرفتی داناون بۆ دایك و باوكان. بەڵام وەكو ڕوون دەبێتەوە ئەمە تێڕوانینێكی تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ویستی پەروەردگار و سروشتی پێغەمبەر و ڕاستییە چەسپاوەكانی شەرع.

یەكەم: دەق و واتای فەرموودەكە:

«أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَتْ: جَاءَتْنِي امْرَأَةٌ وَمَعَهَا ابْنَتَانِ لَهَا، فَسَأَلَتْنِي فَلَمْ تَجِدْ عِنْدِي شَيْئًا غَيْرَ تَمْرَةٍ وَاحِدَةٍ فَأَعْطَيْتُهَا إِيَّاهَا، فَأَخَذَتْهَا فَقَسَمَتْهَا بَيْنَ ابْنَتَيْهَا وَلَمْ تَأْكُلْ مِنْهَا شَيْئًا، ثُمَّ قَامَتْ فَخَرَجَتْ وَابْنَتَاهَا فَدَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم فَحَدَّثْتُهُ حَدِيثَهَا فَقَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم: مَنِ ابْتُلِيَ مِنَ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ فَأَحْسَنَ إِلَيْهِنَّ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنَ النَّارِ». واتە: دایكە عائیشە (خودا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك هات بۆ لام (دوو) كچی لەگەڵ بوو، داوای یارمەتی لێ كردم، منیش هیچێكم شك نەبرد بیدەمێ تەنها دەنكە خورمایەك نەبێ، خورماكەم پێدا، ئەویش كردی بە دوو كەرتەوە، هەر پارچەیەكی دا بە یەكێك لە كچەكانی بێ ئەوەی خۆی هیچی لێ بخوات، پاشان هەستا و ڕۆیشت. كاتێك پێغەمبەر گەڕایەوە و ئەمەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: هەركەسێك خودا بە بۆنەی كچەكانییەوە تاقی بكاتەوە و باش بێت لەگەڵیان، ئەو كچانە دەبن بە قەڵغان بۆی لە ئاگری دۆزەخ.

دووەم: پلەی فەرموودەكە:

ئەم فەرموودەیە هەریەكە لە پێشەوا (بوخاری) بە ژمارە (١٣٥٢) لە بابی (اتقوا النار ولو بشق تمرة والقليل من الصدقة)، هەروەها پێشەوا (موسلیم) بە ژمارە (٦٨٦٢) لە (باب فَضْلِ الإِحْسَانِ إِلَى الْبَنَاتِ)دا هێناویانە. جگە لەوانیش هەریەك لە پێشەوایان: (بەیهەقی، ئەحمەد، عەبدولرەزاق) ریوایەتیان كردووە.

سێهەم: ئایا كچ مایەی بەدبەختی و بەڵایە بۆ دایباب؟

> **پێغەمبەر نەیفەرمووە: كچ بەڵایە؛ بەڵكو فەرموویەتی وەكچۆن ماڵ و سامان مایەی تاقیكردنەوەن، منداڵیش هەروەها -جا كوڕە یاخود كچ**

هەموومان لامان ڕوونە پێش هاتنی ئیسلام مامەڵەی باوك لەگەڵ كچەكانی چۆن بووە، لێرەدا ناچینە ئەو باسەوە؛ چونكە قسەی زۆری لەسەر كراوە. بەڵام ئەوەی دەیخەینە ڕوو تایبەتە بە ڕێز و شكۆی (كچ) لە بەرامبەر (كوڕ)دا، وەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە شیرینەكاندا هاتووە. سەرەتاش بە چەند سەرنجێك لەسەر فەرموودەكە دەست پێ دەكەین:

١ـ پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر بێت) دەربارەی كچ فەرموویەتی: مایەی تاقیكردنەوەن. بێگومان ئەمەش دەستەواژەیەكی گشتییە و هەریەكە لە كوڕ و كچ دەگرێتەخۆ. هەروەك خودای مەزن دەفەرموێت: (وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ). الأنفال: ٢٨. (إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ ۚ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾)التغابن: ١٥. كەواتە كچیش پشكێكی لە واتای ئایەتەكە بەردەكەوێت، وەكچۆن كوڕیش بەدەر نییە لەم خیتابە گشتییە.

٢ـ لە ڕووی واتاوە (ئیبتیلا) جیاوازە لە (بەڵا)، هەروەك لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەمان بەمە داوە. خۆ پێغەمبەر نەیفەرمووە: کچ بەڵایە؛ بەڵکو فەرموویەتی وەکچۆن ماڵ و سامان مایەی تاقیکردنەوەن، منداڵیش هەروەها -جا کوڕە یاخود کچ-.

سەیر ئەوەیە زۆر کەس بە لایەوە ئاساییە خودا ماڵ و سامانی بە هۆکاری تاقیکرنەوە داناوە، بەڵام بەلایەوە نامۆ و نائاساییە کچ مایەی تاقیکردنەوە و ئیبتیلا بێت؛ لە کاتێکدا خوای گەورە هەمیشە خۆشەویستەکانی تووشی تاقیکردنەوە دەکات، وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: «إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ»[١].

٣ـ ئەو جۆرە دەربڕینەی پێغەمبەر (دوردی خوای لەسەر بێت) بە هەمان ئاستی زمان و ئاوەزی خەڵکانی ئەو سەردەمە بووە -کە بە لایانەوە کچ مایەی نەگبەتی و نەنگی بووە- بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێبگەن؛ چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وتارەکانی پێغەمبەر ئەوە بووە بە گوێرەی ئاستی بەرامبەر دواوە، هەروەك پێشەوا (نەوەوی) دەفەرموێت: ((إِنَّمَا سَمَّاهُ اِبْتِلَاء لِأَنَّ النَّاس يَكْرَهُونَهُنَّ فِي الْعَادَة، وَقَالَ اللَّه تَعَالَى: (وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾)النحل: ٥٨))[٢].

٤ـ چەندین فەرموودە باس لە فەزڵی کچ و پاداشتی جوان پەروەردەکردنیان دەکەن، کە ئەو فەزڵ و پاداشتە لە کوڕدا نییە. وەك لەم چەند فەرموودەیەدا هاتووە:

أ ـ «عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: مَنْ كَانَتْ لَهُ أُنْثَى فَلَمْ يَئِدْهَا وَلَمْ يُهِنْهَا وَلَمْ يُؤْثِرْ وَلَدَهُ عَلَيْهَا - قَالَ: يَعْنِي الذُّكُورَ - أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ»[٣].

ب ـ «عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ. وَضَمَّ أَصَابِعَهُ»[٤].

ج ـ «عن أبي سعيد الخدري قال: قال رسول الله صلى الله عليه و سلم: مَنْ كَانَ لَهُ ثَلَاثُ بَنَاتٍ أَوْ ثَلَاثُ أَخَوَاتٍ أَوِ ابْنَتَانِ أَوْ أُخْتَانِ فَأَحْسَنَ صُحْبَتَهُنَّ وَاتَّقَى اللهَ فِيهِنَّ فَلَهُ الْجَنَّةُ»[٥].

د ـ «عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: مَنْ كَانَ لَهُ ثَلَاثُ بَنَاتٍ فَصَبَرَ عَلَى لَأْوَائِهِنَّ وَضَرَّائِهِنَّ وَسَرَّائِهِنَّ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ بِفَضْلِ رَحْمَتِهِ إِيَّاهُنَّ فَقَالَ رَجُلٌ أَوْ ثِنْتَانِ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ أَوْ ثِنْتَانِ فَقَالَ رَجُلٌ أَوْ وَاحِدَةٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ أَوْ وَاحِدَةٌ»[٦].

> **لە ڕووی مامەڵە و هەڵس و کەوتەوە پێغەمبەری خوا نموونەییترین و بە سۆزترین و نازهەڵگرترین باوک بووە بەرامبەر بە کچەکانی**

چوارەم: مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ کچەکانی:

لە ڕووی مامەڵە و هەڵس و کەوتەوە پێغەمبەری خوا نموونەییترین و بە سۆزترین و نازهەڵگرترین باوك بووە بەرامبەر بە کچەکانی، بیهێنە پێشچاوی خۆت: ئەو بەرامبەر نەیارە سەرسەخت و

دڵڕەقەکانیشی هەمیشە بە سۆز و میهرەبان بوو، ئەی بەرامبەر جەرگی خۆی چۆن بوو بێت، بە تایبەت بەرامبەر (فاتیمە)ی کچی، کە تەمەنی لە خوشکەکانی خۆی زیاتر ژیا و تاکە منداڵی بوو لە دوای پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد.

درێژە بەم باسە نادەین، بەڵکو تەنها (دوو) نمونە دەخەینە ڕوو، کە یەکێکیان یاوەری بەڕێز (میسوەر، خودا لێی ڕازی بێت) لە زمانی خۆشەویستەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: «إِنَّمَا فَاطِمَةُ بَضْعَةٌ مِنِّي يُرِيبُنِي مَا أَرَابَهَا ويُؤْذِينِي مَا آذَاهَا»[٧].. واتە: (فاتیمە) بەشێکە لە من، هەرچییەك ئەو بێزار و بێ تاقەت بکات منیش بێزار و بێ تاقەت دەکات، هەرچییەك ئەو ئازار بدات منیش ئازار دەدات.

هەروەها دایکمان عائیشە (خودا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: «وَكَانَتْ إِذَا دَخَلَتْ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَامَ إِلَيْهَا وَقَبَّلَهَا، وَأَجْلَسَهَا فِي مَجْلِسِهِ، وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ عَلَيْهَا قَامَتْ مِنْ مَجْلِسِهَا، فَقَبَّلَتْهُ وَأَجْلَسَتْهُ فِي مَجْلِسِهَا، فَلَمَّا مَرِضَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَتْ فَاطِمَةُ فَأَكَبَّتْ عَلَيْهِ وَقَبَّلَتْهُ ثُمَّ رَفَعَتْ رَأْسَهَا فَبَكَتْ، ثُمَّ أَكَبَّتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ رَفَعَتْ رَأْسَهَا فَضَحِكَتْ فَقُلْتُ: إِنْ كُنْتُ لَأَظُنُّ أَنَّ هَذِهِ مِنْ أَعْقَلِ النِّسَاءِ، فَإِذَا هِيَ مِنَ النِّسَاءِ، فَلَمَّا تُوُفِّيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْتُ: أَرَأَيْتِ حِينَ أَكْبَبْتِ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرَفَعْتِ رَأْسَكِ فَبَكَيْتِ، ثُمَّ أَكْبَبْتِ عَلَيْهِ فَرَفَعْتِ رَأْسَكِ فَضَحِكْتِ، مَا حَمَلَكِ عَلَى ذَلِكَ؟ قَالَتْ: أَخْبَرَنِي، تَعْنِي أَنَّهُ مَيِّتٌ مِنْ وَجَعِهِ هَذَا فَبَكَيْتُ، ثُمَّ أَخْبَرَنِي أَنِّي أَسْرَعُ أَهْلِ بَيْتِي لُحُوقًا بِهِ، فَذَلِكَ حِينَ ضَحِكْتُ»[٨].. واتە: هەرکاتێك (فاتیمە) دەهات بۆلای پێغەمبەر، لەبەری هەڵدەستا و -ناوچاوانی- ماچ دەکرد، وە لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستا و (فاتیمە)ی دەخستە سەری. بە هەمانشێوە هەرکاتێکیش پێغەمبەر بچوایە بۆ سەردانی (فاتیمە) لەبەری هەڵدەسا و باوکی (واتە: پێغەمبەر)ی ماچ دەکرد و دەیخستە جێگەکەی خۆی. کاتێك پێغەمبەری خوا نەخۆشکەوت و (فاتیمە) چوو بۆلای، گریا بەسەریدا و ماچی کرد، پاشان سەری بەرز کردەوە و گریا، دووبارە کەوتەوە بەسەر باوکیدا، بەڵام ئەمجارە کە سەری بەرز کردەوە پێکەنی. (عائیشە) دەڵێ: هەتا ئەو کاتە وامدەزانی (فاتیمە) یەکێکە لە ژنە ژیرەکان، وا بۆم دەرکەوت ئەویش وەکو هەر ژنێکی ئاسایی وایە! لە پاش وەفاتی پێغەمبەر پرسیارم لە (فاتیمە) کرد: هۆکار چی بوو جاری یەکەم سەرت بەرزکردەوە دەگریایت و جاری دووەم پێدەکەنیت؟ فەرمووی: یەکەم جار کە سەرم بەرز کردەوە و گریام، هەواڵی ئەوەی پێدام بەم نەخۆشییەوە وەفات دەکات، منیش گریام. جاری دووەم کە سەرم بەرز کردەوە و پێکەنیم هەواڵی ئەوەی پێدام کە من لە دوای خۆی یەکەم کەسم لە خانەوادەکەی پێی شاد دەبمەوە بۆیە پێکەنیم.

بیهێنە پێشچاوی خۆت باوك و کچێك ئەوەندە نێوانیان خۆش و پڕ هەست و سۆز بووە، کچەکە دڵخۆش بووە بە مردنی خۆی لە پێناو گەیشتن بە باوکی!! پاشان بیهێنە بەر خەیاڵی خۆت ئەبێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) چەند کچەکەی خۆشویستووە وا هەمیشە لەبەری هەستاوەتەوە و ناوچاوانی ماچ کردووە و خستوویەتییە شوێنەکەی خۆی !! ئەبێ چەندە خەمبار و ناڕەحەت بووبێ لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی نەیتوانیبێ لەبەر کچە تاقانەکەی هەستێتەوە!!

هەر بۆیە لە خۆشەویستی بۆ (فاتیمە)ی کچی، کچەزاکانیشی کە حەزرەتی (حەسەن و حسەین) بوون، وەکو کوڕی خۆی دایدەنان و ناوی دەبردن، وەك لە چەندین فەرموودەدا هاتووە، دەیفەرموو: «ابنی هذا ..».

پێنجەم: کوڕ و کچ لە تەرازووی قورئانی پیرۆزدا:

هەندێ کەس تێگەییشتنیان بۆ چەند ئایەتێك هەمان تێگەیشتن و تێڕوانینی فەرموودەکەی سەرەوەیە، هەر بۆیە دەڵێن: وەکچۆن لە فەرموودەکەدا کچ بە مایەی تاقیکردنەوە هاتووە، لەم (دوو) ئایەتەشدا کوڕ وەکو زینەتی دونیا ناوی هاتووە، لە کاتێکدا کچ ئەو تایبەتمەندییەی پێ نەدراوە.

خوای گەورە لە (دوو) شوێنی قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەی کردووە کوڕ (زینەت) و جوانی دونیانە، وەك دەفەرمویت: (زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ ﴿١٤﴾) ال عمران: ١٤. (الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾) الكهف: ٤٦.

ئێمەیش لە وەڵامدا دەڵێین:

١ـ خوای گەورە لە هەمان ئایەتدا باسی کچی باشتر و چاکتر لە کوڕ کردووە، وەك دەفەرمویت: (الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ۖ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾) الكهف: ٤٦. بەمەبەست لە الباقيات الصالحات هەروەك پێشەوا (قورتوبی) فەرموویەتی: ((يعنى البنات الصالحات هن عند الله لآبائهن خير ثوابا))(٩). واتە: کچی باش لەلای خودا کەڵکی باشی بۆ باوك هەیە و پاداشتی چاکی لەسەر وەردەگرێت.

٢ـ ڕاستە کوڕ زینەتە بۆ دونیا، بەڵام کچ زینەتە بۆ قیامەت و مایەی سەربەرزی و بەختیاری دایبابێتی؛ چونکە لە قیامەتدا کچ کەڵکی زۆری هەیە و تکا بۆ باوك و دایکی دەکات، بەڵام کوڕ تەبەڕای لێ دەکرێت. وەك خوای گەورە دەفەرمویت: (يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾) الشعراء: ٨٨. هەروەها دەفەرمویت: (وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾) عبس: ٣٦.

سەرنج بدەین لێرەدا خوای گەورە نافەرمویت: دایباب لە کچەکانی ڕا دەکات، بەڵکو دەفەرمویت: لە کوڕەکانی ڕا دەکات. بەمەیش جیاوازی نێوان کوڕ و کچ دەردەکەوێت، کە کوڕ بۆ دنیا زینەتە، بەڵام کچ بۆ قیامەت، ئاشکرایشە لە نێوان دونیا و قیامەتا کامیان بە کەڵکتر و خێرداترن!

> **پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر) کاتێک داوای منداڵیان لە خودا کردووە، هەرگیز داوای کوڕیان نەکردووە؛ بەڵکو بۆ منداڵی پەسەند و ڕوو لە خوا پاڕاونەتەوە، ئیدی کوڕە یاخود کچ.**

٣ـ خوای گەورە دەفەرمویت: (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ ﴿٤٩﴾) الشورى: ٤٩. خوای گەورە لەم ئایەتەدا کچی پێشخستووە بەسەر کوڕدا، دەبێ بپرسین: بۆ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە تەفسیری (ئالوسی) وەردەگرین، کە دەفەرمویت: ((وقيل: قدم الاناث توصية برعايتهن لضعفهن لا سيما وكانوا قريبى العهد بالوأد .. وقيل: لتعييب قلوب آبائهن لما فى تقديمن من التشريف لأنهن سبب لتكثير مخلوقاته تعالى. وقال الثعالبي: إنه إشارة إلى ما في تقدم

ولادتهن من اليمن حتى أن أول مولود ذكر يكون مشؤما فيقولون له بكر بكرين وعن قتادة من يمن المرأه تبكيرها بأنثى))[١٠]. واته: خوای گەورە کچانی لە پێشدا باس کردووە لەبەر ڕەچاوکردنی مافەکانیان، هەروەها وەك ڕێزێك بۆ باوکی کچ کە لەو ڕۆژگارەدا کچ وەك نەنگی تەماشا دەکرا. یاخود لەبەر ئەوە پێشیخستووە چونکە کچ مایەی فەڕ و پیتە بۆ دایبابی ..

لە کوردەواری خۆشمان گوتراوە: کوڕ نیعمەتە، کچ بەرەکەتە. دیارە نیعمەتیش لێپرسینەوەی لەسەرە، بەڵام بەرەکەت وا نییە؛ چونکە بەخششێکی خودایيە دەیدات بە هەر کەسێك لە هەر بوار و بابەتێکدا.

٣ـ لە ئایەتەکەدا وشەی کچ بە نەناسراو (نەکیرە) هاتووە و کوڕیش بە ناسراوی (مەعریفە)، ئەمەیش بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێز و شکۆی کچی لە خۆگرتووە، هەروەك پێشەوا (فەخری رازی) فەرمویەتی: ((واختلفوا فی سائر المواضع أن التنكير أفضل أم التعريف؟ فقيل التنكير أفضل، ويدل عليه وجوه))[١١].

٤ـ پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر) کاتێك داوای منداڵیان لە خودا کردووە، هەرگیز داوای کوڕیان نەکردووە؛ بەڵکو بۆ منداڵی پەسەند و ڕوو لە خوا پاڕاونەتەوە، ئیدی کوڕە یاخود کچ. هەروەك ئەمە نزای هەریەکە لە حەزرەتی (ئیبراهیم) و (زەکەریا) بووە، (سەلامی خوایان لەسەر بێت): (رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠٠﴾) الصافات: ١٠٠. (هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ ۖ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً ۖ إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ ﴿٣٨﴾) آل عمران: ٣٨.

پیاوچاکان کاتێك منداڵەکەیان کچ دەبوو بەوە دڵی خۆیان خۆش دەکرد کە پێغەمبەرانیش منداڵەکانیان بە زۆری کچ بوون، وەك پێشەوا (ئیبن قەیم) چەند نموونەیەکمان لەمبارەیەوە بۆ باس دەکات و دەفەرموێت: ((قال صالح بن أحمد: كان أبي إذا ولد له ابنة، يقول: الأنبياء كانوا آباء بنات. ويقول: قد جاء فی البنات ما قد علمت.وقال يعقوب بن بختان: ولد لی سبع بنات فكنت كلما ولد لي ابنة دخلت علي أحمد بن حنبل فيقول لي: يا أبا يوسف الأنبياء آباء بنات فكان يذهب قوله همي))[١٢].

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

(وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَىٰ) آل عمران: ٣٦. لە ڕاستیدا ئەم ئایەتەش ستەمی زۆری لێ کراوە و بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ کراوە، لە کاتێکدا واتا و مەبەستەکەی ڕوونە، خوای گەورە فەرموویەتی: نێرینە وەکو مێینە نییە، نەک مێینە وەکو نێرینە نییە. ”

پێغەمبەری ئازیزیش (سەلات و سەلامی خودای لەسەر) هەرکات گوێی لەو پاڕانەوە باوەی سەردەمی نەفامی بوایە کە لە کاتی زەماوەندا بۆ بوك و زاوایان دەکرد، خێرا بۆی ڕاست دەکردنەوە، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: «عَنْ يُونُسَ بْنِ عُبَيْدٍ، قَالَ: سَمِعْتُ الْحَسَنَ يَقُولُ: قَدِمَ عَقِيلُ بْنُ أَبِي طَالِبٍ الْبَصْرَةَ فَتَزَوَّجَ امْرَأَةً مِنْ بَنِي جُشَمٍ، فَقَالُوا لَهُ: بِالرِّفَاءِ وَالْبَنِينَ فَقَالَ: لاَ تَقُولُوا كَذَلِكَ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم نَهَى عَنْ ذَلِكَ وَأَمَرَنَا أَنْ نَقُولَ: بَارَكَ اللَّهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ»[١٣]. واتە: کاتێك (عەقیلی کوڕی عەباس) هات بۆ (بەصرە)، لەوێ ژنێکی لە (بەنو جوشەم) خواست، خەڵکی بۆ پیرۆزبایی پێیان دەیانگوت: بە خۆشیتان بێت بە هیوای

خستنەوەی کوڕ. پێغەمبەریش کە گوێی لەمە بوو فەرمووی: وا مەڵێن، بەڵکو بڵێن: لێت پیرۆز بێت خوای گەورە فەڕ و پیتی خۆی بەسەرتا بڕژێنێت.

٥ـ خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى آل عمران: **٣٦**. لە ڕاستیدا ئەم ئایەتەش ستەمی زۆری لێ کراوە و بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ کراوە، لە کاتێکدا واتا و مەبەستەکەی ڕوونە، خوای گەورە فەرموویەتی: نێرینە وەکو مێینە نییە، نەك مێینە وەکو نێرینە نییە.

دیارە ئایەتەکە قسەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام دروستتر ئەوەیە وەکچۆن خودا دایبەزاندووە هەر بەو چەشنە ڕێك و ڕاست ڕاڤە بکرێت و بەملاولادا نەبرێت

> **ئەگەر بڕیارە شەرعڕەو بین، با جیاوازی نەکەین لە نێوان منداڵەکانماندا، خۆ گەر کردمان بێگومان کچ لە پێشترە هەتا کوڕ ❝**

لە کۆتایدا ئەوەندە دەڵێم: کچ لە هەر دۆخێکدا و بە هەر نرخێك بێت، تەنانەت با هاوسەرەکەیشی ناڕازی بێت، ئامادەیە خزمەتی دایبابی بکات، بەڵام ئەوەی سەیرە دواتر ئەم کچە لە ماف و میراتی ماڵە باوانی بێبەش دەکرێت، لە کاتێکدا ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی زۆری هەڵگرتووە و خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش کردووە.

کەواتە ئەگەر بڕیارە شەرعڕەو بین، با جیاوازی نەکەین لە نێوان منداڵەکانماندا، خۆ گەر کردمان بێگومان کچ لە پێشترە هەتا کوڕ. وەك لەم فەرموودە شیرینەدا هاتووە: «عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: سَوُّوا بَيْنَ أَوْلَادِكُمْ فِي الْعَطِيَّةِ فَلَوْ كُنْتُ مُفَضِّلاً أَحَدًا لَفَضَّلْتُ النِّسَاءَ»[١٤]. واتە: لە بەخشینتان بە منداڵەکانتان یەکسانی پەیڕەو بکەن، خۆ گەر هاتبا و من جیاوازییەکم بکردایە، ئەوا بەشی کچانم زیاتر دەدا.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- رواه الترمذي، الرقم: ٢٣٩٦ – باب الصبر على البلاء، وابن ماجه، الرقم: ٤٠٣١ – باب الصبر على البلاء، وغيرهما.

٢ ـ شرح النووي على مسلم: ٨/ ٤٧٠.

٣- رواه أبوداود، الرقم: ٥١٤٨ - باب فِي فَضْلِ مَنْ عَالَ يَتَامَى، والبيهقي في الآداب، الرقم: ٢٤ – باب في رحمة الأولاد وتقبيلهم والإحسان إليهم، والحاكم، الرقم: ٧٣٤٨ – كتاب البر والصلة.

٤- رواه مسلم، الرقم: ٦٨٦٤ - باب فَضْلِ الإِحْسَانِ إِلَى الْبَنَاتِ.

٥- رواه الترمذي، الرقم: ١٩١٦ - باب ما جاء في النفقة على البنات والاخوات، وابن حبان، الرقم: ٤٤٦ - ذكر إيجاب الجنة لمن اتقى الله في الأخوات وأحسن صحبتهن.

٦- رواه أحمد، الرقم: ٨٤٠٦ – مسند أبي هريرة، وابن أبي شيبة، الرقم: ٢٥٤٤٠ – باب العطف على البنات.

٧- ـ رواه البخاري (واللفظ له)، الرقم: ٤٩٣٢ - بَاب ذَبِّ الرَّجُلِ عَنْ ابْنَتِهِ فِي الْغَيْرَةِ وَالْإِنْصَافِ، ومسلم، الرقم: ٦٤٦١ - باب فَضَائِلِ فَاطِمَةَ بِنْتِ النَّبِيِّ عَلَيْهَا الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ.

٨- رواه النسائي في الكبرى، الرقم: ٨٣١١ – باب مناقب فاطمة بنت رسول الله صلى الله عليه وسلم، وابن حبان، الرقم: ٩٦٥٣ – ذكر إخبار المصطفي فاطمةَ أنها أول لاحق به من أهله بعد وفاته.

٩- تفسير القرطبي: ١٠/ ٤١٥.

١٠- روح المعاني، الألوسي: ٢٥/ ٥٤.

١١- تفسير الفخر الرازي: ١٠/ ١٦٩.

١٢- تحفة المودود بأحكام المولود، ابن قيم الجوزية: ٢٦.

١٣- رواه النسائي في الكبرى، الرقم: ٥٥٦١ - كيف يدعى الدعاء للرجل إذا تزوج، وابن ماجه، الرقم: ١٩٠٦ – باب تهنئة النكاح، والبيهقي في الكبرى، الرقم: ١٤٢١٥ – باب ما يقال للمتزج.

١٤- رواه البيهقي في الكبرى، الرقم: ١٢٣٥٧ - باب السُّنَّةِ فِى التَّسْوِيَةِ بَيْنَ الأَوْلاَدِ فِى الْعَطِيَّةِ، والطبراني في الكبير، الرقم: ١١٩٩٧ – أحاديث عبد الله بن العباس بن عبد المطلب، والهيثمي، الرقم: ٦٧٥٩. قال ابن حجر في الفتح: أخرجه سعيد بن منصور والبيهقي من طريقه وإسناده حسن.

فەلسەفەی چەند ژنی لە دیدی د. موستەفا زەڵمی و سەرنجێك

خاوەنی ئیمتیاز

پرۆفایل:

لە شارۆچکەی وەرتێ سەر بە قەزاری ڕواندز لە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، بە کالۆریۆس لە کۆلێژی شەریعە و خوێندنی ئیسلامی/ زانکۆی دهۆك، ماستەر لە فەلسەفەی یاسا و ڕامیاری، ماستەر لە فەلسەفەی ئیسلامیی، دکتۆرا لە فەلسەفەی یاسا و ڕامیاری، ئەندامی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان، ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدڕاسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، سەرۆکی سەنتەری ئاینده بۆ لێکۆڵینەوە، خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری ئاینده.

لەم چەند لاپەڕەیەدا بە کورتی دیدی د.موستەفا زەڵمی بە ڕەحمەت بێت سەبارەت بە چەند ژنی دەخەمە ڕوو، پاشان ئاماژە بەو هەموارکردنە دەکەم کە بۆ یاسای باری کەسێتی ئەنجامدرا و ڕۆڵی ناوبراو لەم بارەوە.

زەڵمی لە کتێبی (فلسفة الشريعة)دا دوای ئەوەی باسی فەلسەفەی هاوسەرگیریی بە گشتی دەکات، دێتە سەر باسکردنی فەلسەفەی چەند ژنی (فلسفة تعدد الزوجات) و دەڵێت: مەبەستی سەرەکی لە هاوسەرگیریی تەنها تێرکردنی حەز و ویستە جنسییەکان نییە، لە سەر بنەمای ئەم واقیعە شەرعییە دەتوانین حیکمەت و فەلسەفەی ئەم چەند ژنی (تعدد)ە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگێڕینەوە:

١-هەندێ جار ژن تووشی ئەو شتانە دەبێت کە دەبنە ڕێگر لەوەی بە ئەرکە شەرعییەکانی خۆی هەستێت وەکو نەخۆشی و پیری و هاوشێوەیان، ئەو مێردە ساغ و تەندروستەیش کە بێبەشبوون لە ژیانی هاوسەریی پێ تەحەمول ناکرێت ئەگەر ڕێگەی پێنەدرێت هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی تردا بکات لەگەڵ مانەوەی هاوسەری پیشووی، ئەوا لەوانەیە ناچار بێت ژنە نەخۆشەکەی تەڵاق بدات بۆ ئەوەی دەرگای لەبەردەم ئاوەڵا بێت هاوسەرگیریی تازە ئەنجام بدات، ئەو کاتەش ژنی یەکەم تووشی کارەساتێکی تر دەبێت. بۆیە حیکمەتی خودایی ئەوە دەخوازێت کە پیاوەکە پارێزگاری لە ژنی یەکەم بکات و ئەویش ڕێگە بدات مێردەکەی ژنێکی تر بێنێت بە مەرجێك هاوسەرگیرییە نوێکە کاریگەری خراپی نەبێت لەسەر ئاسوودەیی و کەرامەتی ژنی یەکەم.

> **"خوای کاربەجێ لای زۆری چەند ژنی بە چوار هاوسەر دیاریکردووە لە پێناو دوورکەوتنەوە لەو زێدەڕۆییەی ناپەسندە لە ڕووی شەرع و عەقڵەوە،**

٢- هەندێ جار لەوانەیە ژنەکە تووشی نەزۆکی ببێت، ماڵ و منداڵیش لە جوانی و زینەتی ژیانی دنیان وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:(الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا)[1]، بۆیە لەبری لێکجیابوونەوە کە ڕقاویترین و ناشیرینترین حەڵاڵە لای خودا، ڕێگە ئەدرێت بە مێردەکە ژنێکی تر مارە بکات کە منداڵی ببێت و نەزۆك نەبێت، ئەگەر ئەوە نەسەلمابێت کە مێردەکەش نەزۆکە.

٣- لەوانەیە بازێ کات سروشتی کاری میردەکە یان ناوەندی کۆمەڵایەتی ئەو زیاتر لە ژنێك بخوازێت، هەروەك ئەم ڕاستییە لە ژیانی هۆزایەتی و لە کۆمەڵگەی بایەخدەر بە سامانی ئاژەڵی یان کشتوکاڵیدا دەبینین.

٤- لەوانەیە وا ڕێبکەوێت مێردەکە شزوزی جنسی هەبێت و ژنێکی بەش نەکات بە تایبەت ئەگەر ژنەکەی سووڕی مانگانەی هەبێت، کە لەو ماوەیەدا چوونە لای خێزان حەرامە لە پێناو پارێزگاریکردن لە تەندروستی ژن و مێرد، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ)[2]. بۆیە لەبری ئەوەی پیاوەکە تووشی هەڵە و لادانی جنسی ببێت کە زیان بە خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی دەگەیەنێت، خودا بۆی حەڵاڵ کردووە هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکی تردا بکات نەبادا بکەوێتە هەڵەوە.

5- هەندێ جار ژن لەوانەیە ئارەزووی کاری ژن و مێردایەتی کەم ببێت دوای منداڵ بوون، بەڵام

پیاوەکە لەسەر چالاکی و هێزی جنسی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بۆی هەیە هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنێکی تر لەبەر هەمان هۆی برگەی پێشوو بکات.

6- لە هەندێ حاڵەتدا ژمارەی پیاوان بە نیسبەت ژنانەوە کەمتر دەبن بەهۆی بارودۆخی شەڕ یان سروشتی ژینگە یان شتی تری لەمجۆرە، لەو کاتانەدا دادپەروەری ڕەوابوونی هاوسەرگیریی لەگەڵ زیاتر لە ژنێك دەخوازێت، بۆ ڕزگارکردنی ئەو بێوەژنانەی مێردەکانیان لە دەستداوە بە هۆی شەڕ و شۆڕ و هۆکاری ترەوە لە بێبەشبوون لە ژیانی هاوسەرێتی و ژن و مێردایەتی بە

ڕێگایەکی شەرعی و ڕێگە پێدراو لەبری لادانی جنسی ناشەرعی.

من لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا کە ئێستا ناوەکەیم لەبیر نەماوە وتارێکم لەبارەی کارەساتەکانی شەڕی دووەمی جیهانییەوە خوێندۆتەوە بە نیسبەت ژنانی ئەو وڵاتانەی بەشداریان لە شەڕەکەدا کردبوو کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی ملیۆنان پیاو و ژنەکانیان بێ سەرپەرشت و هاوبەشی ژیان مانەوە، بۆیە ژنە ئەڵمانی و ئینگلیزییەکان لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە داوایان کرد ڕێگە بە چەند ژنی بۆ یەک مێرد بدرێت، بە هەمانشێوەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا بڕیاری لێدراوە.

7- جاری وا هەیە پیاو بە هەر هۆکارێك بێت ژنەکەی تەڵاق دەدات و ژنێکی تر مارە دەکات، پاشان وای بە بەرژەوەندی ئەبینێت کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خێزانە پێشووە تەڵاقدراوەکەی دەستپێبکاتەوە، بۆیە دەیگێڕێتەوە لای خۆی بەبێ گرێبەستێکی نوێ ئەگەر تەڵاقەکە ڕەجعی بوو و عیددەکەی تەواو نەبوو، یان بە گرێبەستێکی نوێ ئەگەر تەڵاقەکە بائین بوو یاخود عیددەکەی تەواو بوو، جا ئەگەر ڕێگەی چەند ژنی پێنەدرێت ناچار دەبێت خێزانە نوێکەی تەڵاق بدات بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ژنە تەڵاقدراوەکەیدا دەست پێبکاتەوە.

٨- خوای کاربەجێ لای زۆری چەند ژنی بە چوار هاوسەر دیاریکردووە لە پێناو دوورکەوتنەوە لەو زێدەڕۆییەی ناپەسندە لە ڕووی شەرع و عەقڵەوە، چونکە ئەم مافە گەورەترین ژمارەیە کە دەکرێ لەگەڵیا دادپەروەری لە نێوان ژنەکاندا لە ڕووی ماف و پابەندییەکانەوە بەرجەستە بکرێت دوور لە ستەمی ماددی یان مەعنەوی دەرهەقیان.

٩- قورئان چەند ژنی پەیوەست کردووە بە بێوەژنان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیانەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:(وَءَاتُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰٓ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ وَلَا تَتَبَدَّلُواْ ٱلۡخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِۖ وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَهُمۡ إِلَىٰٓ أَمۡوَٰلِكُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبٗا كَبِيرٗا، وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ)[٣].

01- قورئانی پیرۆز فەرمانی بە کورتکردنەوە لە سەر یەك ژن کردووە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەگەر چەند ژنی سەری دەکێشا بۆ ستەمکردن لە ژنی پێشوو یان ژنی دواتر یان هەر دووکیان یاخود منداڵەکانیان، هەر وەك بە دەق لە ئایەتی:(فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً)[٤] دا هاتووە[٥].

> **ئەوەی جێی سەرنجە ئەو مەرجانەی لە هەموارەکەدا بۆ چەند ژنی دیاریکراون پێچەوانەن لەگەڵ ئەو مەرجانەی زەڵمی بە ڕەحمەت بێت خۆی باسی کردوون**

بەمشێوەیە د.موستەفا زەڵمی حیکمەت و فەلسەفەی چەند ژنی ڕوونکردۆتەوە و جەختی لە سەر کردۆتەوە، پاشان مەرجەکانی هاوسەرگیریی لەگەڵ زیاتر لە یەك ژن دیاریکردوون کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئەو پیاوەی پرۆسەی چەند ژنی ئەنجام دەدات توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێك بکات.

٢- عوزرێکی مەشڕوعی هەبێت کە ببێتە پاساو بۆ چەند ژنی.

٣- دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان ژنەکاندا جێبەجێ بکات[٦].

سەرنج..

پرسی چەند ژنی لە ماددەی (٣)ی یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) دا دەقنووس کراوە[٧]، بەڵام ئەو ماددەیە بە پێی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی(٢٠٠٨)کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە هەموار کراوەتەوە [٨]. د.موستەفا زەڵمی خۆی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات کە بۆ پێداچوونەوەی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی هەموارکراوی پەرلەمان لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٨) پێك دێت لە (١١) کەس، (٥) پیاو و (٦) ئافرەت.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەو مەرجانەی لە هەموارەکەدا بۆ چەند ژنی دیاریکراون پێچەوانەن لەگەڵ ئەو مەرجانەی زەڵمی بە ڕەحمەت بێت خۆی باسی کردوون، خۆی بەم شێوەیە باسی دەکات: یەکێك لە ئیشە گرنگەکانمان ئەوەبوو پێنج مەرجمان دانا بۆ فرەژنی و هەروەها سزامان دانا بۆ یەکێك کە ژنی دووهەم بێنێ و یەکێك لەو مەرجانەی تیا نەبێ. مەرجەکان ئەمانە بوون:

١-بەڵگەی پەسندکراوی هەبێ کە ژنی یەکەمی نەخۆش بێت بەجۆرێکی وا کە کەڵکی ژن و مێردایەتی نەمابێ.

٢-بوونی توانایەکی وا کە هەردوو ژنەکە ڕەزامەند بن لە سەر ژیانیان.

٣-بەڵێن بدا بە جێبەجێکردنی دادپەروەری لە نێوانیاندا بەبێ هیچ جیاوازیەك.

٤-ژنی یەکەم مەرجی نەکردبێ کە ژنی بەسەردا نەهێنرێ لە کاتی مارەکردندا.

٥-ژن هێنانەکە لە دادگا بێت.

پێچەوانەی ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەگەر یەکێك ژنی دووهەمی هێنا و یەکێك لەو مەرجانەی تیادا نەبوو، سزا دەدرێ بە بەندکردن لە شەش مانگەوە تا ساڵێك لەگەڵ پێدانی غەرامە بە بڕی (١٠) ملیۆن دیناری عێراقی

دیارە وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، پەرلەمان دوو خاڵیتریشی بۆ زیاد کردووە کە ئەوانیش: یەك، لەبەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم لەسەر ژنهێنانی دووەمی وەربگیرێ. دوو، نابێ دادوەر جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی لە بڕگەی (و)دا هاتوون ڕابگرێ (کە سزادانەکانە)[١].

لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، پڕۆژە یاسایەکی هەموارکردنم بۆ هەموارکردنی ئەو مادده و بڕگانەی یاسای ژمارە (١٥) ئامادە کرد، کە تیایدا مەرجەکانم سووک کردبوو، بە شێوەیەک هەموویان پێکەوە نەبن (کە تەعجیزین) و، ژنی بێوەژن و قەیرەشم تێدا هەڵاوێر کردبوون

چیم بە د. زەڵمی وت؟

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، پڕۆژە یاسایەکی هەموارکردنم بۆ هەموارکردنی ئەو مادده و بڕگانەی یاسای ژمارە (١٥) ئامادە کرد، کە تیایدا مەرجەکانم سووك کردبوو، بە شێوەیەك هەموویان پێکەوە نەبن (کە تەعجیزین) و، ژنی بێوەژن و قەیرەشم تێدا هەڵاوێر کردبوون، بۆ ڕاوێژکردن بە جەنابی د. موستەفا زەڵمی و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی ڕوویاندا بوو لە هەموارەکەدا، سەردانی بەڕێزیانم کرد و داوای هاوکاریم لێکرد، هەروەها پێم وت: ئەو هەموارە لە زۆر خاڵدا پێچەوانەی شەریعەتە و نەئەبوایە بەو شێوەیە هەموار کرابا و، جەنابیشتان کە سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوون لەگەڵ بەڕێزانی تردا ئۆباڵەکەی هەڵدەگرن، بۆیە باشترە تا لە ژیاندان هەڵەکە ڕاستبکەنەوە، ئەویش وتی: لە ڕاستیدا ئەو لیژنەیەی پێکهاتبوو، ئافرەتان تیایدا زاڵ بوون و زیاتر ئەوەی ئەوان ویستیان ئەوە دەرچوو، هەر چەندە ئەوەی ئێمە کردمان لە پەرلەمان بەو شێوەیە دەرنەچوو و زیاتر گۆڕیبوویان!

من ئێستاش داوا دەکەم یاسای ژمارە(١٥) بە تایبەت ماددەی سێیەمی هەموار بکرێتەوە و ئەو بەربەستانە لاببرێن لەبەردەم پرۆسەی چەند ژنی، ئەمەش لە پێناو کەمبوونەوە یان نەمانی دیاردەی قەیرەیی وگەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ نێوان هەردوو ڕەگەز

بەڵام دواتر هیچ ڕوونکردنەوەی نەدا و لە یادداشتەکانیشیا کارەکەی بە پەسند داوەتە قەڵەم، بە داخەوە پڕۆژەکەی ئێمەش لە پەرلەمان قبوڵ نەکرا.

من ئێستاش داوا دەکەم یاسای ژمارە(١٥) بە تایبەت ماددەی سێیەمی هەموار بکرێتەوە و ئەو بەربەستانە لاببرێن لەبەردەم پرۆسەی چەند ژنی، ئەمەش لە پێناو کەمبوونەوە یان نەمانی دیاردەی قەیرەیی وگەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ نێوان هەردوو ڕەگەز، ئەڵبەتە بە ڕەچاو کردنی ئەو مەرجانەی شەریعەتی ئیسلام دیاری کردوون، شاراوە نییە ڕێژەیەکی زۆری ژنانی بێ مێرد و تەمەن هەڵکشاو لە کوردستان هەن و ڕازین بە هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوی هاوسەردار، بۆ ئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لە چێژی خێزان و منداڵ، ئەوەتا لەم چوارچێوەیەدا بانکی ڕەشید لە سنووری حکومەتی فیدراڵیدا بڕیاری داوە بە پێدانی بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار بەو پیاوانەی کە ژنی دووەم دێنن بە تایبەت لە بەتەمەنەکان و بێوەژنان، **هەروەک دەزانین زۆربوونی منداڵ و وەچە وەک چەکێکی سیاسی و دیموگرافیش بەکار دێت بۆ زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان و ئێمەیش لە هەموو کات زیاتر ئاتاجین پێی.**

سەرچاوە و پەراوێز:

١- سورەتی کەهف، ئایەتی ٤٦.

٢- سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٢٢٢.

٣- سورەتی نیساء، ئایەتەکانی ٢-٣.

٤- سورەتی نیساء، ئایەتی ٣.

٥- د. مصطفى ابراهيم الزلمي، فلسفة الشريعة، ط٢، مكتب التفسير، اربيل، ١٤٣٥هـ - ٢٠١٤م، ل ٨٦- ٨٩.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

٧- قانون الأحوال الشخصية رقم ١٨٨ لسنة ١٩٥٩، المادة الثالثة، الفصل الأول من الباب الأول (الزواج والخطبة).

٨- بڕوانە بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پەرلەمانی کوردستان.

٩- د.موستەفا ئیبراهیم زەڵمی، کاروانی ژیانم، چاپی سێیەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ١٤٣٩ك – ٢٠١٨ز، ل ٧٧٥.

١٠- بڕوانە خاڵەکانی (أ ، ز) لە بڕگەی دووەمی ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پەرلەمانی کوردستان.

بابەتی گشتی

حکومەتی هەرێم و ئایندەی کۆمەڵگەی کوردی

د. کەریم ئەحمەد

پڕۆفایل:

دکتۆر کەریم ئەحمەد لەدایکبووی ١٩٥٩خەڵکی دووزخورماتوو، پزیشکی پسپۆری منالان، توێژەر لەبواری فیکری ئیسلامیی، دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری تیشك و زەهاوی و ژیار و بانگخوازان. خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە و لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا نووسینی هەیە.

گومانی تێدا نییە هەر کۆمەڵگەیەو تایبەتمەندی خۆی هەیە و کێشە و گرفتی تایبەتی خۆی هەیە، تایبەتمەندییەکەش بەڕادەیەکە هەندێك شت کە بۆ هەندێك شوێن پێویست و بەسوودە بۆ هەندێك شوێنی تر زیانبەخش دەبێت. بۆیە پێویست دەکات دەسەڵاتداران و زانایان و بیرمەندان و ڕۆشنفکرانی میللەتان ئەو تایبەتمەندییانە لەبەرچاو بگرن و بە پێی ئەوانە هەنگاو هەڵگرن. میللەتی کوردیش لەبەر ئەوەی میللەتێکی سەربەخۆ نییە و حکومەتێکی سەربەخۆی نییە و کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆی نییە، بە حکومەتی هەرێمیشەوە، کۆمەڵێك کێشەی تایبەتی بۆ دروست بووە و کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە دەبێ ڕەچاو بکرێت و هەندێك شت کەبۆ شوێنی تر ئاساییە یان سوود بەخشە بۆ کورد ئاسایی نییە و زیانبەخشیشە. بۆ نموونە: کەم و زۆری ڕێژەی دانیشتوان بەبەراورد بە داهاتی وڵات، لەهەندێ وڵاتدا کە سەربەخۆن و خاوەنی کیانی خۆیانن و ڕێژەی دانیشتوانیان ئێجگار زۆرە و داهاتی وڵاتیش لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان کەمە شتێکی ئاساییە ئەگەر حکومەت هانی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی منداڵبوون بدات، بەڵام لە شوێنێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عێراق و سیستمی دەسەڵات تێیدا تەوافوقییە و ڕێژەی پێکهاتە جیاوازەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان و پاشان لە ژمارە و گرنگی پۆستە حکومییەکان ڕێگریکردن لە منداڵبوون و بچوککردنەوەی خێزانەکان زیانی زۆر بە کورد دەگەیەنێت بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بزانین کە پێکهاتەکانی تر هەمان کار ناکەن یان بە پێچەوانەوە پێچەوانەکەی دەکەن. بەکورتی هەموو تایبەتمەندییەکانی کورد لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کیان و قەوارەی سەربەخۆمان نییە، ئەمیش ئەوە دەخوازێت کار لەسەر هەموو ئەو هۆکارانە بکرێت کە دەبنە مایەی یەکڕیزی و تۆکمەیی میللەت و سەقامگیری کۆمەڵگەو پتەوی خێزان و دەسگرتن بەبەها باڵاکان و داب و نەریتە تایبەتەکانی میللەتەوە. وەکو ئاشکرایە یەکێك لە هۆکارەکانی یەکڕیزی هەر میللەتێك یان قەوارەیەك یەك ئاینی و یەك مەزهەبی و یەك نەتەوەیی و یەك زمانییە بەتایبەت ئەگەر ئەو میللەتە ژێر دەستە بێت و بیەوێت خۆی لە ژێردەستەیی ڕزگار بکات. لەو حاڵەتانەشدا یەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانی بەرپرسان یا سەرکردەکانی ئەو میللەتە ژێر دەستەیە ئەوەیە ئیش لەسەر تۆکمەکردنی هۆیەکانی یەکڕیزی و یەك ئامانجی و تایبەتمەندییەکانی میللەت بکەن بۆ ئەوەی لە توانەوەی ناسنامە و کەسایەتییەکەی بیپارێزن، بەڵام با بزانین لە کوردستاندا چەند ئیش لەسەر ئەم شتانە کراوە و حکومەتی هەرێم چ ستراتیژییەتێکی هەبووە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە: ئەبێ بڵێین بەداخەوە ئەوەی چاودێریی ئەدای حکومەتی هەرێم بکات لە کوردستاندا بە ئاسانی ئەوە بەدیدەکات کە هیچ پلانێك نییە لە ئارادا بۆ پاراستنی هۆکارەکانی یەکڕیزی و تۆکمەیی و تایبەتمەندی میللەتی کورد و هیچ ستراتیژییەتێك لەو ڕووەوە لە ئارادا نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو هەنگاوەکان بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی و لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دەنرێت وەکو ئەوەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە هاتبن جا ئیتر فەڕزکرابێت لەسەریان و بە ئاگادارییەوە دەیکەن یان لەنەزانییان خراونەتە ناو پرۆسەیەکی لەو شێوەیە ئەوە خوا و خۆیان دەیزانن!

ڕێگریکردن لە منداڵبوون و بچوککردنەوەی خێزانەکان زیانی زۆر بە کورد دەگەیەنێت بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بزانین کە پێکهاتەکانی تر هەمان کار ناکەن یان بە پێچەوانەوە پێچەوانەکەی دەکەن

ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ئەگوزەرێ نەك هەر بەڵگەیە لەسەر خەمساردی بەرپرسان بەڵکو هەندێکجار گومانت لا دروست دەبێت کە بەدەستی ئەنقەست ئەو کارانە بکەن و وەکو ئەوەی ئەوە بەشێك بێت لەو ئەجێندایانەی کە دەبێ جێبەجێی بکەن یان فەرزکرابێت بەسەریاندا لەبەرامبەر مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. ئێمە دەزانین رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ئەمڕۆ ئەجێنداو تێڕوانین و بەهای تایبەتی خۆیان هەیە و دەیانەوێت لە رێگەی عەولەمەو سندوقی قەرزی نێو دەوڵەتی و چەندین کەناڵی تری فشارەوە فەرزی بکەن بەسەر دونیادا بەگشتی و بەسەر جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەتی.

کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران چەندین پەیامی تێدایە بۆ حکومەتی هەرێم و دەیان مەترسی ئایندەیی تێدایە بەڵام حکومەت هیچ باکی نییە و هەرخۆیشی ناکاتە خاوەنی!

هەستی نەتەوایەتی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتییە تێیاندا یان ئەجێندایەکە و فەرزکراوە بەسەریاندا و توانای بەرهەڵستیکردنیان نییە و دەبێ ئەنجامی بدەن ئەگینا چ حکومەتێك هەیە ئاوها بێباك بێت لە بەرامبەر ئەو هەموو کێشانەی ڕوو لە میللەت دەکەن لە نەبوونی و بێکاری بەتایبەت لەناو گەنجاندا و بەتایبەتریش لەناو چینی خوێندەوار و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکاندا، ئەم بێکارییەی کە دەیان کێشەی تری لێ دروست دەبێت لە ڕوو کردنە هەندەران و ماددەی هۆشبەر و تاوان و نەخۆشی دەروونی و بێ ئومێدی لەناو گەنجاندا و هەستکردن بە مەزلومییەت و ماف خوراوی و لە ئەنجامیشدا لاوازبوونی هەستی ئینتما بۆ خاك و وڵات و نەتەوە و نیشتمان! کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران چەندین پەیامی تێدایە بۆ حکومەتی هەرێم و دەیان مەترسی ئایندەیی تێدایە بەڵام حکومەت هیچ باکی نییە و هەرخۆیشی ناکاتە خاوەنی! کۆچکردنی هەر گەنجێك واتە مانەوەی کچێك بێ زەواج، واتە زیادبوونی قەیرەیی بە خۆی و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیەوە و، کەم بوونەوەی زەواجیش واتە کەم بوونی ڕێژەی زیادبوونی کورد لە چاو پێکهاتەکانی تری عێراق. هەروەها پشت هەڵکردنی گەنجان لە زەواج و زیادبوونی ڕێژەی لەیەکجیابوونەوە هەڵوەشانەوەی خێزانەکان کە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی تری بەدواوەیە بەڵام هەست ناکەیت بەرپرسانی دەوڵەت بەتەنگییەوە بن و هیچ خەمێکی بخۆن وەك ئەوەی مێشیش میوانیان نەبێت! لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم شتە کەمبوونەوەی ژمارەی کورد لە ئایندەدا لەچاو پێکهاتەکانی تر و بڵاوبوونەوەی تاوان و منداڵی بێ سەرپەرشتیار و فەسادی ئەخلاقی و هتد. یەکێکی تر لەو شتانەی بەرپرسانی هەرێم بە خەمساردییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن یا بگرە بەدەستی ئەنقەست دەیکەن ئەو ئاسانکارییەیە کە بۆ موژدەدەرانی ئاین و مەزهەبەکانی تر دەکرێت لە کوردستاندا لە زەردەشتییەت و مەسیحییەت و شیعەگەرێتی و هتد ئەمانەش هۆکارێکی سەرەکین بۆ پەرتەوازەیی و شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی و لێکترازانی کۆمەڵگە و کەمەنکێشکردنی دەستی دەوڵەتانی بێگانە بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ ناو کوردستان.

یەکێک لەو شتانەی کە جێی سەرنج و سەرسوڕمانە هاندانی خوێندنە بە زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی سەرەتاییەوە، ئەو زمانە کوردییەی کە شاعیرەکان خەویان دەبینی بەوەی ڕۆژێک بێت منداڵی کورد بتوانێ پێی بنوسێ و بخوێنێ و حزبە سیاسییە کوردییەکان شەڕیان لەسەر دەکرد ئێستا بەدەستی خۆمان سوک و بێبایەخی دەکەین

